## ئەنتۆن چیخۆف

# ژوری ژماره شەش

و: ئازاد نەجم

٢٠١٢

ناوی کتێب : ژووری ژماره شەش .

بابەت : نۆڤلێت .

نوسەر : ئەنتۆن چیخۆف .

وەرگێڕ : ئازاد نجم .

پیت چنین : ئازاد نجم.

نەخشەسازی بەرگ : عومەری گەشبین .

نەخشەسازی ناوەرۆك : دیاری علی

تیراژ : ٥٠٠ دانه

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی سەنتەری ڕۆشنبیری ئاسۆس لە ڕانیە چاپ کراوە .

## وتەیەك

ڕووداوەکانی نێو ژووری ژماره شەش نەخۆشخانەی شارۆچکەیەکە و یان وردتر بڵێین بەش یان ژوری ژماره شەشە کە تایبەتە بە حەواندنەوە و چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە و کۆمەڵگا ئامادەیی ئەوەی تێدا نیە بەخۆیان بگرێ و بەدروستی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکات وە بە بەراورد بە کۆمەڵگا دەبینین لە ژوری ژماره شەشدا – کە بەشێکی تایبەت بە چارەسەر و حەواندنەوەی دەروننەخۆشەکانە – ڕەفتار و مامڵەیەکی زۆر نادروستتر و نامرۆڤانەتریان لەگەڵدا دەکرێ ... هەر لە خراپی و کەمی خۆراکەوە بگرە تا پیس و پۆخڵی نێو بەشەکە و پشتگوی خستنی چارەسەرکردنیان و لێدان و تێهەڵدانی پاسەوانی بەشەکە و هتد ...

ژوری ژماره شەش یەکێکە لە شاکارە جوانەکانی چیخۆف کە مرۆڤ تێیدا دادەمێنی و ناتوانێ مرۆڤێك کە لای هەموان بە شێت دەناسرێ ئەو بە شێتی بداتە قەڵەم ، وە هەروەها بەپێچەوانەشەوە .

چیخۆف لەم شاکارەیدا زۆر پرسیاری ورووژاندون ، زۆر کار و کردوەی ناپەسند و نەشیاوی مرۆڤەکانی وەك زۆر بڵێیی ، خۆنزیك خستنەوە ، دزی و گەندەڵی کارمەندانی دەوڵەت ، کەمتەرخەمی دەوڵەت لە ئاست کەسانێك کە نەخۆشیی دەروونییان هەیە ، دڵڕەقی و بەبەردبونی ناخی مرۆڤەکان و پاشقول گرتنی دۆستانە و چەندانی تری خستۆتە ژێر پرسیارەوە و شەرمەزاری کردون.

مرۆڤ کاتێ ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە بە شێوەیەکی زۆر سانا و سادەتر لە گرفتی ئەو کەسانە دەگات کە نەخۆشی دەرونیان هەیە و باشتر پەی بە کێشە و گرفتاریەکانی ژیانیان دەبات.

خوێنەری بەڕێز ! هەست دەکەم چیخۆف لەم بەرهەمەیدا کۆمەڵێك پرسیاری قوت کردونەتەوە کە من توانای شیکردنەوە و ڕاڤەکردنێکی دروست لە خۆمدا شك نابەم ، بۆیە باشتروایە خۆت بکەویتە خوێندنەوەی و دەسکەوتنی وەڵامەکانیان.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم زۆر زۆر سوپاسی هاوڕێی بەڕێزم کاك سوپا شێخبزێنی بکەم کە دوای وەرگێڕانی کتێبەکە لە فارسیەوە لەگەڵ دەقە عەرەبیە وەرگێڕدراوەکەی د.ئەبوبەکر یوسف دا بەراوردی کرد و بە تێبینی و سەرنجەکانی خۆی ئەم وەرگێڕانەی دەوڵەمەندتر کرد و زۆر سوپاسی دەکەم. وەهەروەها زۆر سوپاسی (سەنتەری رۆشنبیری ئاسۆس) دەکەم کە ئەرکی چاپکردنی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆ ، هیوادارم تۆی خوێنەری بەڕێزیش بەدڵفراوانیەوە لەهەڵە و کەموکوڕیەکانمان ببوریت.

ئازاد نەجم

٢٣- ٧-٢٠١٢ ڕانیە

# ژوری ژماره شەش

## ١

لـــە نێـــو چـــوار دیـــواری حەوشـــەی نەخۆشـــخانەکەدا و بەتەنیشـــت نەخۆشخانەکەوە ، بینایەکی بچوك هەیە کە بنچکە گیا و دڕکە شەکەرۆك و شادانەی کێوی ، چواردەوریان داپۆشیوە. شێروانیەکەی ژەنگی هەڵێناوە و دوکەڵکێشەکانی نیمچە وێران و پلیکانەکانی بەردەرگای چونەژورەوەشی بە بنچکە گیا و هەرزن داپۆشراوە. جگە لەپەڵەیەکی بچکۆلە ، شوێنەوارێك لەو مادەیە نەماوە کە کاتی خۆی ڕوپۆشەکەی پێکراوە. ڕوی پشتەوەشی لەدەشتێکە کە بە هۆی قاڵدرمەیەکی ڕەنگ خۆڵەمێشی و بزماردارەوە لەحەوشەی نەخۆشخانەکە جیابۆتەوە.
بزمارەکان نوکیان تیژە و نوکە تیژەکانیان ڕویان لە ئاسمانە و قاڵدرمەکە و خودی بینایەکەی تەنیشتیشی چەشنی سەرجەم بەندیخانە و نەخۆشخانەکانی تری سەرتاسەری ولآت ، هەمان دیمەنی دڵهەژێن و نەفرەتلێکراویان هەیە.

ئەگەر ترست لە درك ودالّ نیە و دەتوانی بەو باریکە ڕێگایەدا بڕۆیت کە بەرەو بیناکە دەچێت ، ئەوا وەرە با پێکەوە بچین و بزانین لەنێو چواردیواری ئەو بینایەدا چ دەگوزەرێ؟

هەرکە لە دەرگاوە دەچیتە ژورێ ، دەچیتە نێو ڕاڕەوێکەوە. لێرەدا ، لەپەنا دیوارەکان و زۆپاکە ، گردێك لە شڕ و شیتاڵی نەخۆشخانە ، بەسەریەکدا کەڵەکە کراون.

لێرەدا دۆشەك و سەرچەف داڕزیو و کراس و پانتۆڵی شینی خەت و پێڵاوی داڕزیو و بەکەڵك هیچ نەماو ، بە تێکەڵ و پێکەڵی بەسەر یەکدا کەڵەکە کراون و لەحاڵی داڕزیندان و بۆنێکی یەکجار هەراسانکەریان لێوە هەڵدەستێ.

نیکیتای پیرەسەربازی خانەنشین ، پاسەوانی ئێرەیە و بەخۆی و ( یراق )ە(*) داڕزیوەکانیەوە شەوو و ڕۆژ پاییێك بەلالێوەوە لەسەر ئەو شڕوشیتاڵانە ڕاکشاوە. ڕوخسارێکی گرژ و مۆن و ژاکاوی هەیە. لوتێکی سور و برژانگێکی پڕ و درێژ ، شکڵ و شێوەی سەگی مێگەلیان بە ڕوخساری بەخشیوە. بالآی بەرز نیە ، جەستەی لاواز و ماسولکەییە ، بەلاّم هەیکەلێکی پتەو و بەهێزی هەیە. لەپێڕی ئەو جۆرە مرۆڤە سادە و ساویلکانەیە کە زەبت و ڕەبت لەسەروی هەمو شتێکەوە دەبینن. لەولایەنەوە یەکلایی بونەتەوە و گەیشتونەتە ئەو ئاکامەی هەرکاتێ کەسێك لەو یاسایانەی کە بۆی دیاری کراوە قاچی خوار دابنێت بێ ئەملاو ئەولا بیدەنە بەر مست و شەق. ئیدی بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ کام لە ئەندامانی جەستە ، مست و شەقی خۆی دەوەشێنێ و دڵنیاشە لەگەڵ ئەو کەسانەی یاسا شکێنی دەکەن ، جگە لە بەکارهێنانی مست و شەق ، بەهیچ شێوازێکی تر هێوری و ئارامی دەستەبەر ناکرێ.

---

(*) یراق: واتا چەك و کەلوپەلی هاوشێوەی خەنجەر و شمشێر

دواتر دەچینە ژورێکی بەرین و گەورەوە ، کە ئەگەر ڕاڕەوەکەی لەگەڵدا ئەژمار نەکەین ئەوا تەواوی ڕووبەری بیناکەی داگیر کردوە. دیوارەکانی ڕەنگێکی شینی چڵکن و بۆریان هەیە ، ساپیتەکەشی بەوێنەی ساپیتەی کوختەخانوە کۆنەکان – کە زۆپای بێ دوکەڵکێشیان تێدا بەکار دەهێنا – دوکەڵی گرتوە و ڕەش داگەڕاوە.

ئیدی لەڕۆژانی وەرزی زستاندا کاتێ زۆپا لەم ژورانەدا دادەگیرسێنن دوکەڵ دەکات و کەشوهەوای ژورەکەش پڕ دەبێت لە غاز.

میلە ئاسنینەکان ، پەنجەرەکانیان لە ژورەوە دزێو و ناشیرن کردوە. زەوی دارینی ژورەکە خۆڵەمێشیە و پڕە لە درز و کەلێن. بۆنی بۆگەنی کەلەمشۆر و دوکەڵی چرا نەوتیەکە و مێش و مەگەز و ئامۆنیاك ، مرۆڤ هەراسان دەکات. بۆنەکەی بەشێوەیەکە مرۆڤ لەکاتی هاتوچۆدا واهەستدەکات خۆی کردوە بە باخچەی ئاژەڵاندا.

پێچکەی تەختەخەوەکان بە زەویدا چەقێنراون. چەند کەسێك کە کراسی شینی نەخۆشخانەیان لەبەر دایە و کڵاوی سەردەمی دەقنانوسیان لەسەر دایە ، لەسەر تەختەخەوەکانیان دانیشتون یان ڕاکشاون. ئەمانە شێتن. ژمارەیان پێنج کەسە. یەکێکیان نەبێ کە لە ڕەسەنزادانە ، ئەوانی تر هەمویان لە چینی ناوەندن.

لەسەر یەکەمین تەختەخەوێك – کە بە تەنیشت دەرگاکەوەیە – پیاوێکی باڵا بەرز و لاواز بە سمێڵێکی مەیلەوسوری بریقەدار و چاوانێکی فرمێسکاویەوە ، دانیشتوە و دەستی خستۆتە ژێر چەناگەی و چاوی بڕیوەتە خاڵێك ، شەو و ڕۆژ بیردەکاتەوە و خەفەت دەخوات و سەر بادەدات ، ئاخ هەڵدەکێشێ و پێکەنینێکی تاڵ ، پێدەکەنێ. بەدەگمەن نەبێ بەشداری گفتوگۆی

هاوژورەکـانی ناکـات و وەلاّمـی پرسیارەکانیشـیان ناداتـەوە. ئـەو خـواردن و خواردنەوانەی وەریان دەگریٚ ، بەبیٚ ئاگاییەوە دەیانخوات و کۆخینـە کـورت و تاقـەت پـڕوکێن و گۆنـا بەقولّداچـوو و سـوور هەلّگـەڕاوەکانی ، گوزارشـت لـە سەرەتای تووشبون بە نەخۆشی سیل دەکەن.

یەکێکی تری نێو ژورەکە پیرەمێردێکی چوست و چالاکە کە ڕیشێکی نوك تیژی ڕەشی چەشنی موی ڕەشپێستەکانی هەیە. ڕۆژانە بە نێو ژورەکەدا لـە بـەردەم پەنجەرەیەکەوە بۆ بەردەم پەنجەرەیەکی تر دێت و دەچیٚ. یان لەسەر جێگا خەوەکەی چەشنی تورکەکان چوارمشقی دادەنیشیٚ و بە بیٚ ئارامیەوە چەشنی گڤـەی زریـان و بـەفر ، فیکـە لێـدەدات و لەبەرخۆیـەوە گـۆرانی دەلّێـت و پێدەکەنیٚ.

شەوانە ، ئەو کاتانەی بە مەبەسـتی نـزا وپاڕانـەوە لـە دەرگـای خـودا لـە خـەو هەلّدەستیٚ – واتا بە مست بکەوێتە وێزەی سینگی خـۆی و بەتونـدی پەنجـەی بگوشیٚ بە دەرگای ژورەکـەدا وەك ئـەوەی بیـەویٚ دەرگاکـە کـون بکـات – بـە هەمان ئەندازەی ڕۆژ ، خۆشحالّیەکی سەیر و مندالاّنە بالّی بەسەردا دەکێشیٚ.

ئەم یەهودیە شێتێکە بەناوی ( مویسیکا ) و نزیکەی بیسـت سـالّێك لەوەوبـەر کاتیٚ کارخانەی کلاّو چنینەکەی ئاگری گـرت لـە خەفـەتان ئـەقلّ و ئـاوەزی لـە دەست دا.

لەنێو هەمو ئەم شێتانەدا ، یان بەواتایەکی تر لەنێو هەمو نیشتەجێیەکانی ئەم بینایەدا تەنیا ئەو مۆلّەتی ئەوەی دراوەتیٚ سنوری دەرگای حەوشـە ببـەزێنیٚ و بچێتە دەریٚ و بەنێو کوچە و کۆلاّنەکانی شاردا بگەڕیٚ.

ئەویش لەوانەیە لەبەر ئەو هۆیە بێـت کـە لەمێـژ سـالّە وەك شـێتێکی بێـوەی و بێگرفت لەم نەخۆشـخانەیەدایە و گالّتەجاڕێکـە لەمێـژە خـەلّکی شـار بـەبینینی

لـەنێو گـەمارۆی سـەگەل و منداڵـە وردکانـدا ڕاهـاتون. سـاڵیانی سـاڵە لـە ئیمتیازێکی لەو چەشنە بەهرەمەندە.

بە کراسە کورت و کڵاوە پێکەنیناویەکەی و پـێڵاوە سـەرپێییەکانی و هەنـدێك جـاریش بـە پێخواسـی و تەنانـەت بـەبێ پـانتۆڵیش بـەنێو کوچـە و کۆڵانانـدا بسوڕێتەوە. لەبەردەم هەمو و ماڵ و دوکانێکدا ڕادەوەسـتێ و سـواڵ دەکـات و دەپاڕێتــەوە. لەهەنـدێك شــوێن (کڤــاس)[*] ی دەدەنــێ و لەهەنـدێك شــوێن پارچـەیەك نـان و لەهەنـدێك شـوێنیش یـەك دو کـۆبیکی دەدەنـێ. ئیـدی وەك هەمیشە و بەرەواڵی خۆی ، بەویەڕی تێروپڕیەوە دەگەڕێتەوە نەخۆشخانە.

بەڵام نیکیتای پاسەوان هەر لەبەردەرگاوە بەڕقـەوە گیرفانـەکانی دەپشـکنێ و دەسـت بەسـەر کەلوپەلەکانیـدا دەگـرێ و بـۆ خـۆی گلیـان دەداتـەوە. هـەمو جارێکیش سوێند بە پیر و پێغەمبەر دەخوات کە جارێکی تر ڕێگا بەو یەهودیـە شێتە نادا قاچی لەودیو دەرگا بترازێـنێ و بچـێتە دەرێ. ناخۆشـترین شـت لـە ژیاندا بێسەرەوبەرەیی و بەرەڵڵاییە.

مویسیکا حەزی لـە خزمـەتکردنی خـەڵکیی هەیـە. ئـاو دەداتـە هاوژورەکـانی ، کاتێ دەنون دەچێتە دیاریان و بە بەتانیەکانیان دایان دەپۆشێتەوە. بـەڵێنیان پێ دەدا هەرکاتێ لە گەڕانی کوچە و کۆڵانان هاتەوە سەرو کۆبیکێکیـان بـداتێ و سەرو کڵاوێکی نوێشیان بۆ بدورێ. بەکەوچك خواردن دەکاتـە دەمـی کـابرای ئیفلیجی لای چەپی و ئەم کارەشـی لەبـەر دڵسـۆزی و مرۆڤایـەتیی نیـە بـەڵکو بەچـاولێکەری و پـەیرەوی لـەڕەفتاری نـائیرادی (گێرمـۆڤ) – هـاوژوری لای ڕاستی– ئەنجام دەدا.

---

[*] ساردەمەنیەکی بێ کحولە و لە نان و ئاو و جۆ دروست دەکرێت.

ئیڤـان دیمتریـچ گێرمـۆڤ ، پیـاوێکی تەمـەن نزیکـەی سـی و سـێ ساڵە و لـە خێزانێکی ڕەسەنزادە و کاتی خۆی کارمەندی جێبەجێکاری دادگا و هـەروەها کاتبی فەرمانگەی قایمقامیەت بو. هەمیشە واهەست دەکات چاودێری دەکەن و بەدوایەوەن. یان خۆی گرمۆڵە دەکات و لەگۆشەیەکی ژورەکە دەکـەوێ ، یـان بـە ئەمسـەر و ئەوسـەری ژورەکـەدا دێـت و دەچـێ. وەك ئـەوەی سـەرگەرمی گەشـت و گـەڕان بێـت بـەهیچ شـێوەیەك هـەدا نـادا ، بەدەگمـەن دادەنیشـێ. بەردەوام هەراسانە و ترسی لێ نیشتوە ، لـە چـاوەڕوانیی ڕودانـی کارەسـاتێك یان مەترسییەکدا ، نیگەرانە. کـەمێك خشەخشـی نێـو ڕاڕەوەکـە ، یـان هـاوار کردن و بانگ کردنێکی نێو حەوشەکە ، دەبێتە هۆکاری ئـەوەی یەکسـەر قـوت بێتەوە و گوێقولاغ ڕاوەسـتێت و بکەوێتـە دودڵـی و گومانـەوە : ( ناکا بـەدوای مندا هاتبن؟). لەوساتەشدا ڕق و نیگـەرانیی و ترسـێکی زۆر ، بەڕوخسـاریەوە بەدی دەکرێت.

ڕوخسارە بێ گۆشت و ڕەق و تەق و هەمیشە ڕەنگ پەڕیوو و کارەساتبارەکەیم کە ڕۆحی ڕەنج دیتوی پڕ لە هەوڵ و تەقەلا و چەوسانەوە و ترسی بەردەوام – وەك ئاوێنە تێیدا دیارە. دەکەوێتە بەر دڵ.

حاڵەتەلێکی سەرسوڕهێنەر و نەخۆشئاسایانەی هەیە. بـەلاّم گـنج و لۆچـەلێکی رون و جوان – کە لـە ڕەنـج و ئـازارێکی قـوڵ و ڕاسـتگۆیانەوە بەڕوخسـاریەوە نەخشی بەستووە – گوزارشت لە ئەقڵ و ئـاوەزی دەکـەن ، درەوشـانەوەیەکی گەرم بە چاوەکانیەوە دیارە.

جگە لە نیکیتـای پاسـەوان ، لەگـەڵ هـەمو کەسـێکی تـردا بـەڕێز و گونجاوو و ئامادەی هاوکاری و خزمەتە. هەرکاتێ یەکێکیان دوگمەیەك یان کەوچکێکیان لـێ دەکەوێتـە خـوارێ ، ئـەم خێـرا لـە جێگاکـەی خـۆی هەڵدەسـتێ و بۆیـان

هەڵدەگرێتەوە و دەیداتەوە دەستیان. بەیانیان بەیانی باش لە هاوژورەکانی دەکات و شەوانەش بەر لە نوستن هیوای شەوێکی شادیان بۆ دەخوازێ و شەوباشیان لێدەکات. جگە لەم نیشانە و خۆنواندنانە ، شێتیەکەی بە زۆر نیشانە و ڕەفتاری تریشدا بەسانایی پێوە دیارە.

هەندێك جار ئێواران ڕوپۆشەکەی بەتوندی لەخۆیەوە دەپێچێ و لە حاڵێکدا کە سەرتاپای جەستەی دەلەرزێ و چەقە چەقی ددانیەتی ، بەخێرایی بەنێو ژورەکەدا و بەنێو جێگا خەوەکاندا دێت و دەچێت. لەم حاڵەتەدا مرۆڤ واهەست دەکات کە توشی لەرزوتایەکی قورس هاتوە. لە ڕاوەستانی کتوپڕ و ئەو نیگایانەی دەیگرێتە هاوژورەکانی ، مرۆڤ وا هەست دەکات هەواڵێکی گرینگی پێیە و دەیەوێ لە گەڵ هاوژورەکانیدا بیهێنێتە گوڕێ و باسی بکا ، بەڵام پاش کەمێك وەك ئەوەی گەیشتبێتە ئەو ئاکامەی کە ئەمان گرینگی بەقسەکانی نادەن ، یان لەوانەیە ئەقڵ و ئاوەزی تێگەیشتنی وتەکانی ئەویان نەبێ ، بەوپەڕی بێ حەوسەلەییەوە سەرێك ڕادەوەشێنێ و دەست بە هاتوچۆیەکەی خۆی دەکاتەوە. سەرباری ئەمەش مەیلی حەزکردن بە قسە ، بەسەر  بیرکردنەوە و بۆچونەکانی تریدا زاڵ دەبێت و بێ ئیختیار بە شۆڕ و شەوقێکی زۆرەوە دەست بەقسان دەکات.

قسەکانی لە قسەی کەسێکی ئاسایی ناچن ، قسەکانی چەشنی کەسێك کە وڕێنە بکات پچڕ پچڕن و مرۆڤ هیچیان لێ تێناگات. بەڵام لەبەرامبەردا ئەوپەڕی چاکە و خۆشەویستی بە ئاوازی دەنگیەوە دیارە.

کاتێ زار هەڵدێنێتەوە ، مرۆڤ لەیەك کات دا وێنەی شێتێك و کەسێکی هۆشیاری تێدا بەدی دەکات .

ڕاڤەی وتە شێتانەکانی کارێکی دژوار و ئەستەمە ، لەبارەی پیسیی و چەپەڵی مرۆڤ و ئەو دەسەڵاتدار و ستەمکارانەی کە حەقیقەت و دادپەروەری دەخەنە ژێر پێڵاوەکانیان و دەیپلیشێننەوە و لەبارەی ئەو ژیانە بێ ئەندازە جوان و خۆشەی کە لە ئایندەدا چاوەڕوان دەکرێت و لەبارەی میلە ئاسنینەکانی پەنجەرەکانەوە – کە سات بە سات دڵڕەقی و ستەمی زۆردارەکانی وڵات لە بیر و هزردا زیندوو دەکەنەوە – دەدوێ.

لە هەمو ئەمانە ، (پۆپۆری)(*) یەکی بێ نەزم و ناهاوسەنگ و تێکەڵ وپێکەڵ لە گۆرانیە کۆنەکان و ئەمانەی ئێستا و تا هەتایە نەوتراو ، دێتە بەرهەم.

---

(*) ( پۆپۆری) پارچە موزیکێکی پێکهاتو لە چەندین پارچە موزیکی ناسراو و بەناوبانگ . فەڕەنسی.

## ٢

نزیکەی دوانزە تا پانزە ساڵێك لەوەبەر کارمەندێکی گران و سەنگین بەنێوی (گێرمۆڤ) ، لە خانویەکی تایبەتیی خۆیدا – کە کەوتبوە سەر یەکێك لە شەقامە سەرەکیەکانی شارەوە – دەژیا. دو کوڕی هەبون بەنێوەکانی سێرگی و ئیڤان.

سێرگی ، لە پۆلی چوار گرفتاری نەخۆشیی کوشندەی سیل بو و گیانی لەدەستدا و مەرگی ئەویش دەتگوت سەرەتای زنجیرەیەك کارەسات و کوێرەوەریە و ڕوی لە ماڵی گێرمۆڤ کردوە.

یەك هەفتە دوای مەراسیمی بەخاك سپاردنی سێرگی ، گێرمۆڤی پیرەباوکیان بە تۆمەتی ساختەیی و ساختەکردنی بەڵگەنامەی دەوڵەتیەوە گرت و دادگاییان کرد و خستیانە زیندانەوە ، دواتر هێندەی نەخایاند لە زینداندا توشی نەخۆشی سورێژە بو و لە نەخۆشخانەی زینداندا گیانی سپارد.

دەوڵەت ، تەواوی ملك و خانوو و ماڵەکەیانی هەڕاج کرد و بەم شێوەیە ئیڤان دیمتریج و دایکی لەو هەمو سەروەت و سامانە بێ بەش کران.

پێشتر ، واتا ئەو کاتەی کە ئیڤان دیمتریج لە زانکۆی پتروسبۆرگ دەیخوێند ، گێرمۆڤی باوکی مانگانە شەست تا حەفتا ڕۆبڵی بۆ دەنارد. ئیڤان ، لەو ڕۆژگارەدا لە واتای نەبونی و هەژاری تێنەدەگەیشت و بەتەواوی لێیی بێ ئاگا بو. بەڵام لەدوای مەرگی باوکی ناچار بو گۆڕانکاری بەسەر تەواوی شێوازی ژیانی خۆیدا بێنێت ، ناچار بو لە بەیانیەوە تا ئێوارێ لەبەرامبەر وەرگرتنی برە

پارەیەکی کەمدا وانەی تایبەتی بلێتەوە ، یان لەبەر نامە و بەڵگە نامەی خەڵکانی تر بنوسێتەوە. سەرباری ئەمەش برسێتی تینی بۆ هێنابو ، دەیویست دڵنیا بێت لەوەی کە توانیویەتی ژیانی دایکی دابین بکا ، هەربۆیە تەواوی ئەو برە پارەیەی کە وەدەستی دێنا هەر هەموی بۆ دایکی دەنارد.

سەرەنجام نەیتوانی خۆی لەژێر قورسایی ئەو بارە گرانەدا ڕاگرێ و لەدەرونەوە تێکشکا و لاواز و بێ توانا بوو و دەستی لە خوێندن هەلگرت و گەڕایەوە شارەکەی خۆی.

لە شارە بچوکەکەشیاندا بەهۆی هاوکاری و ئامۆژگاری و ڕێنمایی خەڵکەوە ، لە خوێندنگایەکدا و لەژێر ناوی مامۆستا دا دامەزرا ، بەلأم نە توانی لەگەڵ هاوکارەکانیدا هەڵبکا و نە توانی ڕەزامەندی خوێندکارەکانیش وەدەستبێنێ.

هەربۆیە هێندەی نەخایاند کارەکەی لەدەستدا و دواتر دایکیشی بەسەردا مرد.

نزیکەی شەش مانگ بەبێ کاروکاسبی ڕایکێشا ، جگە لەنان و ئاو ، هیچ شتێکی تری بۆ خواردن وەگیر نەدەکەوت. تا ئەوەبو سەرەنجام لە بەشی جێبەجێ کردنی دادگا دا وەرگیرا و تا ئەو ساتەی کە بەهۆی نەخۆشیەوە دەریان نەکرد ، هەر لەسەر ئەو کارە مایەوە.

ئەو ، هیچ کاتێك ، چ لە تەمەنی لاویدا و چ لە سەردەمی خوێندنییدا ، ساخلەم نەدەهاتە بەرچاوان. هەمیشە ڕەنگ پەڕیو و داهەزاو و کز و لاواز و بەردەوام هەلأمەتی بو. زۆر کەمی دەخوارد و زۆر کەمیش دەنوست.

هێندە بەسبو پەرداخە شەرابێکی خواردباوە ، ئیدی سەری بەگێژەوە دەهات و توشی هیستریا دەبو.

سەرباری ئەمانەش زۆری حەز دەکرد تێکەڵی خەڵکیی بێت بەڵام بەهۆی بەدگومانی و ڕاڕایی و دەمارگرژیەوە ، هیچ کات نەیدەتوانی دو قسەی خۆش لەگەڵ هیچ کەسێك دا بکات و بناغەی دۆستایەتی دارێژێ.

بۆچون و تێڕوانینەکانی سەبارەت بە خەڵکی شار پڕ لە ڕق و سوکایەتیی بون و دەیگوت کە ئەو گەمژەییە ناپەسند و نالەبارەی ئەوان و ئەو ژیانە ئاژەڵ ئاسایەیان ، بە ناشیرن و ناپەسند و نەفرەتاوی دەزانێ.

ئاوازی دەنگی "زیر" بو ، بەگەرمی و بە دەنگێکی بەرزەوە قسەی دەکرد و لە هەمو حاڵەتەکاندا دەنگی گۆڕانی بەسەردا دەهات. بەڵام هەمیشە لە قسەکانیدا ڕاستگۆ بو. قسە لەبارەی هەرشتێکەوە کرابا ، ئەو سەری قسەکەی دەگەیاندەوە ئەم بابەتە: ( ژیان لەشارەکەیاندا ناخۆش و بێزارکەرە ، کۆمەڵگاکەشیان ئامانجە باڵاکانی ونکردوە و درێژە بەژیانێکی بێزارکەر و بێ ئامانج و بێ ڕەونەق دەدات و ئەویش لەڕێگای بێگار و فیتنەگێڕیی داخ لەدڵانە و دوڕویی جۆراوجۆرەوە بنیات دەنێ. مرۆڤە ناپیاو و ناکەس بەچەکان ، لە ژیانێکی تێروپڕ و لەوپەڕی ئارامی و ئاسودەییدا دەژین و مرۆڤە بەشەرەفەکانیش جگە لە پاروە نانێکی ڕوت ، هیچی تریان وەگیر ناکەوێ بیخۆن. شارەکەیان لە فێرگا و شانۆ و کتێبخانەی گشتی بێبەشە و لە هەمو شتێ زیاترپێویستیان بە یەکهەڵوێستی ڕۆشنبیران و ئەو ڕۆژنامە ناوچەییانە هەیە کە هەڵگری بیر و هزری سەردەم و ئامانجە باڵاکانن . دەبێ کۆمەڵگا خۆی بناسێت و لەم خۆناسینەشیەوە دوچاری ترس و هەراسانی بێت).

لەبارەی ژن و عیشق و خۆشەویستیشەوە بە شۆڕ و شەوقێکی گەرمەوە قسەی دەکرد ، لە حاڵێکدا کە خۆی لە ژیانیدا تاکە جارێکیش چیە عاشق نەببو.

خەڵکی شار ، بەپێچەوانەی بڕیارە بێپەروا و سروشتە توندەکەیەوە ، زۆریان خۆشدەویست. تەنانەت لەکاتی ئامادە نەبونیشیدا ، وەك ئاماژەیەك بۆ خۆشەویستی ، بە ڤانیا نێویان دەبرد.

بەڕێزیی و ئامادەی خزمەتکردن بە خەڵکیی ، گونجاوی و ڕەوشت و ڕەفتارێکی باش و چاکەتی شڕ و کۆنە و سەروشکڵێکی نەخۆشانە و بەدبەختیەکانی بنەماڵەکەی ، ببونە هۆکاری ڕاکێشانی هەستی سۆز و بەزەیی خەڵکەکە و وای لێکردبون خۆشیان بوێت. جگە لەمانەش ، پیاوێکی خوێندەوار و خوێنەر و بە بۆچونی هەموان پیاوێکی وشیار و دانا بو. زۆری دەخوێندەوە ، زۆربەی کاتەکانی ڕۆژانەی لە کتێبخانەی یانەدا بەسەر دەبرد. دادەنیشت و لەحاڵێکدا کە موی ڕیشە کورتەکەی ڕادەکێشا ، پەڕی کتێب و ڕۆژنامەکانی هەڵدەدایەوە. لەم حاڵەدا بەڕونی بەسەرتاپای جەستەیەوە دیاربو کە خەریکی خوێندنەوەی بابەتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان نیە ، بەڵکو بەرلەوەی بەباشی بابەتەکان بجوێ ، قوتیان دەدات.

دەبێ باوەڕ بەوە بێنین کە خوێندنەوە یەکێکبو لە خوەکانی نەخۆشیەکەی. چونکە هەر بابەتێکی وەچنگ کەوتبا – لەڕۆژنامەی کۆنەوە بگرە تا ڕۆژژمێری پارساڵ – بەوپەڕی تامەزرۆییەوە دەکەوتە خوێندنەوەی. لەماڵەکەی خۆشیدا بەردەوام ڕادەکشا و دەکەوتە خوێندنەوە.

## ٣

ئیڤان دیمتریج لـه یـەکێ لەبەیانیـەکانی ڕۆژێکـی وەرزی پـایزدا لەحاڵێکدا کـه یەخەی پاڵتۆکەی بۆ سەرێ هەڵدابۆوه ، بەشلێپەشـلێپ ، بـەنێو کوچـه و کۆڵانـه قوڕاویەکانـدا هـەنگاوی دەنـان و بـەرەو دوکـانی کابرایـەکی کاسـب دەچـو تـا فەرمانی دادگـای پـێ ڕابگەیـەنێ و ئـەو بـڕە پـاره سـزا خەملێنراوەشـی – کـه بەسەریدا سەپێنرابو – لێ وەرگرێ.

سەر له بەیانی ئەو ڕۆژەش وەك بەیانیەکانی تر ، بێ کەیف و لەشی داهەزابو ، له کۆڵانێکی تەسکدا لەگەڵ دو زیندانی کەلەپچه له دەسـت و قـاچ – کـه چـوار پاسەوانی تفەنگ بەدەست چاودێرییان دەکردن – بەرەوڕوو بۆوه.

پێشتر بەرلەوه ، هەرکاتێ زیندانیی دیتبان ، هەستی به هاوسۆزی و هاودەردی دەکـرد ، بـەلأم ئـەمجارەیان بینـینی ئـەو دو زیندانیـه کەلەپچـەکراوانه ، کاریگەریـەکی سـەیری لەسـەر دەرونـی دانـا. ڕوون نـەبو بـه چ هۆیەکـەوه ئـەو هەسـته بەسـەری دا زاڵ بـو کـه لەوانەیـه بـێن و ئـەویش بگـرن و دەسـت و قاچەکانی به زنجیر ببەستن و بەنێو کوچه و کۆڵانه قوڕاویـەکانی شـاردا بـەرەو زیندان ڕاپێچی بکەن.

دوای بەجێهێنانی ئەرکەکەی ، واتا ئـەو کاتـەی کـه بـەرەو مـاڵ دەگەڕایـەوه ، لەنزیك باڵەخانەی بنکەی پۆسته ، توشی بو به توشـی پشـکێنەری پۆلیسـەوه که یەکێك بوو له ئاشناکانی.

دوای سڵاو و هەواڵپرسی ، پشکێنەر چەند هەنگاوێك لەگەڵیدا ڕۆیشت. هەر ئەم چەند هەنگاوەش بوە جێگای گومانی ئیڤان دیمتریچ.

دوای ئەوەی کە گەڕایەوە ماڵێ ، تەواوی ئەو ڕۆژە نەیتوانی دیمەنی ئەو دو زیندانیە کەلەپچەکراو و ئەو چوار سەربازە تفەنگ بەدەستانە لە بیر و هزری خۆی بەرێتە دەرێ. دڵەڕاوکێیەکی سەیر و نەناسراو دەبوە بەربەست لەبەردەم ئەوەی بتوانێ بیروهزری خۆی کۆکاتەوە و بخوێنێتەوە.

کاتێ دنیا تاریك داهات ، چرای دانەگیرساند. تەواوی ئەو شەوە خەو نەچوە چاوی و بەردەوام لەبیری ئەوە دابو نەکا بێن بیگرن و پەت و زنجیری بکەن و بیخەنە زیندانەوە. دڵنیابو لەوەی کە هیچ تاوانێکی نەکردوە و نەبۆتە هۆکاری هیچ چەشنە یاساشکێنیەك و دڵنیاش بو لەوەی کە لە داهاتوشدا نە کەس دەکوژێ ، نە ئاگر لە هیچ شوێنێك بەردەدا ، نە دەست بە دزی و ڕاووڕوت دەکا. بەڵام ئایا ناشێ مرۆڤ بە هەڵە و نائەنقەست تاوانێك ئەنجام بدات؟ ناشێ کەسێك تۆمەتێکت بۆ هەڵبەستێ؟ یان دادگا بە هەڵە فەرمانی حوکمێکی ناشایستەت بۆ دەرکات؟ لەخۆڕا نیە کەپێشینان دەڵێن: مرۆڤ هیچ کاتێك لەدەست مەترسییەکانی کیسەی سواڵ و زیندان ، پارێزراو نیە؟

بەو هەل و مەرج و ڕەوشەی کە ئەمڕۆ دادگاکان تێیدان ، هیچ دور نیە حوکمی ناشایستە و نادادوەرانە دەربکەن.

کەسانی لە چەشنی دادوەر و پۆلیس و دکتۆر چونکە پەیوەندیان لەگەڵ ڕەنج و کوێرەوەریەکانی مرۆڤ دا تەنیا پەیوەندیەکی کاربەڕێوەبەرانە (ئیداریە) ، بەگوێرەی ڕاهاتن و بە تێپەڕینی ڕۆژگار هێندە وشك دەبن تەنانەت لە حاڵەتی دەربڕینی سۆز و بەزەیی و قسەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کەسەردانییان

دەکەن ، جگە لەو شێوازەی کە لەسەری ڕاهاتون ناتوانن بە شێوازێکی تر ڕەفتار بکەن.

لەم ڕووەوە هیچ جیاوازیەکیان نیە لەگەڵ جوتیارێکدا کە لە حەوشەی چۆڵی ماڵەکەی خۆیدا مەڕێك یان گوڵکێك سەردەبڕێ و ڕژانی خوێن و پەلەقاژەی دڵتەزێنی مەرگ ، بچوکترین کاریگەریی لەسەر دانانێ.

دادوەرەکان لەپەیوەندیە فەرمی و دڵڕەقانەکانیاندا لەگەڵ تاك ، بۆ ئەوەی مرۆڤێکی بێتاوان لە تەواوی مافە ژیاریەکانی بێبەش بکەن و فەرمانی بەندکردن و دورخستنەوەی بەسەردا بدەن ، تەنیا و تەنیا پێویستیان بە یەك شتە: بە کات. بەڵێ تەنیا پێویستیان بە کاتە. تا جگە لەو موچەیەی کە وەریدەگرن بتوانن هەندێك بەرتیل و دیاری تریش بقۆزنەوە و ئیدی هەمو شتێك تەواوە. ئەوسا تۆش بۆ خۆت برۆ لەم شارە بچوك و پیس و دورەدەستەدا – کە نزیکترین هێڵی ئاسن لێیەوە ٢٠٠ ڤرست دورە – داوای داد و مافی خۆت بکە و دەرگا بە دەرگا بەدوای ماف و فریادڕەسدا بگەڕێ.

تازە کاتێ کە کۆمەڵگایەك هەمو جۆرە ژێرپێ خستنێکی ماف و هەر چەشنە زۆرداریەك بە شتێکی پێویست و سودمەند دەزانێ و هەنگاوێکی میهرەبانانەی لە چەشنی دەرکردنی حوکمی بێتاوانی تۆمەتبارێك ئەوپەڕی نیگەرانی و ناڕەزایی دەرونیی لێدەکەوێتەوە ، ئایا قسەکردن لەبارەی داد و ویژدانەوە ، جێگای پێکەنین نیە؟

ئیڤان دیمتریچ ، ڕۆژی دواتر بە ترسەوە لەخەو هەستا ، ڕوخساری ئارەقەیەکی ساردی کردبو ، دڵنیابو کە لەوانەیە هەر ئەو کاتە بێن و بەسەری دا بدەن و بیگرن. بەخۆی دەگوت: ( ئێستا کە دڵەڕاوکێ و لێکدانەوەکانی دوێنێ شەوێ دەسبەرداری مێشکم نابن ، ڕونە کە دەبێ باس و خواستێك لە

گۆڕێدابێ ، ئەگینا هیچ هۆکارێك نیە تا بیرکردنەوە و لێکدانەوەی لەو چەشنە ، مێشکی مرۆڤ هەراسان بکەن).

پۆلیسێك بەکاوەخۆ بە بەردەم پەنجەرەکەی دا تێپەڕی: ئەم ماستە مویەکی تێدایە.

دو کەسی تریش لە نزیك ماڵەکەیدا لە ڕۆیشتن کەوتن و بێدەنگ بوون.

لەبەرچی بێدەنگ بوون؟

بەمشێوەیە شەوان و ڕۆژانی پڕ لە ناخۆشی و خەفەتباریی ئیڤان دیمتریچ دەستیان پێکرد. هەرکەسێك بەبەردەم پەنجەرەی ماڵەکەیدا بڕۆیشتایە ، یان بهاتایەتە حەوشەوە ، بە سیخوڕ و پشکێنەری دەزانی. ماڵەکەشی کەوتبوە سەر ئەو شەقامەی کە هەموو ڕۆژێ لای نیوەڕۆیە پشکێنەر بەگالیسکەیەکی دو ئەسپیەوە پێییدا تێپەڕ دەبو.

هەرچەندە سور دەیزانی کە پشکێنەر لە خانوەکەی دەرەوەی شاریەوە دەچێتە بنکەی پۆلیس ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمو جارێ لەمێشکی خۆی دا وای دادەنا: بەڵێ پشکێنەر سەروشکڵی خۆی گۆڕیبو.

گالیسکەکەشی بەخێراییەکی زۆرەوە دەڕۆیشت. ئەویش دەگەیشتە ئەو ئاکامەی بۆیە ئاوا خێرا دەڕوات تا بچێت هەواڵی پەیدابونی سەروکەللەی تاوانبارێکی مەترسیدار لە شاردا ڕابگەیەنێ و خەڵك لە مەترسیەکانی وریا بکاتەوە. هەرکاتێ لە زەنگی دەرگایان دابا ، یان دەرگایان کوتابا ، پەرێشان دەبوو و دڵەخورپەی پێ دەکەوت. هەرکاتێ کەسێکی نەناسی لەگەڵ خاوەن خانوەکەیدا دیبا ، خەفەتی دەخوارد و ئازاری دەچێشت. هەرکاتێ بگەیشتایەتە پۆلیس و ژاندرمان ، پێدەکەنی و فیکەی لێدەدا تا وا خۆی نیشان بدات که هیچ بایەخیان پێنادات و ئاگای لەوان نیە.

شەوێ تا بەیانی چاوی لێك نەدەنان و چاوەڕوانبو هەر ساتێك بێت لێی وەژور کەون و بیگرن. بەلاّم لە هەمانکاتیشدا چەشنی ئەو کەسانەی کە لە خەودان ، دەیکردە پرخ و هۆڕ ، تا خاوەن خانوەکەی وا تێبگا کە نوستوە. چونکە ئەو مرۆڤانەی دوچاری ئازاری ویژدان دەبنەوە خەو لە چاویان ناکەوێ.

ئاوەز و مەنتیقێکی دروست ، دەیانگەیاندە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو هەمو ترس و نیگەرانیە لە جێگای خۆی دا نیە و بێ بنەمایە. شتێکە لە شێوەی نەخۆشی دەرونیی و هەرکاتێ لە ڕوانگەیەکی فراوانترەوە سەیری کێشەکە بکرێت ، ڕوون دەبێتەوە کە ئەو مرۆڤەی ویژدانی ئاسودەیە نابێ هیچ کاتێ ترسی لە گرتن و زیندان هەبێ. بەلاّم تا زیاتر لە ناخی خۆیدا مەنتیقیی تر و ژیرانەتر بەلگەی دەهێنایەوە ، پەرێشانی و دلەڕاوکێیەکەی ناخی زیاتر و ئازاراویتر دەبو. ئەمە هەموی بەکاری ڕاهیبێك دەچو کە دەیویست لە جەنگەلێکی چڕ و دورەدەستدا ، بە بڕینی چەند درەختێك پەناگایەك بۆ خۆی دروست بکا ، بەلاّم هەرچەند زیاتر هەولّی دەدا و باشتر تەوری دەوەشاند جەنگەلیش بە تین و تاوێکی زیاترەوە گەشەی دەکرد و دەبوژایەوە و چڕتر دەبو.

سەرەنجام کاتێ ئیڤان دیمتریچ هەمو ئەو بێ ئارامی و بێ ئۆقرەیی و دلەڕاوکێیەی خۆی بێ سود و بێ ئەنجام بینی ، سەرەداوی هەمو شك و گومان و بەلگەکانی بەرەلاّ کرد و خۆی دایە دەستی ترس و خەمەوە. دواتر وردە وردە خۆی لە خەلّك دور خستەوە و گۆشەی تەنیایی هەلّبژارد. ئێستا نۆکەریی دەولەتی – کە پێشتریش زۆری ڕق لێ دەبوەوە – بە کارێکی لە توانا بەدەر دەزانی. بەردەوام لە ترسدا دەژیا ، بۆ نمونە لەوە دەترسا لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ هەندێك پارە بخەنە گیرفانیەوە و دواتر بە

بەرتیل وەرگرتن تاوانباری بکەن. یان لە ساتی گەیاندنی نامە و بەڵگەنامە دەوڵەتیەکاندا بەخۆی نەزانیّ و هەڵەیەك بکات کە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ساختەییدا نەبێت. یان بەرلەوەی بڕە پارە وەرگیراوەکە بخاتە سندوقی فەرمانگەوە ، ونی بکات.

سەیر لەوەدایە کە بیر و هزری ، پێشتر هەرگیز بە ئەندازەی ئەمڕۆ – کە هەمیشە هەزاران بڕوبیانوی دادەتاشی بۆ ئەوەی نەکا کەسایەتی لەکەدار بیّ – داهێنەر نەبو. بەڵام لە بەرامبەردا حەز و ئارەزوی بۆ دنیای دەرەوە و بەتایبەتیش بۆ کتێب خوێندنەوە ، بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردبو و یادەوەریشی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو داڕمان دەچو.

لە وەرزی بەهاردا ، ئەو کاتانەی کە بەفرەکان وردە وردە دەتوێنەوە و دەبنە ئاو ، لەنێو چاڵێکی دەووبەری گۆرستانەکەدا ، دو تەرمی نیمچە داڕزیویان – کە تەرمی کوڕێژگە وپیرەژنێك بون – دۆزیەوە ، کە شوێنەواری مەرگێکی نائاسایی بە جەستەیانەوە دیار بو.

هەواڵی دیتنەوەی ئەو تەرمانە و بونی ئەو پیاوکوژە نەناسراوانە لە شاردا ، ببوە باس و خواسی سەرەکی خەڵکی شار.

ئیڤان دیمتریجیش لەترسی ئەوەی نەبادا پەنجەی تۆمەتی درێژ بکەن ، بە زەردەخەنەوە بەنێو کوچە و کۆڵانەکانی شاردا هەنگاوی دەنان و کاتیّ لەگەڵ یەکێك لە ئاشناکانیدا تێکهەڵەنگوتبا ، ڕەنگی دێنا و دەبرد و هەوڵیدەدا بیانهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە هیچ تاوانێك هێندەی کوشتنی مرۆڤە بیّ تاوانەکان چەپەڵ و دزێو نیە.

بەڵام هەر زۆر زوو لەو دروٚیەش ماندوو بو و دوای بڕێك بیرکردنەوە ، گەیشتە ئەو ئاکامەی باشترین شت بۆ ئەو ئەوەیە بچێتە نێو ژێرزەمینی خاوەن

خانوەکەیی و لەوێدا خۆی بشارێتەوە. ئیدی ئەوەبو بەو سەرمایە دو شەو و ڕۆژێك لەنێو ژێرزەمینەکەدا مایەوە و پاشان سەرلەئێوارەی ڕۆژی دوەم بە ماتەمات خۆی گەیاندەوە ژورەکەی خۆی.

تا ڕۆژ هەلأت ، بە پێوە لەناوەڕاستی ژورەکەدا ڕاوەستا و لە جێگای خۆی جمە و جوڵەی نەدەکرد ، سەرتاپای جەستەی کردبوە گوێ.

سەرلەبەیانی زوو ، بەرلەوەی خۆر هەڵبێ ، کوانوسازەکان هاتنە لای خاوەن خانوەکە. ئیڤان دیمتریج باش دەیزانی کە ئەوان بۆ دانانی کوانوی ئاشپەزخانەکە هاتون ، کەچی سەرباری ئەوەش بە کارمەندی دەوڵەتی دەزانین و وای بۆ دەچو جل و بەرگی خۆیان گۆڕیبێ و خۆیان کردبێتە کوانوساز. دواتر بە هێواشی لە ماڵ هاتە دەرێ و بەترس و لەرز و بە سەری ڕوتەوە وەنێو کوڵانێ کەوت.

سەگەکان ، بەوەڕینەوە کەوتنە دوای ، پیاوێکی لادێیی لەدوای ئەوەوە هاوارێکی کرد ، با لەنێو گوێچکەکانیدا دەیلوراند ، لە مێشکی خۆیدا وای مەزەندە کرد هەرچی زۆردار و ستەمکاری ئەم دنیایە هەیە لە دژی وی یەکیانگرتوە و بەدوایەوەن و ڕاوی دەنێن.

سەرەنجام گرتیان و هێنایانەوە ماڵێ ، خاوەن خانوەکەیان بەدوای دکتۆردا نارد.

دکتۆر (ئەندرێی یڤیمیچ) – کە دواتر قسەی لە بارەوە دەکەین – ڕایسپاردن بە پەڕۆ و ئاوی سارد ناوچەوانی تەڕ کەن و گەڵای درەختی مۆردی بۆ بکوتن و ئاوەکەی بدەنێ. دواتر لە تاوان سەرێکی بادا و بە خاوەن خانوەکەی گوت کە ئیدی سەردانی ئیڤان دیمتریج ناکاتەوە و دڵنیایە لەوەی کە نابێ مرۆڤ کارێکی وا بکات ببێتە هۆکاری زیاتر تێکچون و شێتکردنیان.

لەبەر ئەوەی کە لە ماڵەکەی دا هیچ پـولْ و پارەیـەك بـۆ درێـژەدان بـە ژیـان و کـڕینی داوودەرمـان وەگـیر نەدەکـەوت ، دوای چـەند ڕۆژێـك نەخۆشـەکەیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانە و لە ژورێکی تایبەت بەو نەخۆشانەی کە هاوشـێوەی وی بون ، جێگایان بۆ کردەوە.

شەوانە خەوی لێ نەدەکەوت ، بەردەوام بەهانەی دەگرت و نەخۆشەکانی تـری بێزار دەکرد ، هەربۆیە بـە بڕیـاری دکتـۆر ئەنـدرێی ێڤیمـیچ ، گواسـتیانەوە بـۆ ژوری ژمارە شەش.

دوای ساڵێك ، خەڵکی شار ئیڤـان دیمتریجیـان لـەبیر چـۆوە ، کتێبەکانیشـی – کە خاوەن خانوەکە لەسەر خێشـکە کCنەیـەك و لـە ژێر سـاپیتەکەدا کەڵـەکی کردبونە سەریەك – بەدەستی منداڵانی گەڕەکەوە بەتالاّن چوون و و دڕاندیانن.

## ٤

هەروەك پێشتر لەسەری دواین و گوتمان لای چەپی ئیڤان دیمتریچ ، کابرای یەهودی ، واتا مویسیکا بوو و لای ڕاستیشی لادێییەکی کەتەی زلە بو ، کە گەمژەیی و نەزانیی بە سەرتاپای جەستەیەوە دیار بو. ئەو ، شتێك بو هاوشێوەی گیانەوەرێکی زەغەل و ورگن و پیس کە توانای هەستکردن و بیرکردنەوەی لەمێژبێ لەدەستدابێت. هەمیشە بۆنێکی توند و هەراسانکەری لێ دەهات.

نیکیتا – کە بەردەوام خەریکی ئەوەیە فێری زەبت و ڕەبتی بکات – بە بازوە بەهێزەکانی ، بەچەشنێك دەکەوێتە وێزەی و تێی هەڵدەدات کە بەزەیی بە دەست و مستی خۆشیدا نایەتەوە. ئەوەندە تێهەڵدان دەخوات ، ئەگەر زۆر کاریگەر و مەترسیدار نەبێت – دەکرێ مرۆڤ لە گەڵ مست و شەقیشدا ڕابێت – سەیر ئەوەیە ئەو ئاژەڵە گەمژەیە نە جوڵەیەك دەکات ، نە قسەیەك دەکات ، نە ڕوخساری گۆڕانی بەسەردادێت ، تەنیا وەك بەرمیلێکی قورس بە هێواشی خلۆر دەبێتەوە بۆ ئەولاتر.

پێنجەمین و بەواتایەکی تر دواهەمین نەخۆشی ژوری ژمارە شەش پیاوێکە لە بنەماڵەیەکی ئاسایی – کورتەبالاّ و تا ڕادەیەك لاواز و قژکاڵ و خاوەنی ڕوخسارێکی میهرەبان و برێك فێلاوی ، سەردەمانێك لە فەرمانگەی پۆستە کاری کردوە.

بە چاوە ئارام و بریسکە دارەکانیەوە – کە بە شادی و ڕوونییەوە لە مرۆڤ دەڕوانن – دیارە کە یەکەم: پێناچیٚ ئەمە شێت بێت و دووەمیش: ڕازێکی زۆر گرینگ و سەرنجڕاکێش لە هاوژوورەکانی دەشارێتەوە. لە ژێر دۆشەك و سەرینەکەیدا شتێکی شاردۆتەوە – کە لەشەرمان نەك لە ترسی ئەوەی لێیی برفێنن – بە کەسی نیشان نادات. جاری وایە دەچێتە لای پەنجەرەکە و پشت لە هاوژوورەکانی دەکات و شتێك بە سینگی خۆیەوە دەکات و دواتر سەری دەچەمێنێتەوە و سەیری دەکات.

لەم حاڵەدا هێندە بەسە مرۆڤ بڕێك لێی نزیك بێتەوە تا بە حاڵەتێکی تێکەڵ بە ترس و شەرم ، لە سینگی خۆی بیکاتەوە.

ئەڵبەتە زانینی ئەو ڕاز و نهێنیە ، کارێکی هێندە دژوار و ئەستەم نیە. بەزۆری ڕوو دەکاتە ئیڤان دیمتریچ و دەڵیٚ: پیرۆزباییم لیٚ بکە ! بۆ وەرگرتنی مەدالیای (ستانسیلاڤ) ی پلە دوی ئەستێرەدار دەسنیشانیان کردوم. ستانسیلاڤی پلە دوی ئەستێرەدار ، تەنیا دەبەخشنە بێگانەکان ، دەڵێی لەو ڕووەوە مەبەستیان ئەوەیە بە دیدێکی جیاواز مامڵەم لەگەڵدا بکەن.

ئەمجار زەردەخەنەیەك دەکات و بەسەرسوڕمانەوە شانەکانی هەڵدەتەکێنیٚ و درێژەی دەداتیٚ: دانی پێدا دەنێم کە خۆشم هەرگیز چاوەڕوانی شتێکی لەو شێوەیەم نەدەکرد.

ئیڤان دیمتریچیش دەموچاوی خۆی تێکدەنیٚ و بە گرژیەوە دەڵیٚ: من هیچ سەر لەم شتانە دەرناکەم.

بەلاٚم کارمەندی پێشوی فەرمانگەی پۆستە فیلاٚویانە چاوەکانی بچوك دەکاتەوە و درێژەی دەداتیٚ: ئایا تۆ هیچ دەزانی لەبارەی ئەوەی کە درەنگ یان زوو دەستم بە چ ڕادەگا؟ گومانم نیە کە مەدالیای ( ئەستێرەی

جەمسەریی) ی سویدم دەدەنێ. وەرگرتنی ئەو مەدالیایە شتێکی کەم نیە. خاچێکی ڕەنگ سپی بە شریتێکی ئاوریشمی ڕەشەوە ... ئای خوایە چەندە شتێکی جوانە !

پێدەچێ ژیان – جگە لەم ژوری ژمارە شەشە – لە هیچ شوێنێکی تردا هێندە یەك ڕیتم و بێ گۆڕانکاری نەبێت. جگە لە نەخۆشە ئیفلیجەکە و کابرا لادێییە کەتە و زلەکە ، بەیانیان هەر هەموویان لە ڕاڕەوی بیناکەدا لەنێو ستلێکی دارییینیی گەورەدا سەروچاویان دەشۆن و دواتر بەداوێنی کراسەکەیان دەیسڕنەوە. دوای ئەوە چایەکەیان – کە نیکیتا لە نەخۆشخانەکەوە بۆیانی دەهێنێ – لەنێو پەرداخە حەڵەبیەکاندا دەخۆنەوە. نیوەڕۆیان ئاشی کەلەمشۆر و برنجێکی پەسیسەیان دەدەنێ و ئێوارانیش هەمان کەلەمشۆر و برنجەپەسیسەکەی نیوەڕۆیان دەرخوارد دەدەنەوە.
لە نێوان ژەمەکانی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارێدا ، لە سەر جێگا خەوەکانیان ڕادەکشێن و دەنون و هەڵدایێژێن و دەچنە بەردەم پەنجەرەکە و دەڕواننە دەرێ و بەمسەر و ئەوسەری ژورەکەدا دێن و دەچن.
ژیانیان هەمو ڕۆژێ بەم شێوازەیە ، تەنانەت کارمەندی پێشوی پۆستەش هەموو ڕۆژێ لەبارەی مەدالیاکانیەوە هەمان قسەی ڕۆژانی پێشووی دەکاتەوە.
دەگمەن وایە لە ژوری ژمارە شەشدا کەسانی تازە ، یان بە واتایەکی تر: نەخۆشیی تازەت بەرچاو بکەوێ ، چونکە زۆر لەمێژە دکتۆر خۆی لە خەواندن و حەواندنەوەی کەسانی دەرون نەخۆشی تر دەبوێری. ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ سەردانی بەشی نەخۆشە دەرونیەکان بکەن تەنانەت لە دنیاشدا ڕێژەیان یەکجار کەمە. دو مانگ جارێك (سیمیۆن لازارۆڤیچ) ی سەرتاش بە

مەبەستی تاشینی قژی نەخۆشەکان ، دێتە ژوری ژمارە شەش. لێرەدا نامەوێ لەبارەی چۆنێتی سەرتاشینیان و چۆنێتی هاوکاری کردنی نیکیتای پاسەوان و چۆنێتی زەندەق چون و زارەترک بونی هەموجارەی شێتەکان لەگەڵ ئەو چرکەساتەی کە چاویان بە سیمیۆن دەکەوێ ، قسە بکەم.

جگە لە سەرتاش ، هیچ کەسێکی تر ڕێگای ناکەوێتە ئەوێ و نەخۆشەکانیش مەحکومن بەوەی هەموو ڕۆژێ ، جگە لە نیکیتای پیر ، چاویان بە هیچ سەروشکڵێکی تر نەکەوێت. ڕاستیەکەی لەم بەینەدا دەنگۆیەکی سەیر بڵاو بۆتەوە ، باسوخواسی ئەوە هەیە کە گوایا دکتۆر جارجار دەچێتە ژوری ژمارە شەش.

## ٥

چ دەنگۆیەکی سەیرە !

دکتۆر (ئەندریێ ڤیمیچ ڕاگین) مرۆڤێکی باش و شایستەیە. دەڵێن گوایا لە سەرەتای تەمەنی گەنجێتی دا کەسێکی زۆر بەدین بوە و ویستویەتی ببێتە خزمەتکاری کلیسا ، بەلاّم لە ساڵی ١٨٦٣ لە دوای تەواوکردن و بڕینی قۆناغی ناوەندی ، ویستویەتی بچێتە ئەکادیمیای زانستە ئاینیەکان ، بەلاّم لە گەڵ دژایەتی و سەرکۆنەکردن و گاڵتەپێکردنی باوکیدا – کە پزیشکی نەشتەرگەر بوە – بەرەورووو بۆتەوە و پاشان هەڕەشەی ئەوەی لێکردوە ئەگەر بێتو ببێتە پیاوی ئاینیی و بچێتە پێڕی کەشیشانەوە ، ئەوا هاشای لێدەکات.

گەرچی زانیاریەکی باوەڕپێکراو لەسەر ئەم قسانە لەبەردەستدا نین ، بەلاّم ئەندریێ ڤیمیچ بۆ خۆی چەند جارێك دانی بەوەدا ناوە: کە هیچ کاتێ حەزی لە زانستی پزیشکی و تەنانەت زانست بەگشتیش نەکردوە.

ئیدی هەرچی چۆنێك بێت لەدوای تەواوکردنی کۆلێژی پزیشکی ، نە بو بە کەشیش و نە هیچ کاتێك خۆی وەك کەسێکی بەدین نیشان دەدا. هەروەها لەبارەی دەسپێکی پیشەی پزیشکیەوە هیچ جۆرە وێکچونێکی دەگەڵ پیاوێکی ئاینیدا نەبو. بەدیمەن گران و سەنگینە و لە دێهاتیەکان دەچێ ، سەروریشەکەی و قەدوبالاّ پتەو و دامەزراوەکەی ، مرۆڤیان دەخستەوە یادی مەیخانەچیە کەتە و تورە و تۆسنەکانی سەرشەقامەکان.

ڕوخسارێکی پڕ لە دەمار و چاوانێکی گەورە و لوتێکی سوری هەیە ، بالأی بەرز و شان و پیلی پتەو و دەست و قاچەکانیشی زۆر گەورەن.

پێدەچێ لە توانایدا هەبێ بەزەبری مستێك ڕۆحی کەسێك – کە مەبەستی بێت – بەرەو ئاسمان هەلّفڕێنێ ، بەلأم هەلّسوکەوتی زۆر لەبار و لەسەرخۆ و وریایانەیە. کاتێ لەنێو ڕاڕەوە تەسك و تروسکەکەی نەخۆشخانەدا لەگەلّ یەکێکدا تێکدەئالّقێ بەڕێزەوە خۆی لادەدات و ڕێگاکەی بۆ چۆلّ دەکات. لەو ساتەشدا لەبری بەکارهێنانی دەنگێکی گڕ – وەك ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ – بەدەنگێکی نەرم و هێدیەوە دەلّێ: ( داوای لێبوردن دەکەم).

گرێیەکی بچوك بەگەردنیەوەیە و دەبێتە ڕێگری ئەوەی کە نەتوانێ کراسی زبری ئاهاردار بپۆشێ ، هەربۆیە بەردەوام کراسی کەتانی نەرم ، یان ( چیت) لەبەر دەکات. بەکورتی دەکرێ بلّێین لەو بارەیەوە بە دکتۆران ناچێ. دو دەست جل و بەرگ ، بەشی دە سالّی دەکات. جل و بەرگی نوێ – کە زۆربەی جاران لە کۆگای یەهودیەکان دەیکڕێ – چەشنی پارچە پەڕۆیەکی کۆنە و دادزیو لە بەریدا باوکەڕۆیانە. بەهەمان ئەو جل و بەرگەی کە بەیانیان لەبەری دەکات ، نەخۆشەکان دەبینێ و نان دەخوات و دەچێتە میوانی ، هۆکاری ئەم پەڕپوتیی و شەپرێویەشی ڕەزیلی نیە ، بەلّکو هۆکاری ئەوەیە کە هیچ بایەخێك بە سەر و شکلّی خۆی نادات.

ئەو ڕۆژەی کە ئەندرێی یێفیمیچ هاتە ئەو شارە ، ڕەوشی بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکە لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بو. بۆنی بۆگەنیی ، بە چەشنێك ڕاڕەوو و ژورەکان و حەوشەی نەخۆشخانەکەی داگرتبو ، کە مرۆڤ نەیدەتوانی هەناسە بدات. پاککار و پەرستیارانی نەخۆشخانەکە و مندالّەکانیان ،

لەژورەکانی نەخۆشاندا دەنوستن. هەر هەمویان داد و هاواریـان بـو لـە دەسـت مێش و مەگەز و مشك و سیسارك.

لە بەشی نەشتەرگەری دا نەخۆشی ئاگرە هێڵەی دەکرد و بەهیچ کلۆجێك بنـبڕ نـەدەکرا. سەرتاسـەری ئـەو نەخۆشـخانەیە تـەنیا دو دانـە نەشـتەری تێدابو ، گەرمیپێو هەر هەواڵیشی نەبو ، تەشتە زلـە (ڤـان) ە کـانی نێـو حەمامـەکانیان کردبونە عـەمباری پـەتاتان. بەرپرسـی دارایـی و ئەمینـداری بەشـی پۆشـاك و یاریـدەدەری دکتـۆر ، لەسـەر ڕوتاندنـەوەی نەخۆشـەکان پێشـبڕکێیان بـو. لـەبارەی دکتۆرەکـەی پـێش ئەنـدرێی ێڤیمیچیشـەوە ، یـان بەواتایـەکی تـر دکتۆرەکـەی پێشـترەوە دەیـانگوت گوایـا بەدزیـەوە کحـولی دەفرۆشـت و حەرەمسەرایەکی باشیشی لـە ژنـە نەخۆشـەکان و پەرسـتیارانی نەخۆشـخانە ، بۆخۆی ساز کردبو. گەرچی خەڵکی شار زۆرباش ئاگاداری ئەم ڕەفتارانەی بون و تەنانەت لەوبارەیەوە کێچیکیان دەکرد بە گایەك و زیاتریشـیان پێـوە دەنـا ، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەبارەت بـەو ڕەوشـە هـیچ کاردانەوەیـەکی ئـەوتۆیان نەبو.

بەشێکی خەڵکەکە ، بـە بەهانـەی ئـەوەی کـە گوایـا ئـەو نەخۆشـخانەیە تـەنیا جێگـای خەوانـدنی کەسـانی بەتەمـەن و دێهاتیەکانـە ، چاوپۆشـیان لـەو بـێ سەرەوبەرەیی و بەرەڵڵاییە دەکـرد و خۆیـان لـەو باسـە دەبـوارد وپێیـان وابـو هەلومـەرجی ژیـانی ماڵـەوەی ئـەو نەخۆشـانە چـەند بەرابـەر لـە هـی نێـو نەخۆشخانەکە خراپترە. یان بەواتایـەکی تـر: ئـەو کاتانـەی کـە نەخۆشن و لـە نەخۆشخانەن زۆر خۆشتریان لێدەگوزەرێ. هەربۆیە لـەم بارەیـەوە نـابێ هـیچ جۆرە ناڕەزاییەك نیشـان بـدرێ. خـۆ نـاکرێ زگـی هـەموان بـە گۆشـتی کـەو و سوێسکە تێر بکرێ.

بەشێکی تری خەڵکەکەش ، سەبارەت بە ڕەوشی خراپی خزمەتکردنی نەخۆشەکان و ئەو بەرەڵلاییەی سایەی بەسەر تەواوی نەخۆشخانەکەدا کردبو وای بۆ دەچون کە: شار بەبێ یارمەتی و دەسگیرۆیی ( زمستۆڤۆ)(*) توانای ماڵیی و بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەیەکی لەو شێوەیەی نیە و دەرۆستی بڕی تێچونی خزمەتگوزاریەکانی نایەت. زۆر شکور بۆ خودا کە ئەو نەخۆشخانە خراپەش هەیە. زمستۆڤۆی تازە وەسەرپێ کەوتوش بە پاساوی ئەوەی کە گوایا شار نەخۆشخانەی خۆی هەیە ، خۆی لە ڕۆنانی هەمو پرۆژەیەکی تەندروستی تازە لە ناوچەکە دەدزیەوە.

ئەندرێی یڤیمیچ ، دوای گەڕانێك بەنێو نەخۆشخانەکەدا گەیشتە ئەو ئاکامەی ئەم نەخۆشخانەیە دامەزراوەیەکی نائەخلاقیە و بون و مانەوەشی ، جگە لە زیان ، هیچ سودێکی تری بۆ تەندروستی و ساخلەمی هاولاتیان نابێت. بەبۆچونی ئەو ئاوەزمەندانەترین و گونجاوترین ڕێگاچارە ئەوەبو نەخۆشەکان ڕەوانەی ماڵەکانیان بکرێنەوە و دەرگای نەخۆشخانەکەش دابخەن. بەلاّم کاتێ ویژدانی خۆی کرد بە دادوەر بۆی دەرکەوت کە لەم بارەوە تەنیا حەز و مەیل و ئیرادەی وی بەس نیە تا بیرۆکەیەکی لەو شێوەیە بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە. جگە لەوەش تازە کارێکی لەو شێوەیە هیچ بەرهەمێکی نابێت. چونکە گەندەلّیی ڕۆحی و جەستەیی ، ئەگەر لە لایەکیشەوە بنبڕ بکرێت لەلایەکی ترەوە سەر دەردێنێتەوە. بۆیە دەبێ مرۆڤ بتوانێ و ئەوەندە بە حەوسەلە بێت تا وردە وردە گەندەڵی بۆخۆی لەبەرین دەچێت و نامێنێ.

---

(*)(زمستۆڤۆ) لە ڕوسیای بەر لە شۆڕشدا چەند ئەنجومەنێکی پێکهاتو لە ڕەسەنزادە و خاوەن زەویەکان بون ، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکان.

جگه لەمانەش کە خەڵك لەم شارەدا بەناو نەخۆشـخانەیەکیان هەیـە و بونیشـی لەم شارەدا قبولٚ دەکەن ، دیارە بەکەڵکیان دێت.

ئەم شك و گومـان و ئـەم ناکـەس بەچـەییانە و ئـەم شـێوازە ژیانـە گەنـدەڵ و چەپەڵانەیە ، لەو شتانەن کە بە تێپەڕینی ڕۆژگار ، چەشنی تۆوێك کە بەزەویدا دەوەشێنرێ ڕۆژێك دادیٚ ئاڵوگۆڕیان بەسـەردا دێـت و دەبنـە شـتێکی بەسـود. لەم بارەیەشەوە لەم دونیایەی ئێمەدا هـیچ شـتێکی باشـت وەگـیر ناکـەویٚ کـە سەرتۆپ و سەرقافڵەی ئەو گەندەڵی و چەپەڵیە نەبێت.

ئەندرێی یڤیمیچ ، لەو ساتەوەی کە دەسبەکار بو ، خۆی بـە چارەسـەر کردنـی ئەو بەرەڵڵایی و بێسـەرەوبەرەیییەی کـە تـەواوی نەخۆشـخانەکەی گرتبـۆوە ، سەرقالٚ نەکرد و بایەخی بە چارەسەرکردنیان نەدا و تەنیا لەوبارەیـەوە داوای لە پاککار و پەرستیارەکان کرد کە چیدی لەنێو ژورەکانی نەخۆشاندا نـەنون و هەروەها دو گەنجینەی ئامادەی – تایبـەت بـە کەلوپەلـەکانی نەشـتەرگەری – بۆ نەخۆشخانەکە وەرگرت. بەلاٚم بەرپرسی دارایی و ئەمینداری بەشی پۆشاك و یاریدەدەری دکتۆر و ئەو نەخۆشی ئاگرەیەی کە لە هۆڵی نەشتەرگەریدا گاڵەی دەکرد ، وەك جاران ، لە شوێنی خۆیاندا بەچارەسەر نەکراوی مانەوە.

ئەو ، کەسێکە زۆر دەربەسـتی ئـابڕو و کەسـایەتی خۆیـەتی بـەلاٚم بـۆ ئـەوەی بتوانیٚ کەش و هەوایەکی مرۆڤانە و پڕ لە هەست و ڕێز ، لە چواردەوری خۆیـدا بخولٚقێنیٚ ، نە ئیرادەی تەواوی هەیـە و نـە متمانـەی تەواویشـی بـە مافـەکان و دەستنیشان کردنەکانی خۆی هەیە. بەکورتی و بەگشتی: پێـداگریی و قەدەغـە کردن و فەرمان دەرکردنی لێنایەت ، وەك ئەوەی سـوێندی خـواردبیٚ لەژیانیـدا دەنـگ بـەرز نەکاتـەوە و فـەرمان نـەدات. دەربـڕینی وشـەگەلی لـە چەشـنی (بمدەریٚ) یان (بیهێنە) ی یەکجار بـەلاوە قورسـە. کـاتیٚ برسـی بێـت چـەند

جارێـك دەكـوڕخێ و ڕوو دەكاتـە چێشـتلێنەرەكە و دەڵێـت: (چـۆنە چـایەك بخۆمەوە؟) یان: (چۆنە نانی نیوەڕۆ بخۆم؟). بەهیچ شێوەیەك لەڕوی نایـەت و لەخۆی ڕانابینێ كە بەرپرسی دارایی نەخۆشخانە لە دزی و فزیـەكانی ئاگـادار بكاتەوە و نەهێڵێ چیتر لەو كارە قێزەونانە بـەردەوام بێـت. یـان لـە كارەكـەی دوری بخاتەوە و دەری بكات. یان بەواتایەكی تر: ئـەو گۆشـتەزیادەیە لەسـەر جەستەی نەخۆشخانەكە ببڕێ.

هەركاتێ فریوی بدەن ، یـان كاتێـك بـە زمـانی لـوس ستایشـی بكـەن و پێییـدا هەڵبڵێن ، یان وەسڵێكی ساختەی – بە مەبەستی واژۆ كـردن – بخەنـە بـەردە ست ، ڕەنگی وەك تەماتە سور هەڵدەگەڕێ و هەست بە تاوان و گونـاه دەكـات ، بەلاَم سەرباری زانینی ئەمانەش ، دەست بەڕویانەوە نانێ و نـاتوانێ واژۆیـان بۆ نەكات.

كـاتێ نەخۆشـەكان دێنـە لای و لەدەسـت برسـێتی و خراپـی خۆراكـەكانیان و ڕەفتاری ناشایستەی پەرستیارەكان ، سكالاَ و گلەیی لا دەكـەن ، دەپەشـۆكێ و بە دەنگێكـی تێكـەڵ بـە هەسـتكردن بـە تـاوان و گوناهـەوە و لـەژێر لێـوەوە دەڵێت: زۆر باشە ، زۆر باشە دواتر لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەكەم ... لەوانەیـە ناحاڵیبونێك لە ئارادا بێت ...

لەڕۆژەكانی سەرەتای دەسبەكار بونیەوە لەنەخۆشخانەكەدا ، زۆر بە ڕاسـتی و دروستی كاری دەكـرد. لەبەیانیـەوە تـا ئێـواری دەرگاكـەی بـەڕوی نەخۆشـاندا كراوە و لەسەر پشت بو.

چەندین نەشتەرگەریی دەكرد و تەنانەت هەندێك جار مامانیشی دەكرد. ژنگـەل لەبارەی ویەوە دەیانگوت: دكتۆر ئەندریێ دكتۆرێكی زۆر میهرەبانە و جۆرەهـا

نەخۆشی بەتایبەتی نەخۆشیەکانی ژنان و مندالآن زۆر بە دروستی دەسنیشان دەکات.

بەلآم بەتێپەڕینی ڕۆژگار ، دکتۆر ئەندرێی ڤیمیچ ، لە کاری یەکڕیتم و بێپسانەوە و بەردەوام و بێسودی نەخۆشخانە شەکەت بوو. ئەگەر ئەمڕۆ سی نەخۆشی هەبا ، بەدڵنیاییەوە سبەی ژمارەیان دەبوە سیوپێنج نەخۆش و دوسبەی دەبوە چل. ئیدی بەم شێوازە ، ڕۆژ بە ڕۆژ و ساڵ بە ساڵ ، ژمارەی نەخۆشەکان زیادیان دەکرد. کەچی سەرباری ئەوەش نە ڕێژەی مردنی خەڵکی شار کەمی دەکرد ، نە سەردانی نەخۆشخانەشیان.

بینین و چارەسەر کردنی ڕاستەقینەی نزیکەی چل نەخۆش لە ڕۆژێکدا و ئەویش لە نێوان بەیانی تا نیوەڕۆدا کارێکی نزیك لە مەحاڵ و لەکردن نەهاتوە ، بۆیە بەرهەمی کارێکی لەو شێوەیە ، جگە لە تەفرەدان ، ناکرێ هیچ ناوێکی تری لێبنرێ.

ئاماری سالأنەی نەخۆشخانەکە ، نیشانی دەدا کە لە ساڵێکدا دوانزە هەزار کەس سەردانی نەخۆشانەیان کردوە ، ئەمەش بەو واتایە دێت کە لەو ساڵەدا دوانزە هەزار کەس فریودراون و تەفرەیان خواردوە. جگە لەمانەش خەواندنی نەخۆشە سەختەکان و چارەسەر کردنیان بەپێیی شێواز وپێوانە زانستیەکان نەدەکرا ، چونکە ئەگەر پێوانەش هەبا ، ئەوا هیچ خەبەر و باسێك لە زانست نەبو.

ئەگەر مرۆڤ بیەوێت فەلسەفیانە قسە نەکات و وەك دکتۆرەکانی تر بڕێك کار بە پێوانە زانستیەکان بکات ، ئەوێ ، بەر لە هەر شتێك پێویستی بە پاکوخاوێنی و هەواگۆڕکێیە نەك پیسی و بۆگەنی ، پێویستی بە خوردوخۆراکی باش و بەهێزکەرە نەك کەلەمشۆری بۆگەن ، پێویستی بە هاوکاری کەسانی باش و

دڵسۆزە نەك كۆمەڵێك دز و جەردە. جگە لەمانـەش ئەگـەر دان بـەوەدا بنێـین كە مردن كۆتاییەكی یاسایی و سروشتی هەمو بونەوەرێكی ڕۆحلەبـەرە ، ئیـدی بۆچـی دەبـێ پێشـی پێبگـرین؟ چ سـودێكی هەیـە فلانـە بەقاڵـە ، یـان فلانـە كارمەندە ، پێنج ساڵ یان دەساڵ زیاتر بژی؟ ئەگەر داماننـا زانسـتی پزیشـكی ئامانجی ئەوەیە بـەهۆی دەرمانـەوە ئازارەكـان كەمكاتـەوە ئـەوا ئەوسـا بـەبێ ویستی ئێمە پرسیاری بەم شێوەیە سەر هەڵدەدا: ( یەكـەم: چ پێویسـت دەكـا ئازارەكان كەم بكەینەوە كە دەگوترێ: ئازار مـرۆڤ بـەرەو كـەماڵ دەبـا. دوەم: ئەگەر بەڕاستی مرۆڤایەتی ڕاهاتبا لەسەر كەمكردنەوەی ئازارەكـانی لـە ڕێگـای دەرمانەكانەوە ئەوا ئەوسا بەتەواوی دەسبەرداری فەلسەفە و ئایین دەبـو. كـە ئەم دوانە نەك هەر لە بەلا و ئازار دەمانپارێزن بگرە سەرچـاوەی ئاسودەییشـن ).

پۆشكین ، بەر لە مردن ڕەنج و ئازارێكی زۆری كێشاوە. هاینە ، چـەندین سـاڵ لەسەر جێگا كەوت و ئیفلیجیی بڕستی لێ بڕی. ئەگەر فلانە ( ئەنـدرێی ڤیمـیچ ) یان (ماتریۆڤنا ساڤشینا ) ئەو دوانەی كە وا دادەنـرێ ژیانیـان پڕوپوچـە ، ئەگەر ئازار نەبوایە ئەوا ژیانیان وەكو ژیانی (ئـەمیبا) كـان بەتـەواوی بـێ مانـا دەبوو.

ئەم جۆرە بیركردنەوانە ، بونە هۆكاری ئەوەی كە دكتۆر ئەندرێی ڤیمـیچ ئـەو تین و تـاو و حـەزەی جـارانی بـۆ كارەكـەی نـەمێنێ و تـا وردە وردە وایلێهـات كەمتر بچێتە نەخۆشخانە و تەنانەت زۆر ڕۆژان هەرنەچێت.

## ٦

کارەکانی ڕۆژانەی بەم شێوازەیە: ڕۆژانـە بـەزۆری لای کاتـژمێر هەشـت لەخـەو هەڵدەستێ و نانی بەیانی دەخوات ، دواتر لـە ژوری کتێبخانەکەیدا دەکەوێتـە خوێندنەوە ، یان دەچێتە نەخۆشخانە.

نەخۆشـــەکان لـــەڕاڕەوە تەســـك و تروســـکەکەی نەخۆشـــخانەکەدا بـــەپێوە ڕاوەستاون و چاوەڕوانی هاتنی دکتۆرن. لەم کاتەدا پاککار و پەرستیارەکان – کە تەقەتەقی بەردەوامی پاژنەی قۆندەرە و پاپوچەکانیان ڕۆژەڕێیـەك دەڕوات – بەخێرایی بەنێو یەکدا دێن و دەچـن و مـەیت و لەگەنەپیسـاییەکان دەبەنـە دەرێ. نەخۆشـــە داهـــەزاوو و بـــێ تواناکـــانیش بـــەخۆیان و جـــل و بەرگـــە تایبەتیەکانی نەخۆشخانەیانەوە ، هەروا لەوێ سەرگەردانن.

منداڵەکان دەگرین و بایەکی تا ڕادەیەك توندیش ، لەهـەمو کـون و کەلێنـەکانی نەخۆشخانەکەوە گڤەی دێت و دێتە ژورێ.

دکتۆر ئەندرێی زۆرباش دەزانێ کە ئەم هەل و مەرجە بـۆ ئـەو نەخۆشـانەی کـە تادارن یان نەخۆشی سیلیان هەیە ، زۆر خراپ و بەئازارە ، بەڵام چ بکا؟

(سێرگی سێرگیێڤیچ) بەخۆی و باڵاکورت و خڕیلەکەی و ڕیشە تاشـراوو و گۆنـا پاك و لوس و گۆشتنەکەی و ڕەفتاری نەرم و نیـان و چاکەت وپـانتۆڵی فـش و نوێـوە – کـە زیـاتر لـە سـیناتۆرێك دەچـێ نـەك دکتـۆر – لـەژوری بینـینی نەخۆشەکاندا ، پێشوازی لە دکتۆر ئەندرێی ێڤیمیچ دەکات.

ئەو ، لەناو شاردا نۆرینگە (عیادە) ی تایبەتی خۆی هەیە ، کراواتی سپی لەمل دەکات و لەبەرئەوەی کە دکتۆر ئەندرێی یڤیمیچ نۆرینگەی تایبەت بەخۆی نیە ، خۆی لەو بەزیرەکتر دەزانیّ.

لەگۆشــەیەکی ژورەکــەدا تابلۆیــەك لەچوارچــێوەی تایبەتــدا بــەدیوارەوە و بەتەنیشــت ئەویشــەوە چــرایەکی قــورس و مێزێکــی بچــوك – کــە سەرچــەفێکی ســپی بەســەرەوەیە – بەرچــاو دەکــەویّ. چــەند وێنەیــەکی ئەســقەفە گــەورە و ناودارەکــان و دیمــەنی دێــری (ســویا تۆگۆرســکی) و تاجــە گوڵینەیــەکی وشــك هەڵگەڕاوی لە گوڵەگەنم دروستکراو ، بەدیوارەکەوە هەڵواسراون.

سێرگی سێرگیێڤیج ، مرۆڤێکی بەدینە و شێت و شەیدای ڕێوڕەسمە ئاینیەکانە و سەرجەم ئەو دیمەن و تابلۆیانــەی بــەدیوارەوەن ، بــەپارەی گیرفــانی خــۆی کڕیونی و هەڵیواسیون. هەمو یەکشــەممانێك نەخۆشــێك ڕادەســپێریّ بــەدەنگی بەرز یەکێك لــە ســرودە ئاینیــەکانی کلیسا بچڕێت. دوابــەدوای کۆتــایی هــاتنی ڕێــوڕەسمی ســرودخوێندن ، بۆخــۆی دەچــیّ مەشــخەڵێك هەڵــدەگریّ و تــەواوی ژورەکانی نەخۆشخانە دەگەڕیّ و (کندر ) دادەگیرسێنیّ و بــۆنی خــۆش بــەنێو ژورەکاندا بلاّو دەکاتەوە.

کــات کەمــە و ژمــارەی نەخۆشــەکانیش زۆر ، هەربۆیــە بینــینی نەخۆشــەکانیش سنوردار دەکرێــت بــە چــەند پرســیاری کــورت و ڕوکەشــانە و پڕکردنــەوەی بــیّ سودی ڕەچێتە بەچەند دەرمانێکی لەچەشنی مەرهەم و ڕۆن گەرچەك.

ئەنــدرێی یڤیمــیچ دادەنیشــێت ، دەســتی دەکاتــە کۆڵەکــەی ســەری و بــەدەم بیرکردنەوەوە و بیّ ئەوەی هیچ ئاگای لەخۆی بێت ، پرسـیار لــە نەخۆشــەکان دەکات.

سێرگی سێرگییڤیچیش دادەنیشێت و دەستەکانی دەگوشێ و جار جار خۆی دەخزێنێتە نێو پرسیار و وەڵامەکانی نێوان دکتۆر ئەندرێیی و نەخۆشەکان و دەڵێ: هۆکاری هەمو ئەو کوێرەوەری و هەژاری و لەشبەباریەمان ئەوەیە بە دروستی خودا ناپەرستین! ئەی چۆن بەڕێز!.

دکتۆر ئەندرێی ڤیمیچ ، لە کات و ساتی بینینی نەخۆشان دا دەست بۆ کاری نەشتەرگەری نابات ، جگە لەوەش زۆر دەمێکە وازی لەنەشتەرگەری نەخۆشان هێناوە ، دیتنی دیمەنی خوێن بەجارێ پەرێشانی دەکات. کاتێك بۆ ڕوانینە گەروی منداڵێك ناچار دەبێت دەمی لێك بکاتەوە ، چەند منداڵە نەخۆشەکە بگری و هاوار بکات و بیەوێت بەدەستە بچوکەکانی بەرگری لەخۆی بکات ، ئەم زیاتر سەری بەگێژەوە دەچێت و فرمێسك بەچاوەکانیدا ڕێچکە دەبەستێ. لەم جۆرە حاڵەتانەدا هەر خێرا ڕەچێتەی چارەسەری بۆ دەنوسێ و بەدەستیش ئاماژەیان بۆ دەکات تا هەرچی زووە بیبەنە دەرێ.
بەیانیان کە دەست بە کاری ڕۆژانەی خۆی دەکات ، هەر زوو لەو نەزانی و ترس و خۆفەی نەخۆشەکان و لە بونی سێرگی سێرگییڤیجی بەدین و لەخواترس و لەو دیمەن و تابلۆ هەڵواسراوانەی دیوار و لەو پرسیارانەی کە بیست ساڵی ڕەبەقە دوبارەیان دەکاتەوە ، شەکەت و ماندوو دەبێت و دوای بینینی پێنج شەش نەخۆش خێرا ژوری بینینی نەخۆشەکان جێدێڵێ و بینینی نەخۆشەکانی تر بە یاریدەدەر دەسپێرێ.
لەخۆشی ئەوەی کە شکور چەند ساڵە نۆرینگەی تایبەتیی نیە و کەس لێی نابێتە موی لوت ، شاد و بەکەیف دەگەڕێتەوە ماڵێ.

یەکســەر بــەرەو ژوری کارەکــەی دەچــێت و لەپشــت مێــزی نوســینەکەیەوە دادەنیشێ و دەکەوێتە خوێندنەوە. هەمیشە بەهەستکردن بە چێژێکی زۆرەوە دەخوێنێتەوە ، نیوەی پارەی موچەی مانگانەکــەی بــە کــڕینی کتێــب دەڕوات. سێ ژوور لە کۆی شەش ژوری ئاپارتمانەکەی پڕپڕن لە کتێب و گۆڤــاری کــۆن. زیــاد لــە هــەر بــوارێکی تــر حــەزی لــە خوێندنــەوەی بەرهەمــە مێــژویی و فەلســەفیەکانە. لــەنێو ســەرجەم چــاپەمەنیە پزیشــکیەکاندا تــەنیا پشــکدار ( اشــتراك ) ی لــە گۆڤــاری (پزیشــك) دا هەیــە و بــەردەوامیش لــە لاپــەڕەی کۆتاییەوە دەست به خوێندنەوەی ئەو گۆڤارە دەکات*.

چــەندین کاتــژمێر دەخوێنێتــەوە و هەســت بــە مانــدوبون ناکــات. ئــەم – بەپێچەوانەی ئیڤان دیمتریجەوە – کە بە هەڵپــە و جــۆش و خرۆشــێکی زۆرەوە کتــێبی دەخوێنــدەوە – بــەووردی و ســەرنجدانێکی زۆرەوە دەخوێنێتــەوە. لەسەر مێزەکەیی و بەتەنیشت کتێبەکەیەوە هەمیشە دۆلکەیەك ڤۆدکا و چەند دانە خەیارشۆرێك ، یان چەند سێوی وشکی لــەئاوکراو – بــەبێ قــاپ – لەســەر مێزەکەیــدا دەبینــرێن. هــەر نیــو کاتــژمێر جارێــك بــەبێ ئــەوەی چــاو لەســەر کتێبەکەی هەڵگرێ پەرداخەکەی پڕ لە ڤۆدکا دەکــات و دەینێــت بەســەریەوە ، دواتر بەهەمان شێوە بێ ئەوەی چاو لەسەر کتێبەکەی هەڵگرێ ، خەیارشــۆرێك هەڵدەگرێ و دەیخوات.

(گۆڤاری پزیشك) بەردەوام هەواڵگەلی لەچەشنی دامەزران و گواستنەوە و مردنی پزیشــکان لە ڕوسیادا و دوایین هەواڵ و ڕوداوە گرینگەکانی جیهانی تەندروســتی لــە لاپــەڕەی کۆتاییــدا چاپ دەکران

لای کاتژمێر سێ ، بەشەرم و لەڕوودامانەوە ، بەرەو لای دەرگای چێشتخانەکە دەچێت و کۆخەیەك دەکات و دەڵێ: ئەرێ داریۆشکا ! چۆنە نانێك بخۆم؟ ... هەر کە بە پەلەپرووزێ نانەکەی خوارد ، دەستەکانی لەشێوەی خاچ دەنێتە سەر سینگی و بەنێو ژورەکانی ئاپارتمانەکەدا ، دەکەوێتە پیاسەکردن و بیرکردنەوە. زەنگی کاتژمێرەکە ، کاتژمێر چوار و دواتر پێنج ڕادەگەیەنێ بەڵام ئەو هەروا خەریکی پیاسەکردنی خۆیەتی و لەنێو دەریای بیرکردنەوەدا نقوم بوە. جارناجارێك لایەکی دەرگاکە بەجیڕەجیڕێکی ناخۆش و بێزارکەرەوە دەکرێتەوە و ڕوخساری سور و خەواڵوی داریۆشکا دەردەکەوێ و دەپرسێ: کاتی ئەوە نیە بیرەیەك بخۆیتەوە؟

: نا ئێستا نا ... پەلەم نیە ... پەلەم نیە ...

جاری واش هەیە دەمەدەمی ئێوارە ، (میخائیل ئۆریانیچ) ی بەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستەی شار دێتە سەردانی.

میخائیل ئۆریانیچ تاکە کەسە لەو شارەدا کە دکتۆر ئەندرێی ڤیمیچ لە دیدار و هاونشینی لەگەڵیدا بێزار نابێت. ئەو کاتی خۆی یەکێك بوە لە ئاغاوەتە دەوڵەمەندەکان و لە لەشکری سوارەدا خزمەتی کردوە ، بەڵام دواتر لێکەوتوە و لەناچاریا بۆتە بەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستە. قەدوقیافەیەکی گەنجانە و ساخڵەم و ڕەفتار و ئاکاری بەرێزانەیە.

پیاوێکی میهرەبان و هەستیار و لەهەمانکاتیشدا توندە تەبیاتە. کاتێ لەشوێنی کارەکەیدا یەکێ لە هاوڵاتیان – کە کاروباریان کەوتۆتە ئەوێ – سەبارەت بە فەرمانێك نارەزایی بنوێنێ یان دیدێکی جیاوازی هەبێ یان بیەوێ بەڵگەیەك بێنێتەوە و ناڕازیی بێت ، میخائیل ئۆریانیچ لەپێستی خۆی دەچێتە دەرێ و جەستەی دەکەوێتە لەرزین و بەدەنگێکی بروسکەئاساوە دەشیرێنێ:

( بێدەنگبە). هەربۆیە دەمێکە لە فەرمانگەی پۆستەی شاردا بۆچونی جیاواز و تەنانەت شك و دودڵیش ترس دێنێتە ئاراوە.

میخائیل ئۆریانیچ ، دکتۆری بەهۆی ئەو زانست و زانیاریەی کە لایەتی و ئەو سروشتە جوامێرانەیەی کە هەیەتی ، خۆشدەوێ. خۆیشی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی لەگەڵ سەرجەم دانیشتوانی شاردا – جگە لەدکتۆر – هێندە گەورانە و خۆبەزلزانانەیە ، چەشنی کارمەند و فەرمانبەرەکانی ژێردەستی خۆی ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکات. کاتێ دێتە ماڵی دکتۆر ئەندرێی یڤیمیچ ، دەڵێ: ئەوە هاتم! سلاو گیانە ! پێدەچێ لێم وەڕەز بوبیت و بێزارم کردبی؟

دکتۆر وەلام دەداتەوە: تۆ هەمیشە ڕێزت هەیە ، نا بابە ، بەپێچەوانەوە زۆر خۆشحالم بەهاتنت ، هەمیشە بە دیتنت دڵم دەکرێتەوە.

چەند خولەکێك بە بێدەنگی لەسەر کاناپەکە دادەنیشن و دوکەڵی جگەرە بەبا دەکەن ، سەرەنجام دواتر دکتۆر بێدەنگیەکە دەشکێنێ و بانگ دەکا

: داریۆشکا ! چۆنە هەندێك بیرەمان بۆ بێنی؟

بتڵی یەکەم بە بێدەنگی دەخۆنەوە.

دکتۆر ، نقومی نێو دەریای بیرکردنەوەیە و میخائیل ئۆریانیجیش شاد و خۆشحاڵ سەروشکڵی لە کەسێك دەچێت کە زۆری لابێ بۆ قسەکردن.

دەرگای قسە ، هەمیشە دکتۆر دەیکاتەوە ، لەحاڵێکدا کە سەر ڕادەوەشێنێ و دەڕوانێتە چاوەکانی وی – لەکاتی قسەکردندا هەرگیز چاو نابڕێتە چاوی بەرامبەرەکەی و سەیری شوێنێکی تر دەکا – بەئارامی و هێدی هێدی دەست بە قسان دەکا: جێگای داخە ... میخائیل ئۆریانیجی خۆشەویست بەڕاستی جێگای داخە ئەم شارەی ئێمە خالیە لەو جۆرە کەسانەی کە دەتوانن لەبارەی بابەتێکی گرینگ و پڕبایەخەوە دانیشن و دوو قسەی شیاو بکەن. ئەمە

بەدچانسیەکی گەورەیە بۆمان. تەنانەت ڕۆشنبیرەکانیشمان جگە لە قسەی پوچ و بێ سود ، هیچی تریان پێ نیە. دڵنیات دەکەمەوە ئاستی ڕۆشنبیری و تێفکرینی رۆشنبیرەکانمان ، جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری و تێفکرینی ناپەسندترین چینی کۆمەڵگاکەماندا نیە.

: زۆر ڕاستە ، منیش هەمان بۆچونی تۆم هەیە.

دکتۆریش لەسەرخۆ و هێدی هێدی ، درێژەی دەداتێ: بێگومان خۆشت دەزانی کە لە دنیای ئێمەدا هەمو شتەکان جگە لە دیاردە ڕۆحی و ئاوەزیەکان ، خاڵین لە نرخ و بایەخ. هەست و ئاوەز ، تاکە شتێکە کە هێڵێکی سنوری و جیاکردنەوە لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا دەکێشێ و هەر ئاوەزیشە کە مرۆڤی بالاتر کردوە لە ئاژەڵ ، تا ئاستێکیش توانیویەتی قەرەبوی ئەو نەمریەی بۆ بکاتەوە کە بونی نیە. لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئاوەزی مرۆڤ تاکە سەرچاوەیە بۆ گەیشتن بە چێژ. بەلام لە دەوروبەری ئێمە ، نە هەست ، نە درک ، بە ئاوەز ناکرێ. کەواتە ئێمە بێبەشین لە چێژ. ڕاستە کتێبمان هەیە بەلام خوێندنەوەی کتێب لەگەڵ بەریەك کەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکیدا و قسە کردن لەگەڵیاندا ، جیاوازی نێوان زەوی و ئاسمانە. ئەگەر ڕێگام پێ بدەیت لێکچواندنێکیان لە نێواندا بکەم – ئەگەر زۆریش دروست نەبێت – ئەوا دەڵێم: کتێب بە نۆتەکانی موزیك دەچێت و گفتوگۆش بە گۆرانی.

: زۆر ڕاستە.

دواتر ، جارێکی تر بێدەنگی فەرمانڕەوایی بەسەر کەش و هەوای ژورەکە و نێوانیاندا ، دەکات. لەم کاتەدا داریۆشکا بە سیما و ڕوخسارێکی لێوانلێو لە خەم و پەژارەی بێ ماناوە ، لەچێشتخانەکە دێتە دەرێ و لەنێو دەرگاکەدا ڕادەوەستێ تا گوێ بداتە گفتوگۆکەیان.

میخائیل ئۆریانیچ ، ئاهێك هەڵدەکێشیٚ و دەڵێت: ئایا بەڕاست تۆ چاوەڕوانی ئاوەزت لەوان هەیە ! پاشان دەکەوێتە گێڕانەوەی ئەوەی کە چێژ و لەزەتی ژیان لەڕابردودا چۆن بوە و چەندە بیٚ گیروگرفت و خۆش بوە و سەرزەمینی روسیا خاوەنی چ رۆشنبیرەلێکی زیت و وریا و چالاك و بەهرەمەند بوە. ئەم رۆشنبیرانە ، سەبارەت بە چەمکی خۆشەویستی و شەرەف ، چ تێڕوانینێکی جوان و شایستەیان هەبوە و هەمیشە زۆر زیاتریان بەخشیوە لەوەی وەریان گرتوە و هاوکاری نەکردن و دەسگیرۆیی نەکردنی هاوڕێیەکی لێقەوماویان چەندە بەکارێکی شورەیی و چەپەڵانە زانیوە.

ئای لەو گەشتانە ، لەو سەرکێشیانە ، لەو بەریەککەوتنانە ، ئای بۆ ئەو هاوڕیٚ و ژنانە ! قەفقاز! ئای لەو سروشتە جوانە ! بیرمە ژنی فەرماندەی تیپێك – کە بەڕاستی ژنێکی سەیر بو ، جل و بەرگی ئەفسەری لەبەر دەکرد و بەتاقی تەنیا و بەبیٚ بەڵەد و کەسی شارەزا ، دەچوە کوێستانان و دەیانگوت گوایا لە دێیەکی ئەو کوێستانانە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ یەکێك لە فەرمانده بچوکەکاندا هەیە.

داریۆشکا ئاهێك هەڵدەکێشیٚ و دەڵیٚ: یامریەمی پیرۆز هاوارە ...

: چ بادەنۆشینێك! چ سفرە وخوانێکی ڕازاوە ! چ کەسانێکی لیبراڵی بوێر و بەدڵ!

ئەندرێی یڤیمیچ ، گوێی شلکردوە و لەهەمانکاتیشدا هیچ نابیستیٚ ، هۆشی لە شوێنێکی ترە ، فرِ فرِ بیرە دەخواتەوە ، بەڵام لەناکاو قسە بە میخائیل ئۆریانیچ دەبڕیٚ و دەڵیٚ: دەزانی من هەمیشە خەون بەوەوە دەبینم سەروکارم لەگەڵ کەسانی وریا و هۆشیاردا هەبێت و لەگەڵیاندا دابنیشم و قسەیان لەگەڵدا بکەم ، من باوکم بوە هۆکاری ئەوەی کە خوێندنی باڵا تەواو بکەم ، بەڵام لەژێر

کاریگەری تێڕوانین و بۆچونە زاڵەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگادا ، واتا ساڵانی ١٨٦٠ تا ١٨٧٠ دا ناچاری کردم ببمە دکتۆر. وا هەست دەکەم ئەگەر ئەوسا سەرپێچیم لە بڕیار و ڕێنماییەکانی کردبا ، ئەوا ئەمڕۆ لە یەکێك لە گرینگترین ناوەندە فکریەکاندا جێگای خۆمم کردبۆوە ، یان لەوانەیە بوبامە مامۆستای زانکۆ. ئەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم هەست و ئاوەز شتێکی بەردەوام و هەمیشەیی نیە بۆ مرۆڤ ، بەڵکو شتێکە بەردەوام مەترسی نەمان و لەبەینچونی لێدەکرێ. بەڵام ئێستا خۆت ئاگاداری کە بە چ هۆکارێکەوە حەزی لێدەکەم. ژیان داوێکی پەژارەهێنەرە ، کەسێك کە توانای بیرکردنەوەی هەبێت ، کاتێ تەمەنی هەرزەهزری تێپەڕدەکات ، ئەوسا بەبێ ویستی خۆی درك بەوە دەکات کە کەوتۆتە نێو داوێکەوە دەرباز بون لێی ئەستەمە. لەڕاستیدا مرۆڤ بەدوای زنجیرە ڕوداوێکەوەیە و بەبێ ئەوەی خواست و ئارەزوی خۆی لەونێوەدا بچوکترین ڕۆڵی هەبێت ، لە نەبونەوە بانگێشتی ژیان کراوە ... بۆچی؟ هیچ ... ئەو دەیەوێ لە فەلسەفەی هەبونی خۆی تێبگات ، بەڵام پرسیارەکانی بێ وەڵام دەمێننەوە ، یان ئەوەتا کۆمەڵێك قسەی قۆڕ و بەلاش و بێ بنەما دەرخواردی مێشکی دەدەن. دەرگاکان دەکوتێ ، بەڵام هیچ دەرگایەکی بەڕودا ناکەنەوە. سەرەنجام بەبێ حەز و خواستی خۆی – وەك چۆن سەرەتا هاتە ژیانەوە – دەمرێ و مەرگ دەبێتە میوانی.

چۆن کۆت و پێوەندی هاوبەش ، بەندیەکان کۆدەکاتەوە و بۆ ئەوەی برێك هەست بە ئارامی و ئۆقرەیی بکەن ، لەدەوری یەکتر کۆدەبنەوە ، ئاوهاش ئەو مرۆڤانەی کە حەز بە شیکردنەوە و جیاکاری و تاووتوێ کردن و گشتاندن دەکەن ، لای یەکتر کۆدەبنەوە و کاتەکانیان بە ئاڵوگۆڕ کردنی بیر و بۆچونەکانیان بەسەر دەبەن و ئەوسا هەست ناکەن کە کەوتونەتە داوی

ژیانەوە. هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە ، هزر و ئاوەز ، چێژێکی کەم وێنەیە بۆ مرۆڤ.

: زۆر ڕاستە.

دکتۆر ، بەبێ ئەوەی سەیری ڕوخساری میخائیل ئۆریانیج بکات ، هێدی هێدی قسەی دەکرد و لەبارەی حەزکردن بە قسە و گفتوگۆوە لەگەڵ کەسە وریا و هۆشیارەکانەوە دەدوێ و ئاشناکەشی بەوردی گوێی بۆ شلکردوە و جار جار سەرێکی بۆ دەلەقێنێ و دەڵێ: ( زۆر ڕاستە) ، بەڵام ئەمجارەیان دەپرسێ: ئەرێ بەڕاست دکتۆر! تۆ باوەڕت بە نەمریی ڕۆح هەیە؟

: نا میخائیل ئۆریانیجی خۆشەویست! باوەڕم پێیی نیە ، چونکە هیچ بەڵگەیەکم لەسەر ڕاستی و دروستی ئەو باوەڕە پێ شك نایەت.

: ئەگەر ڕاستیەکەیت دەوێ منیش لە شك و گوماندام ، جاری وایە هەستێکی وام لەلا دروست دەبێ کە دەڵێم من هەرگیز نامرم ، جاری واش هەیە بەخۆم دەڵێم: چیتە پیرەمێردی خەڵەفاو! قاچت لەسەر لێوی گۆڕە! هێندەت نەماوە غەزەلی خودا حافیزی بخوێنی ، بەڵام دەنگێکی کز و لاواز لە ناخمەوە دێت و دەڵێ: ( نا باوەڕ مەکە! هەرگیز باوەڕ مەکە! تۆ هەرگیز نامری).

لای کاتژمێر دەی شەو ، میخائیل ئۆریانیج هەڵدەستێ و خوداحافیزی دەکات و دەڕوات. لەنێو ڕاڕەوەکەدا و بەدەم لەبەرکردنی باڵتۆکەی و ئاخ هەڵکێشانەوە ، دەڵێ: سەیری ئەم چارەنوسە نەفرەتیە بکە و بزانە هەڵیداوینەتە چ گۆشەیەکی تەریك و دورەدەستەوە؟ بەڕاستی ئەوەی لەهەموو شتێك ناخۆشترە و مایەی داخ و پەژارەیە ئەوەیە مرۆڤ لەم شارەدا بمرێت ... ئاخ ... ئاخ.

## ٧

دکتـۆر ، میخائیـل ئۆریـانیچ بەڕێـدەکات و دواتـر خۆشـی دەگەڕێتـەوە سـەر مێزەکەی و دەست بە خوێندنەوە دەکاتەوە.

هیچ دەنگێك ، کپـی و ئـارامی دەمـەدەمی ئێـواریێ و دواتـریش بێـدەنگی شـەو ناشڵەقێنیێ. پێدەچیێ کات لەجوڵـە کـەوتبیێ و چەشـنی دکتـۆر ئەنـدرێی سـەری بەسەر کتێبەکەی دەستیدا لار بوبێتەوە و ڕۆچوبێتە نێو بێدەنگیەکی ڕەهـاوە. وەك ئەوەی لەو کتێب و چرا و تیشکی سەوزی چرایە بترازیێ ، هیچ شـتێکی تـر لەم دونیایەدا بونی نەبێت.

سیمای گرژ و مۆن و لادێییانەی دکتۆر ، لەبەرابەر بزوتنەوە فیکری و ئەندێشە مرۆڤانەکانـدا ، وردە وردە بـە زەردەخەنەیـەکی پڕاوپـڕ لـە جـۆش و خـرۆش و کاریگەری ، ڕوناك دەبێتەوە. دەکەوێتـە بیرکردنـەوە: ( ئـاه! نـازانم لەبەرچـی مرۆڤ نەمر نیە؟). ئەگەر چارەنوس وابوە کە ئەو نێوەند و ڕاڕەوانـەی مێشـك و ئەو هەستی بینین و توانای قسەکردن و بیرکردنەوە و ئەو ڕەوش و هەلومەرج و بلیمەتیانەی مرۆڤ بچێتە ژێـر گڵـەوە و دواتـر ببێتـەوە بـەخۆڵ و دوای ملیۆنـان ساڵ بیێ ئامانج و بیێ واتا ، هاوکات لەگەڵ گۆی زەویدا بـە خێراییـەکی زۆرەوە بەدەوری خـۆردا بسـوڕێتەوە ، کـەوابیێ هـەمو ئەمانـە سـودەکەیان لەکوێدایـە؟ ئەگەر تەنیا مەبەست بونەوە بـەخۆڵ و سوڕانەوەیە بەچواردەوری خـۆردا ، چ زەروریەتێکە کە وا پێویست دەکات مرۆڤ بـەو هـەموو بلیمـەتی و داناییـە خـوا

ئاسـایەیەوە ، لـە نەبونـەوە بخـولْقێنیْ و دواتـریش هـەر بـۆ گاڵتـە و فشـقیات بیکاتەوە بە خۆڵ؟).

گـۆڕانی شـکڵ و مـادە ! دڵخۆشـکردن بـە تیـۆری ساختەچـیانەی (نـەمریی) ئەوپەڕی ترسنۆکیە ! کار و کاردانەوە نەستیەکان کە لە سروشتدا ڕودەدا ، لە جێگاو شوێن و ئاستێکی چەپەڵتر لـە گەمژەییـەکانی مـرۆڤ ، جێگـای گرتـوە. چونکە لەم جۆرە گەمژەییانەدا هەرچۆنێك بێت شوێنەوارێك لە هەست و متمانە بەخۆبون بەدی دەکرێت ، بـەڵام لـە کـار و کاردانـەوەی سروشـتیدا نـە ئـەمیان هەیە نە ئەو. تەنیا ئەو مرۆڤەی لـە مـردن توقیـوە دەتـوانیْ دڵـی خـۆی بـەوە خۆشکات کە لەوانەیە دوای مردنی ، بە تێپەڕینی ڕۆژگار ، جەسـتەی لەبـەرگی گوڵ و گیا و بۆق و شتی لەوجۆرەدا درێـژە بـەژیانی خـۆی بـدات. بەسـتنەوەی نەمریی بە گۆڕانی شکڵ و مادەوە ، بە ئەندازەی شـکاندنی ڤیـۆلینێکی بـەنرخ لەبەر خاتری قەباغەکەی ، جێگای سەرسوڕمانە.

هەرجاریْ کە دەنگی زەنگی کاتژمێرە دیواریەکە بەرز دەبێتەوە ، دکتۆریش بۆ ئەوەی بتوانیْ هەندێك بیربکاتەوە ، پشت دەداتەوە بەمۆبلەکـەوە و چـاوەکانی لەسەریەك دادەنیْ. لەناکاو لەژێر کاریگەری ئەو بۆچون و ئەندێشە باڵایانەدا کە لە کتێباندا خوێندبونیەوە ، لە خۆی دەڕوانیْ ، ڕابردویەکی سەرتاپا نەفرەتاوی هەبو و باشتر وابو هەر بیریشی لیْ نەکاتەوە و خەفەتی زیاتری لیْ نەخوات.

ئەو ، زۆر باش دەزانیْ لەوکاتـەوەی کـە ئەندێشـەکانی وی کـە هاوکـات لەگـەڵ گۆی زەویدا بەدەوری خـۆردا دەسـوڕێتەوە ، چـەند هـەنگاوێك لـەولای شـوێنی مانەوەیەوە ، واتا لەبینای سەرەکی نەخۆشخانەدا ، کەسانێك هەن کـە لـە نێـو چنگی نەخۆشی و لەش بەباری و پیسـی و هەوکردنـدا ، پـەل دەکـوتن و ئـازار

دەچێژن. لەوساتەدا نەخۆشـەکان لەگـەڵ پەرسـتیارەکاندا کەوتونەتـە قومـار و بادەنۆشی.

ئاماری سالآنە نیشانی دەدا کە لە سالّی ڕابردودا نزیکـەی دوانـزە هـەزار کـەس سەردانی نەخۆشخانەیان کردوە ، ئەمە دروست بەواتای فریو خـواردنی دوانـزە هەزار کەس دێت لە سالێکدا. ئەگەر بەشـێوەیەکی گشـتی بـدوێیین ، کاروبـاری نەخۆشخانە ، دروست چەشنی بیست سالّ لەوەوبـەر لـە سـەر بناغـەی دزیـی و ڕیسوایی و ماستاوچـێتی و کلـك لێـك گرێـدان و فرۆفێـڵ و چـەوتی ڕاوەسـتاوە. خودی نەخۆشخانەکەش چەشنی بیست سالّ لەوەوبەر دامەزراوەیـەکی ناکۆکـە بە بنەما ئەخلاقیەکان و مەترسی و زیانێکی گەورەیە لەسەر ساخلّەمی ئەوانەی تێیدا کار دەکەن و جێگیرن.

ئەو ، زۆر باش دەزانێ کە لە ژوری ژمارە شەشدا و لـەودیو میلـە ئاسـنینەکانی پەنجەرەکانـەوە، نیکیتـا نەخۆشـەکان دەداتـە بـەر شـەق و زلـە و مویسـیکای یەهودیش هـەمو ڕۆژێ دەچـێتە دەرێ و مـاڵ بـە مـالّی شـار دەگـەڕێ و سـواڵ دەکات.

لەلایـەکی تـرەوە دکتـۆر ئەنـدرێی زۆر بـە باشـی ئاگاداری دوایـین پێشـکەوتنە سەرسـوڕهێنەر و بەرچـاوەکانی ٢٥ سـالّی ڕابـردوی بـواری تەندروسـتیە و دەزانێ لە دونیادا چ باسە. ئـەو کاتـەی لـە کۆلیـژی پزیشـکی دەیخوێنـد ، وای مەزەنـدە دەکـرد درەنـگ یـان زوو ، زانسـتی پزیشـکیش گرفتـاری هـەمان چارەنوسی بوارەکانی کیمیاگەری و میتافیزیك ، دەبێتەوە و هەمان چـارەنوس چـاوەڕوانیەتی. بـەلآم ئیـدی ئێسـتا کـە شـەوەکانی ژیـانی ، بـە خوێندنـەوەی کتێبان بەڕێدەکا ، سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی دونیای تەندروسـتی دەیخاتـە جۆش و خرۆش و سەرسوڕمان و تەنانەت حالّەتی شاگەشکەبونەوە.

چ سەرکەوتنەلێکی پرشینگداری چاوەڕوان نەکراو! چ شۆڕشێك! ئێستا ئیدی پزیشکە نەشتەرگەرەکان بە پشتیوانی و سود وەرگرتن لە دەرمانەلی نوێی دژە هەوکردن خۆیان لەقەرەی نەشتەرگەری وا دەدەن کە (پیرۆگۆف)[*] ی مەزن ئەنجامدانی نەشتەرگەری لەوشێوەیەی لە داهاتودا بە کارێکی مەحاڵ دەزانی.

ئیدی ئێستا ، دکتۆری شارۆچکەکانیش دەوێرن ئەژنۆی نەخۆشان ببڕنەوە. ئێستا لە کۆی سەد نەخۆشی برینی گەدە ، تەنیا یەکێکیان دەمرێ و نەخۆشیی بەردی مەسانەش چارەسەرکردنی هێندە ئاسان بوە تەنانەت گۆڤارەپزیشکیەکانیش ئامادە نین هیچی لەسەر بنوسن و بڵاو بکەنەوە ، نەخۆشی (سیفلیس) بەشێوەیەکی بنبڕ و یەکجاری کۆتایی پێدێت و چارەسەر دەکرێت. جگە لەوە نابێ میتۆدی بۆماوەیی و هیپنۆتیزم و دۆزینەوەی ڕێگاکانی کولاَندن و ساردکردنەوەش لەبیر بکەین و بەهەندیان نەگرین.

نەخۆشیە دەرونیەکان ، بە میتۆدە دۆزراوە و ناسراوەکانیانەوە و چارەسەر کردنیان بە گوێرەیی ئەوپلەبەندیە نوێیانەی کە تا ئێستا وەدەست هاتون ، جیاوازیان لەگەڵ ڕابردودا ئاسمان و ڕێسمانە. ئیدی ئێستا باوی ئەوە نەماوە بۆ چارەسەر ئاوی سارد بکەن بەسەری شێتەکاندا و کراسی تایبەتیان بکەنەبەر.

---

[*]( پیرۆگۆف*) ١٨١٠ – ١٨٨١ پزیشکی نێودار و نەشتەرگەری بەناوبانگی ڕوسیا لە سەردەمی جەنگ.

لەم سەردەمەدا بەشێوەیەکی ژیرانە و مرۆیییانە و نەرمونیان ڕەفتار لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرێ کە ئەقڵ و ئاوەزیان لەدەستداوە ، تەنانەت بەگوێرەی وتـەی ڕۆژنامەکان کۆڕی ئاهەنگ و سەماشیان بۆ ساز دەکەن.

ئەندرێی یڤیمیچ دەزانێ نەبونی توانا و حەوسەلە و ڕوانینێکی سەردەمیانە ، دەبێتە هۆکاری ئـەوەی لەشـارێکی بچـوکی چەشـنی شـارەکەی خۆیانـدا – کەنزیکترین ڕێگای ئاسن دو سەد ڤرست لێیەوە دوورە – ئەستەمە شـوێنێکی پیستر و نەفرەتیی تر لە چەشنی ژوری ژمارە شەش ، بونی هەبێت.

بەرپرس و ئەندامانی ئەنجومەنی ناوچەیەکی لـەم شـێوەیە ، هێنـدە نـەزان و گەمژەن کە وەك کاهینێك لە دکتۆر دەڕوانـن و تەنانـەت ئەگـەر مـزی تـواوەش بکات بەگەرووی مرۆڤدا ، دەبێ بێ چەندوچۆن متمانەی پێبکرێ. ئەگـەر هاتبـا و ئەم باسـتیلە بچـوکە لەشـوێنێکی تـردا بوایـە ، بـەبێ شـك و گومـان خـەڵکی ناوچە و ڕۆژنامەکان زۆر لەمێژبو لەگەڵ خاکدا یەکسانیان کردبو.

دکتۆر لێـرەدا ، چـاوەکانی دەکاتـەوە و لـەخۆی دەپرسـێ: (چـی ببێـت؟ ئـەم قسـانە سـودیان چـیە؟ ماهیـەتی کـار نـە گۆڕانکـاری بەسـەر دەرمـانی دژە هەوکردندا هێناوە ، نە دۆزینەوەی کوڵاندن و ساردکردنەوە. نەخۆشیی و مردن ، هەمان ئەو شتەی جاران کە هەبون. کۆڕی ئاهەنگ و سەما بۆ شێتەکان ساز دەکەن بەڵام ئامادەنین ئازادیان بکەن. کەوابێ هەمو ئەم شتانە قسەی قۆڕن و ڕاستیەکەی ئەوەیە باشترین دەرمانگای شاری ڤیـەنناش جیاوازیـەکی ئـەوتۆی لەگەڵ نەخۆشخانەکەی مندا نیە.

بەڵام خەفەت و هەستێکی لە چەشـنی ئێرەیـی ، دەبیتـە ڕێگـر لـەوەی کـە بـێ لایەن بمێنێتەوە و لەوانەیە خەفەتەکەشی لە ماندوێتیەوە سەرچاوەی گرتبێ.

سەری گێژ و قورسی دکتۆر ، بەسەر کتێبەکەی دەستیدا لار دەبێتەوە و هەردو ناولــەپی دەســتی دەنــێ بــە ڕومەتەکانیــەوە و لەگــەڵ خۆیــدا دەکەوێتــە بیرکردنەوە: ( کەوابێ من کەسێکی زیانبەخشم و بەهۆی ئەو کەسانەوە موچـە وەردەگرم کە فریویان دەدەم ، من کەسێکی شەرەفمەند نیم ... بەڵام خۆ مـن بەتاقی تەنیا هیچم پێناکرێت و ناچارم ببمە بەشێك لەو گەندەڵیـەی کـە هەیـە. هەمو کارمەندەکانی شـاریش بەهـەمان شـێوەی مـن زیانبەخشـن و موچـەیەکی مفت و خۆڕایی وەردەگرن ... لـەم ڕووەوە ئۆبـاڵی ئـەم گەندەڵییـە لەئەستۆی ڕۆژگار دایە نەك من ... کێ دەزانێ ئەگەر هاتبـا و دوسـەد سـاڵی تـر هاتبامـە دونیاوە ، چ مرۆڤێك دەبوم؟).

لەوکاتەدا کاتژمێرە دیواریەکە ، کاتـژمێر سـێی دوای نیوەشـەو ڕادەگەیـەنێ ، دکتـۆر چـراکە دەکوژێنێتـەوە و دەچـێتە ژووری نوسـتن ، بـەڵام خـەو ناچـێتە چاوی.

## ٨

نزیکـەی دو سـاڵ لەوەبـەر سـەرەنجام زمسـتۆڤۆ ، نـەرم بـوو و بڕیاریـدا تـا فراوانکردن و دەسبەکار بونی نەخۆشـخانەی وابەسـتە بـە زمسـتۆڤۆ ، سـاڵانە سێسـەد ڕۆبـڵ لـەژێر نـاوی هاوکـاری بـۆ کارمەنـدان ، بخرێتـە خزمـەت نەخۆشخانەکەوە. لـەنێو ئـەو کارانەشـیاندا (یـۆگینی فیـۆدۆرۆڤیچ خۆبۆتـۆڤ*) کەپزیشکی یەکێك لە شارەدێیەکان بو ، بانگ کرایە شـار تـا وەك یاریـدەدەری دکتۆر ئەندرێی یڤیمیچ دەسبەکار بێت. ئەو پیاوێکی گەنجە – تەمەنی لـە سـی ساڵ کەمترە – پرچ ڕەش و باڵابەرز و ڕوخسارێکی ڕەق و وشك و بێ گۆشـت و چاوانی گـەورە ، پێدەچـو بـاب و بـاپیرانی بیـانی بـن. بـەخۆی و جانتایـەك و گیرفانێکی بەتاڵەوە هاتـە شـار. ژنێکـی گـەنجی ناشیرنیشـی لەگەڵدابو کـە لـە هەمو شوێنێکدا بە چێشـتلێنەری خـۆی بەخـەڵکی دەناسـاند. ژنـە ، منـداڵێکی شیرەخۆرەی هەبو. یۆگینی فیۆدۆرۆڤیچ کاسکێت لەسەر دەکات و پـێڵاوی بـن بـەرز لـە پـێ دەکـات و زسـتانان قەمسـەڵەی چـەرم لەبـەر دەکـات. ئـەو زۆر بەزوویی لەگـەڵ سـێرگی سێرگییێڤیچدا بناغـەی ناسیاوەتی دادەڕێـژێ. بـەڵام ڕوون نیـــە بـــە چ هۆکارێکەوەیـــە کـــە کارمەنـــد و فەرمانبـــەرەکانی تـــر بـــە ئەریسـتۆکرات نێودەبـا و خـۆی لێیـان نزیـك ناخاتـەوە. لـەنێو ئاپارتمانەکەیـدا تەنیا یەك دانە کتێب هەیە : ( نوێترین جۆری دەرمانی دەرمانخانـەکانی ڤیـەننا لە ساڵی ١٨٨١ دا ) . هەرکاتێ بچێتە لای نەخۆشێك حەتمەن ئەم کتێبە لەگەڵ خۆیدا دەبات. ئێواران سەرێك لە یانە دەدات و هەندێك یـاری بلیـارد دەکـات ،

بەڵام حەزی بەیاری کاغەز نایەت. زۆر حەزدەکا لە تویێی قسەکانی ڕۆژانە و بینینی نەخۆشاندا دەستەواژەی لەچەشنی (حەبی سەرێشە) و ( پەڕۆی بەسرکە تەڕکراو ) و ( برۆ ئەولاوە سێبەر مەکە) بەکار بێنێ.

هەفتەی دو جار دەچێتە نەخۆشخانە و سەرێك لە ژوورەکان دەدات و لە تەندروستی نەخۆشەکان ورد دەبێتەوە. زۆر نیگەرانە لە ونبونی ڕاستەوخۆی کەمۆڵەکان و ئەو پیسی و بۆگەنیەی سەرتاپای نەخۆشخانەکەی گرتۆتەوە ، بەڵام لەترسی زوویربون و ڕەنجانی دکتۆر ئەندرێی ێڤیمیچ ، لەخۆیەوە بڕیار دەرناکا. ئەو سەرۆك و هاوکارەکەی خۆی ، یان بەواتایەکی تر دکتۆر ئەندرێی ێڤیمیچ بە (تەڵەکەبازی پیر) نێو دەبا و وای بۆ دەچێ سەروەت و سامانێکی زۆری وەسەر یەك نابێ. لەژێرەوە ئێرەیی پێ دەبا و بەتەواوی حەزەوە ئامادەیە جێگای بگرێتەوە.

## ٩

لە دەمەوئێوارانێکی یەکێ لە ڕۆژەکانی وەرزی بەهاردا کە بـەفرەکان ببونـەوە بە ئاو و ڕیشۆڵەکان لـە نێـو باخچـەی نەخۆشـخانەکەدا کردبویانـە هاتوهـاوار و فرِفـرِ ، دکتـۆر ئەنـدرێی لـەنێو ئاپارتمانەکـەی خۆیـدا بەمەبەسـتی بـەڕێکردنی میخائیل ئۆریانیچ ، هاتە دەرێ. لەم کاتەدا مویسیکای یەهودی – کە لە سـوالّ کردن دەهاتەوە – گەیشتەوە ناو حەوشە ، هیچی لەسەردا نەبو ، پاتەیەکی – کە بەئاستەم قاچەکانی داپۆشی بو – بەبێ گۆرەوی لەپێـدابو و تورەکەیـەکی بچوکی سوالّکردنیشی بەدەستەوە دەبینرا. بە لەرزین و پێکەنینەوە روی کردە دکتۆر و گوتی: کۆبیکێکم بدەرێ!

دکتۆر ئەنـدرێی ێڤیمـیچ ، کـە هـەرگیز دەسـتی بـەڕووی کەسـەوە نـەدەنا ، دە کۆبیکییەکی خستە نێو دەستی مویسیکاوە. پاشان چـاوی بریـە قاچـە ڕووت و گوێزینگە سور هەڵگەڕاوەکانی و لەگەڵ خۆیـدا کەوتـە بیرکردنـەوە: ( بەڕاسـتی خراپـە! خۆزگـە زەویەکـە تـەڕ نـەدەبو!). لـە دەرونـەوە هـەژا و بەهەسـتێکی تێکـەڵ بـە سـۆز و میهرەبـانی و هاوکـات نـەفرەت و بێزاریـەوە و بـەدەم سەیرکردنی جار جارەی سەری تاشراو و جار جاریش گوێزینگی قاچـی کـابرای یەهودیەوە ، دوابەدوای وی خۆی کرد بە ژوری ژمارە شەشدا.

لەگەڵ گەیشتنی ویدا ، نیکیتا ، کە لەسەر جـل و بەرگـە کـۆن و کەڵەکـەکراو و شرِوشـیتاڵەکانی تـر پاڵیـدابۆوە ، بـەرزەپێ ڕاسـتبۆوە و چەشـنی سـەربازان ئامادە ڕاوەستا. ئەندرێی ێڤیمیچ  بە دەنگێکی نەرم و هێدیـەوە گـووتی: سـلاّو

نیکیتا ! ئـەرێ چـۆنە چـەکمەیەك بدرێتـە ئـەو یەهوودیـە ! دەترسـێم سـەرمای بێت !.

: بەسەرچاو بەڕێزم ، فەرمانی بەڕێزت بە بەرپرسی دارایی ڕادەگەیەنم.

: تکایە پێی بڵێ. لەزاری منەوە تکای لێبکە و پێیی بڵێ کە من ڕامسپاردوی.

دەرگای ژووری ژمارە شەش لەسەرپشت بو ، ئیڤان دیمتریج لـە جیگـای خـۆی قووت بۆوە و شپرزە و نیگەران گوێی بۆ ئەو دەنگە نائاشنایە شل کرد و دواتر دەنگی دکتۆری ناسیەوە و لە ڕقان لەرزی لێ نیشت و لە جێگاخەوەکەی هاتـە خوارێ و بەڕوخسارێکی سوورهەڵگەڕاوو و چاوانی دەرپەڕیووەوە هاتە نێوەنـدی ژورەکە و دەستی کردە پێکەنین و هاواری کرد: دکتۆر هات! سەرەنجام هات! براینە پیرۆزباییتان لێدەکەم دکتۆر هات و ڕزگاری کردین.

بـەڵام پـاش کـەمێك هـاواری کـرد: ئـەی مـاری نـەفرەتی! پاشـان بـەجۆش و خرۆشـێکی زۆرەوە کـە پێشـتر هـیچ کـات وێنـەی لـە ژووری ژمـارە شەشـدا نەبینرابو ، قاچەکانی کووتـا بـە زەویـدا و درێـژەی دایـە: ئـەم مـارە نەفرەتیـە دەبێ بکوژرێ! نا نـەخێر! نـا ! شـایانی کوشـتن نیـە ، دەبـێ بخرێتـە چاڵی ئاودەستەوە !.

دکتۆر ئەنـدرێی یڤیمـیچ کـاتێ ئـەم قسـانەی بیسـت ، لەڕاڕەوەکـەوە سـەرێکی کێشایە ژورێ و بەنەرمی پرسی: لەبەرچی؟

ئیڤان دیمتریج لەحاڵێکدا کە ڕوخسـاری شـکڵ و شـێوەی سـوکایەتی پێکردنـی بەخۆوە گرتبو ، بەلەرزەلەرز و بەدەم لیباس لە خۆ وەرپێچانەوە ، بـەرەو لای دکتۆر ڕۆیشت و هاواری کرد

: لەبەرچی؟

پاشان لێوەکانی بەشێوەیەك لێك کردنەوە ، وەك ئەوەی تف بکات و دواتر بەحاڵەتێکی لێوانلێو لە بێزاریەوە درێژەی دایە: لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی کە تۆ دزی ، حۆقەبازی ، جەلادی.

دکتۆر ئەندرێی ڤیمیچ بە زەردەخەنەیەکی تێکەڵ بە ڕق و شەرم و هەستکردن بە گوناهەوە ، گووتی: ئارام بگرە ، دڵنیات دەکەمەوە لەژیانمدا دزیم نەکردوە و لەبارەی ئەو تۆمەتانەی تریشەوە کە داتە پاڵم ، دەبێ بڵێم زۆر لە هەڵەدایت. دەبینم لێم توڕەیت ، تکات لێدەکەم ئەگەر لەتواناتدا هەیە بڕێك دان بەخۆتدا بگرە و هۆکاری ئەو ڕق و توڕەییەتم بەهێمنیی بۆ روون بکەرەوە.

: لەبەرچی لێرە ڕاتگرتوم؟ بۆ ئازادم ناکەیت؟

: لەبەر ئەوەی کە نەخۆشیت.

: ڕاستە نەخۆشم ، بەڵام خۆ ڕۆژانە بە دەیان و بگرە سەدان شێت بەکەیفی خۆیان بەنێو شاردا دێن و دەچن! ئەمەش لە ئەنجامی گەمژەیی و نەزانی بەڕێزتەوەیە کە توانای لەیەك جیاکردنەوەی مرۆڤە شێت و ئاقڵەکانت نیە. نازانم لەبەرچی لەنێو ئەو هەموو شێتانەدا دەبێ تەنیا ئەم چەند بەدبەختە لێرەدا بەند بکرێین؟ کەسی لە ئێمە بەدبەختترت چنگ نەکەوت؟ لە کاتێکدا کە خودی خۆت و یاریدەدەرەکەت و بەرپرسی دارایی و تەواوی پاککار و پەرستیار و کارمەندە ناکەسبەچەکانی نەخۆشخانەکەتان لەلایەنی ئاکاریەوە زۆر زۆر لە ئێمە نزمتر و خراپترن ، ئەدی لەبەرچی ئێمە لەنێو ئەم چوار دیوارەدا بەند بکرێین و ئێوەش بۆخۆتان بەئازادی تەڕاتێن بکەن؟ ئایا ئەمە ڕاستە؟

: ئەم بابەتە پەیوەندی بە ئاکار و ڕاستیی و مەنتیقەوە نیە ، هەمو ئەمانە پەیوەستن بە ڕێکەوتەوە ، ئەوەی خرابێتە نێو چواردیوارەوە ئەوە گرفتارە و

ئەوەیشی کە نەخراوە بۆخۆی ئازادانە دەگەڕێ. وەك دەبینی من دکتۆرم تۆش نەخۆشێکی دەرونیت ، ئەمە نە پەیوەندی بە بنەما ئەخلاقیەکانەوە هەیە ، نە بە ڕاستی و مەنتیقەوە ، بەڵکو سەرەنجامی ڕێکەوتێکە.

ئیڤان دیمتریج ، بە دەنگە گیراوەکەیەوە گووتی: هیچ سەر لەو قسە بێسودانەت دەرناکەم ...

ئەمەی گووت و لەسەر جێگاخەوەکەی دانیشت ، لەم کاتەدا مویسیکا – کە نیکیتای پاسەوان لەبەر دکتۆر لەڕووی هەڵنەهاتبو گیرفانەکانی بپشکنێ – هەندێك ورتکەنان و پارچەکاغەز و چەند قلە میوەیەکی لە سەر جێگاخەوەکەیدا ڕیز کردبون و لەحاڵێکدا کە هێشتا لەسەرمان دەلەرزی ، بەتۆنێکی چەشنی ئاواز و گۆرانی ، بە زمانی عیبری قسەی دەکرد. پێدەچو لەخەیاڵی خۆیدا خاوەن دوکان بێت و سەرگەرمی کاروکاسبی بێت.

ئیڤان دیمتریج ، بەدەنگێکی لەرزۆکەوە گووتی: بۆ ئازادم ناکەیت؟

: ناتوانم.

: بۆچی ناتوانی؟ لەبەرچی؟

: ئازادکردنی تۆ لە توانای مندا نیە ، خۆت بڕیار بدە ! دامنا هەر ئێستا ئازادم کردی ، بەڵام وەرە بیری لێبکەرەوە و بزانە چ بەرژەوەندیەکی تۆ لەوەدایە؟ دامنا هەر ئێستا ئازادم کردی و چویتە دەرێ بەڵام دڵنیا دڵنیابە کە خەڵکی شار خۆیان یان پۆلیس دەسگیرت دەکەن و دەتگەڕێننەوە ئێرە.

ئیڤان دیمتریج ، نێوچاوانی خۆی سڕی و لەژێر لێوەوە گووتی: بەڵێ ، ڕاست دەکەی ... بەڕاستی ترسناکە ! ئەدی کەوایە چ بکەم؟ چارەنوسم چیە؟

دکتۆر ، دەنگی ئیڤان دیمتریج و ڕوخساری گەنجانە و زیتەڵانەی و ئەو حاڵەتی گۆڕانکاریە جوانانەی کە جار جار بەسەر ڕوخساری خۆیدا دێنا ، کەوتە بەردڵ

و حەزی کرد دڵی ئـەم گەنجـە بداتـەوە و ئـارامی بکاتـەوە ، لەتەنیشـت ئـەو و لەسەر لێواری جێگاخەوێك دانیشت ، ساتێك کەوتە بیرکردنەوە و دواتر گووتی: تۆ پرسیت چارەنوسم چیە؟ منیش دەڵـێم بـەو ڕەوش و هەلومەرجـەی کـە تـۆ تێیدایت ، باشترین ڕێگاچارە ئەوەیە لێرە ڕابکەیت ، بەڵام نا ... بەداخەوە ئەم کارەش بێ ئەنجامـە ، چـونکە دەسـگیرت دەکەنـەوە ، کۆمەڵگایـەك کـە ڕووی خۆی لە تاوانباران و دەروونەخۆشان و بەگشتی کەسانی نائاسـایی ، وەرگێـڕێ و پشتیان تێبکات هیچ کاتێك پشـتی بـەزەوی ناکـەوێ. تـۆ تـەنیا یـەك ڕێگـات لەبەردەمدایە: دڵخۆشکردن بەوەی کە مانـەوەت لێـرەدا پێویسـتە ، بـەوە دڵـی خۆت بدەرەوە و دان بەخۆتدا بگرە.

: بەڵام ئاخر مانەوەی من لێرەدا پێویست نیە.

: دڵنیابە کاتێ زیندانێك یان نەخۆشخانەیەك درووست دەکەن ، دەبێ هەنـدێك کەسی تێ بخزێنن – ئیدی من بم یان تۆ یان هەر کەسـێکی تـر بێـت – باشـتر وایە بتوانی تا ئەو دەمەی کە لە داهاتوودا هیچ هەواڵێك لە تیمارگەی دەرونی و زیندانـەکان نـامێنێ ، دان بەخۆتـدا بگریـت. ئیـدی ئـەوکات نـە میلەئاسـنی پەنجـەران شـوێنەواریان دەمـێنێ ، نـە کراسـی شـۆڕی تیمارگـە دەرونیـەکان. بەدڵنیاییەوە ڕۆژێکی لەوچەشنە درەنگ یان زوو هەر دێت.

ئیڤان دیمتریچ ، زەردەیەکی تەوساویی کرد و چاوەکانی بڕێك گچکە کردنەوە و گوتی: گاڵتە دەکەی. کەسانی بەڕێزی لەچەشنی ئێـوە و نیکیتـای بەردەسـتان کارتـان بەسـەر ئایـندەوە نیـە ، بـەڵام بـەڕێز! دڵنیابـە لـەوەی کـە ڕۆژگـار و سەردەمێکی باشتر بەڕێوەیـە و – دامنـا لەوبارەیـەوە زیـادڕەویم کـرد و تـۆش ئازادی پێکەنینت بەو قسانەم بێت – کازیوەی ڕۆژێکی نوێ بەڕێوەیە و ڕاسـتی سەردەکەوێت و وەك دەڵێن جەژن و شادی کۆڵانی ئێمەش دەگرێتـەوە. دەزانم

ئەستەمە من ئەو ڕۆژە ببینم ، تا ئەوکات دەمرم ، بەلاّم نەوەکانی داهاتو ئەو ڕۆژە بەچاوی خۆیان دەیبینن. منیش بە تەواوی بونمەوە سلاّویان بۆ دەنێرم و شادی و ئاهەنگیان بۆ دەگێڕم! بۆپێشەوە هاوڕێیان خودا پشتوپەناتان بێت!
ئەمجارەیان لەحالێکدا کە چاوەکانی پڕیشکیان دەهاویشت و تروسکەیان دەدا ، قیت بۆوە و دەستەکانی بەرەو لای پەنجەرەکە درێژ کردن و بەدەنگێکی تێکەلّ بە جۆش و خرۆشەوە درێژەی دایە: لەم دیوی ئەم میلە ئاسنانەوە نزای خێرتان بۆ دەکەم ، بژی ڕاستی ، من دەیکەمە شادمانی.
دکتۆر – کە دلّی بەو هەلّسوکەوت و ڕەفتارانەی ئیڤان دیمتریچ کرابۆوە و لای خۆیەوە بەجولّە و بزاوتی ئەکتەرانە و نمایشی چواندبو – گوتی: هیچ هۆیەکی دیاریکراو بۆ دەربڕینی ئەم شادی و خۆشیەت نابینم ، بەلاّم لەگەلّتدام منیش پێموایە لەداهاتودا جێگا و شوێنی لەچەشنی ئێرە و زیندانەکان ، ئاسەواریان نامێنێ و وەك تۆ ئاماژەت پێکرد حەق و ڕاستی سەردەکەون ، بەلاّم کرۆکی شتەکان گۆڕانکاریان بەسەردا نایەت و یاساکانی سروشت وەك خۆیان دەمێننەوە. لەداهاتوشدا وەك ئەمڕۆ ، مرۆڤەکان پیر دەبن و نەخۆش دەکەون و سەرەنجام دەمرن. دامنا کازیوەی ڕۆژێکی نوێش ئایندەی روناك کردنەوە ، بەلاّم کۆتاییەکەی ئەوەیە کە تەرمەکانیان دەخەنە نێو تابوت و شۆڕیان دەکەنەوە بۆ نێو گۆڕ .
: ئەدی (نەمریی) چی بەسەر دێت؟
: دەتوخودا بەسە!
: ئەگەر تۆ باوەڕت بە نەمریی نیە من باوەڕم پێیەتی ، یەکێك لە پالّەوانەکانی داستایڤسکییە یان ڤۆلّتێرە دەلّێ: ( ئەگەر خودا بونی نەبا مرۆڤەکان خۆیان

دروستیان دەکرد*) ، بەلاّم من باوەڕێکی پتەوم هەیە و دڵنیام ئەگەر نەمرییش بونی نەبێت ، ئەوا ئەقڵ و ئاوەزی گەورەی مرۆڤ درەنگ یان زوو دایدەهێنێ.

ئەندرێی ڤیمیچ ، لەڕوی ڕەزامەندیەوە سەرێکی لەقاند و گووتی: زۆر جوانت گووت ، زۆرم پێخۆشە کە باوەڕداری. مرۆڤی باوەڕدار ئەگەر بیخەنە درزی دیوارێکیشەوە دیسان دەتوانێ درێژە بەژیانێکی ئارام و بێ گرفت بدات. ئەرێ بەڕاست تۆ لەکوێ خوێندوتە؟

: لەزانکۆ دەمخوێند ، بەلاّم نەمتوانی تەواوی بکەم و بەنیوەچڵی جێمهێشت.

: تۆ مرۆڤێکی هۆشیار و وریای ، ئەگەر لە ژیاندا هەر کێشە و گرفتێکت بێتە بەردەم توانای ئەوەت تێدایە لەناخی خۆتدا ئارامیی وەدەست بێنی. بیرکردنەوە و ئەندێشەی ئازاد و قوڵ کە ئامانجەکەی تەنیا درك کردنی ژیان بێت وە هەستکردن بە نەفرەتێکی ڕەها بەرامبەر بە کێشە و ئاشوبە گەمژانەکانی دونیا ، دو نیعمەتن کە مرۆڤ هیچ کاتێك لەوان بالآتری نەبینیوە. من پێموایە ئەگەر بتخەنە ئەودیو ئەو سێ ڕیزە میلە ئاسنانەشەوە دیسان دەتوانی لەو دو نیعمەتە بالآیە بەهرەمەند بیت. (دەیوژن)[*] لەنێو بەرمیلێکدا دەژیا کەچی لە هەمو پاشاکان خۆشبەختتر بو.

---

[*](دەیوژن*) یان دیوجانس فەیلەسوفێکی یۆنانی بو کە ماڵ و ملّك و کەرەستەکانی خۆشگوزەرانی هیچ گرینگیەکیان نەبوە لەلای و هیچ بایەخێکی بە مادیات نەداوە و لەنێو بەرمیلێکدا ژیاوە. دەگێڕنەوە کاتێ ئەسکەندەری مەکدۆنی چوّتە لای و سەردانی کردوە ، پێی گوتوە: پێویستیت بە چیەپێمبڵێ؟ ئەویش لەوەلآمدا گوتویەتی: تەنیا دەمەوێ لێرە بڕۆیت و بەری خۆرەکەم لێنەگری. پاسەوانانی ئەسکەندەر دەیانەوێ پەلاماری بدەن ، بەلاّم ئەسکەندەر پێشیان پێدەگرێ و دەڵێ: لێیگەڕێن ئەگەر هاتبا و ئەسکەندەر نەبام ئەوا حەزمدەکرد ببمە دەیوژن. و ك .

ئیڤان دیمتریچ ، نێوچاوانی تێکنا و گووتی: ئەو دەیوژنەی تۆ مرۆڤێکی زۆر گەمژە بو ، ئەم قسە بێ سود و بێ هودانە چین کە لە بارەی درك و تێگەیشتن و نازانم چیەوە لەگەڵ مندا دەیانکەیت؟

ئەمەی گووت و لەناکاو تورە بو و هەستایە سەرپێ و درێژەی دایە: من ژیانم خۆشدەوێ ، عاشقانە حەزی لێدەکەم ، من دوچاری ئەو شێتیە هاتوم کە وا هەست دەکەم بەردەوام چاودێریم دەکەن و بەدوامەوەن ، بەردەوام لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژیم ، بەلاّم هەندێك جار تینوێتی بۆ ژیان وەها جەستەم دادەگرێ کە دەترسێم شێت بم. من ژیانم زۆر خۆشدەوێ ، لە ڕادەبەدەر ژیانم خۆشدەوێ. دواتر لەحاڵێکدا کە بەجۆش و خرۆشەوە بەنێو ژورەکەدا هەنگاوی دەنان ، بەهێواشی گوتی: کاتێ گرفتاری خەون و خەیالاّت دەبم ڕۆحەکان دێنە لام ، دەنگە دەنگی جۆراو جۆر و نەوای موزیك دێتە بەر گوێم و وا هەست دەکەم بەنێو جەنگەڵەکان و کەناری دەریاکاندا پیاسە دەکەم ، لەم حاڵەشدا لەنێو ئاگری حەزی کار و تەقەللا دا دەسوتێم ... ڕاستیەکەی حەزم لێیە لەبارەی ئەوێوە قسەم بۆ بکەیت! چ باسە؟

: مەبەستت لە هەواڵەکانی شارە یان هەواڵەکان بەگشتی؟

: سەرەتا هەواڵەکانی شار و پاشان هەواڵەکان بەگشتی .

: زۆر باشە ئەگەر لەبارەی شارەوە دەپرسی ئەوا دەبێ بڵێم شارێکی ناخۆش و بێزارکەرە ... نە کەست وەگیر دەکەوێ قسەی بۆ بکەیت ، نە گوێگرێك گوێت بۆ ڕادێرێ ، کەسەکان هەمان کەسی جارانن و کەسی تازەیان تێدا نیە ... ئەڵبەتە ماوەیەك لەمەوبەر دکتۆرێکی لاو بەنێوی خۆبۆتۆف هاتۆتە شار.

ئەمە شتێکی تازە نیە ، مرۆڤێکی گرژ و مۆن و بێ شەرم دیارە وەنیە؟

: بەڵێ کەسێکی بێ ڕێزە ... دەزانی زۆر سەیرە ... لەکارەکانیانەوە دیارە کە لە (پایتەختەکانی ئێمەدا *) بیر و ئەندێشە ، ئارام گرتنیان نیە. بەڵکو بەردەوام جوڵە و پێشکەوتن هەیە ، لەبەر ئەمە دەبێ لەو جۆرە شوێنانەدا مرۆڤەلی واقیعی بونیان هەبێ بەلاّم تێناگەم لەبەرچی و بە چ هۆکارێکەوە هەرجارە و کەسێك دەنێرنە لام کە تەنانەت توانا و حەوسەلەی سەیرکردنی ڕوخساریشیم نەبێ؟ شارێکی ناخۆشمان هەیە.

ئیڤان دیمتریچ ئاهێکی هەڵکێشا و بە پێکەنینەوە گوتی: بەڕاستی ناخۆشە ، ئەی دەنگوباسی تر چی هەیە؟ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان چ دەنوسن؟

نێو ژورەکە تاریك داهاتبو ، دکتۆر هەستا و هەر بەپێوە هەندێك لەبارەی هەواڵ و وتاری ڕۆژنامە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و هەروەها لەبارەی ئاراستە فیکریە نوێیەکانەوە – کە باوی ڕۆژن – دوا.

ئیڤان دیمتریچ بەووردی گوێی شلکردبو و جار جار پرسیارێکی دەکرد ، بەلاّم ئەمجارەیان لەناکاو – چەشنی ئەوەی شتێکی ترسناکی بیرکەوتبێتەوە – سەری خستە نێو دەستەکانی و لەسەر جێگاخەوەکەی پاڵکەوت وپشتی کردە دکتۆر .

دکتۆر ئەندرێی پرسی: چیە! چیتە بۆ واتلێهات؟

ئیڤان دیمتریچ بەدەنگێکی تێکەڵ بەڕقەوە وەلاّمی دایەوە: ئیدی ئامادە نیم هیچ قسەیەکت لەگەڵدا بکەم لێمگەڕێ و بڕۆ وازم لێبێنە.

---

(پایتەختەکانی ئێمە)* مەبەست لە هەردو پایتەختی زستانە و هاوینەی ڕوسیای سەردەمی قەیسەرە ، واتا هەردو شاری مۆسکۆ و پترۆسبۆرگ.

: ئاخر پێم بڵێ بزانم لەبەرچی؟

: گوتم برۆ و وازم لێ بێنە ! بۆ دەستم لێ هەڵناگری؟

دکتۆر شانەکانی هەڵتەکاندن و ئاهێکی هەڵکێشا و لەژورەکە وەدەرکەوت.

کاتێ بە ڕاڕەوەکەدا تێپەڕ دەبو ، ڕویکردە نیکیتا و گووتی: چۆنە ئێرە هەندێك خاوێن بکەیتەوە؟ بۆنێکی زۆر قورس و ناخۆشی هەیە.

: فەرمانتە بەڕێزم.

دکتۆر لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵ ، کەوتە بیرکردنەوە: لاوێکی چەندە ئێسك سوکە ! پێدەچێ لەتەواوی ئەو ماوەیەی لێرەم بەسەر بردوە تاکە کەس بێت کە شایانی ئەوەبێت مرۆڤ دو قسەی لەگەڵدا بکات. ئەم لاوە دەزانێ پاڵپشت و بەڵگە بۆ قسەکانی بێنێتەوە و تێبینیەکانیشی دروستن و لەجێگای خۆیاندان و گرینگی بەو شتانە دەدات کە گرینگن و شایانی بایەخ پێدانن.

ئەو شەوە ، چ لەکاتی خوێندنەوە ، چ لە کاتی چونە نێو جێگا ، جگە لە ئیڤان دیمتریچ ، ئەو گەنجە ڕەزا سوکە ، بیری لە هیچ شتێکی تر نەدەکردەوە. بەیانی ڕۆژی دواتریش ، هەرکە لەخەو هەستا ، بیری کەوتەوە کە لەگەڵ کەسێکی زیرەك و وریادا بۆتە ئاشنا ، بۆیە لای خۆیەوە بڕیاری دا لە یەکەمین دەرفەتێکدا کە بۆی دەرەخسێ جارێکیتر سەری لێبداتەوە.

## ١٠

ئیڤان دیمتریچ ، چەشنی شەوی پێشتر سەری خستبوە نێو دەستەکانی و قاچەکانیشی بەخۆیەوە جووت کردبون و ڕوخساری بەدی نەدەکرا. دکتۆر وەژورکەوت و گوتی: سلاّو هاوڕێی خۆشەویست خۆ نەنوستبوی؟

ئیڤان دیمتریچ ، چۆن سەری بە سەرینەکەوە نوساندبو ، هەروا وەڵامی دایەوە: یەکەم من هاوڕێی تۆ نیم و دوەمیش ئەو هەوڵ و تەقەللایەی دەیدەییت بێ سوودە چونکە ئامادە نیم یەك وشە چیە لەگەڵتا بدوێم.

: سەیرە ... دوێنێ وتووێژەکانمان دۆستانە بوون ، تێناگەم چی ڕوویدا کە ئاوا کتوپڕ لێم زوویر بویت و چیتر قسەت لەگەڵدا نەکردم ... ناکا ئاگام لەخۆم نەبوبێت و قسەیەکی نەشیاوم بەدەمدا هاتبێ ، یان دژی بۆچونەکانت بوبم!...

ئیڤان دیمتریچ لەسەر جێگا خەوەکەی قیت بۆوە و بە پەرێشانیەوە نیگای چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی تێبڕی و وەڵامی دایەوە: پێتوایە بەو ئاسانیە باوەڕ بە قسەکانت دەکەم؟ ئێرە ئەو شوێنە نیە کە بتوانیت بەئارەزووی خۆت جاسوسیی تێدا بکەیت و خەڵکی تێدا ئەشکەنجە بدەیت ، ئیدی تۆ لێرە هیچ کارێکت نیە ، دوێنێ بۆم دەرکەوت بە چ مەبەستێك هاتبویتە ئێرە.

دکتۆر زەردەیەکی کرد و گووتی: تۆ چ بوختان و تۆمەتی سەیروسەمەرە بۆ مرۆڤ هەڵدەبەستی؟ بە جاسوسم تێگەیشتوی؟

: بەڵێ ، بۆ هیچ جیاوازیەك هەیە لەنێوان ئەشکەنجەدانی دکتۆرێك و کارمەندێکی دەزگا تەناهیەکاندا؟

: بمبورە ... بەڵام بەڕاستی تۆ مرۆڤێکی سەیر و سەمەرەیت!

ئەمجار لەسەر لێواری جێگاخەوێك دانیشت و سەرێکی بادا و گوتی: دامنا هەق بەتۆیە ، دامنا نیازی ئەوەم هەیە قسەت لێ دەربێنم و بیکەمە ڕاپۆرت و بیدەمە پۆلیس ، دواتر چ دەقەومێ؟ بێ گومان دێن و دەسگیرت دەکەن و ڕەوانەی دادگات دەکەن و دواتر دەتخەنە زیندانەوە ، بەڵام ئایا تۆ پێتوایە لە دادگا و زینداندا ڕەوشی ژیانت لێرە خراپتر بێت؟ من واهەست دەکەم و لەسەر ئەو باوەڕەم ئەگەر دوریشت بخەنەوە و تەنانەت بتخەنە ژێر کاری زۆرەملێشەوە دیسان ڕەوشی ژیانت لێرە خراپتر هەر نابێت! نا! نەخێر خراپتر نابێت! ئیدی نازانم تۆ لە چی دەترسێییت؟

پێدەچو قسە و وتەکانی دکتۆر کاریگەریان لەسەری دانابێت چونکە تا ڕادەیەکی باش هێوور بۆوە و پاشان دانیشت.

کات نزیك بە پێنجی ئێوارە بو. ڕۆژانی تر ئەم کاتانە ، دکتۆر بەنێو ژورەکانی ئاپارتمانەکەیدا دەهاتوو و دەچوو و داریۆشکا پرسیاری لێدەکرد کاتی ئەوە نیە بیرەیەك بخواتەوە.

کەش و هەوای دەرێ ، ڕون و ئارام بو.

دکتۆر گوتی: دوای نانخواردن حەزمکرد هەندێك پیاسە بکەم ، هەروەك دەبینی بەسەر ڕێگای خۆمەوە ویستم سەرێك لە تۆش بدەم ، چ بەهارێکی خۆشە!

: ئەرێ بەڕاست لە چ مانگێکداین؟ ئازار؟

: بەڵێ ئاخر و ئۆخری مانگی ئازار.

: لەوانەیە حەوشەی نەخۆشخانە پڕ لە گوڵ و گیا بێت!

: نا بەو شێوەیەش نیە ، باریکە ڕێگاکانی نێو حەوشە سفت و وشك بونە.

ئیڤـان دیمتریـج ، چەشـنی کەسـێك کـە تـازە لەخـەو هەسـتابێ ، چـاوە سـوور هەڵگەڕاوەکانی هەڵگڵۆفت و گوتی: لـەم کـات و سـاتانەی سـاڵ و لـەم کـەش و هەوایانـەدا ، مـرۆڤ حـەز دەکـات گالیسـکەیەك بگرێـت و بەدەوروبـەری شـاردا بسـوڕێتەوە و دواتـر بـەرەو ماڵەکـەی ، بـەرەو ژوورە گـەرم و گوڕەکـەی خـۆی بگەڕێتەوە و ... بۆ ئەوەی ڕزگار بێت لەو ژانە سەرەی کە گرتویەتی بچێتە لای دکتۆرێکی باش ... زۆر لەمێژە وەك مرۆڤـان نـەژیاوم. بەڕاسـتی ئێـرە کـەش و هەوا و ڕەوشێکی نەفرەتاوی و قێزەونی هەیە !

دوای ئەو جۆش و خرۆشەی شەوی ڕابردو ، لاواز و بێ توانا دەهاتە بەرچاوان ، زۆر بـەبێ مـەیلیی و بێتواناییـەوە قسـەی دەکـرد ، پەنجـەکانی دەلـەرزین و ژانەسەرێکی قورس ، لەچاوەکانیدا هەست پێدەکرا.

ئەنـدرێی یڤیمـیچ گـوتی: ژووری گـەرموگوڕ و ئاسـودە ! ئـەم ژورانـە هـیچ جیاوازیـەکیان لەگـەڵ یـەکتردا نیـە ، دەبـێ لـەناخی خۆتـدا بـۆ ئـارامیی و ئاسودەیی بگەڕێی نەك لە دەرەوە.

: چۆن؟

: سەیرکە ! مرۆڤە ئاسـاییەکان باشـی و خراپـی ڕەوشـی ژیانیـان لـە دەرەوەی بوونی خۆیاندا واتا لە گالیسکەی تایبـەتی و ژوری کـار و شـتی لـەو شـێوەیەدا دەبیننەوە بەڵام مرۆڤە زیرەك و هۆشمەندەکان لەناخی خۆیاندا.

: برۆ بانگەشەی ئەم فەلسەفەیە لەو یۆنانەدا بکە کە کەش و هەوایەکەی گـەرم و لێوانلێو لە بۆنی بەهاریی نارنجە ، ئەو فەلسەفەیەی تۆ لەگەڵ کەش و هەوای ئێرەدا ناگونجێ ، ئەرێ بەڕاست لەگەڵ کێدا بـو لـەبارەی دەیوژنـەوە قسـەمان دەکرد؟ تۆ بوی؟

: بەڵێ ! دوێنی شەوێ هێندێك لەبارەی دەیوژنەوە دواین.

: دەیوژن لەبەر گەرمیی کەش و هەوا و بۆنی خۆشیی ولأتەکەی ، پێویستی بەوە نەبو خۆی بترنجێنێتە نێو ژورێکی گەرموگوڕەوە بۆیە لەنێو بەرمیلدا دەژیا ، بۆخۆی هەر پرتەقالّ و زەیتونی دەخوارد ، بەلأم با هاتبایە ڕوسیا ئەوسا بزانە چۆن سەرما پرزەی لێدەبڕی و نەك تەنیا لە وەرزی زستاندا بەڵکو لە چلەی هاوینیشدا ئاخی بۆ ژورێکی گەرموگووڕ هەڵدەکێشا.

: نا ، بەو شێوەیە نیە. دەکرێ مرۆڤ هەست بە سەرما و بەشێوەیەکی گشتی زۆر شتی تریش نەکات. ( مارك ئۆرلیۆس)(*) دەیگوت: (هیچ شتێك نیە ناوی ئازار بێت ، جگە لە بەرجەستە کردنی ئازار لە مێشکی خۆتدا. بۆ گۆڕینی ئەم بۆچونە و ڕزگاربون ، هێندە بەسە مرۆڤ متمانەی بەخۆی هەبێت و بیری لیَ نەکاتەوە و ناڵە نالّ نەکات ). وتەیەکی دروستە. نەفرەت و ڕق لە ئازار و ژان ، دروست ئەو شتەیە کە کەسێکی زانا و تێگەیشتوو لە کەسانی تر جیا دەکاتەوە ، مرۆڤەلی لەو چەشنە هەمیشە ڕازین و هیچ پێشهاتێك نایانخاتە حاڵەتی سەرسوڕمان و حەپەسانەوە.

: لەبەرئەوەی من کەسێکی ناڕازیم و ئازار دەچێژم لەدەست خراپی و بەدڕەفتاری مرۆڤەکان و توشی سەرسوڕمان دەبم ، ئەگەر بە گوێرەی ئەو بۆچونەی تۆ بێت ئەوا من یەکێکم لە گەمژەکان!

: نا مەبەستم ئەوە نەبو ، ئەگەر خۆت لەسەر بیرکردنەوە ڕابێنی ، بۆت دەردەکەوێت هەمو ئەو هۆکارە دەرەکیانەی دەمانخەنە جۆش و خرۆش ، چەندە بیَ بایەخ و پڕو پوچن!. دەبیَ ئامانجی مرۆڤ درك کردنی ژیان بێت. کە ئەمە خۆی لەخۆیدا گەورەترین نیعمەتی ڕاستەقینەیە.

---

(*) ( مارك ئۆرلیۆس) ئیمپراتۆری ڕۆم ( ١٢١ – ١٨٠ ) ز.

ئیڤان دیمتریچ ، ڕووی خۆی گرژ کرد و گوتی: درك ... دەرونی ... دەرەکی ... ببورە هیچ سەر لەم قسانەی تۆ دەرناکەم. دواتر هەستا و بە نیگایەکی پڕ لە ڕقەوە سەیرێکی دکتۆری کرد و درێژەی دایە: من تەنیا ئەوەندە دەزانم کە خوداوەند ئێمەی تەنیا لە هەندێك خوێنی گەرم و دەمار دروستکردوە. بەڵێ ، بەلاّم چنینی دەمارەکان – ئەڵبەتە مەبەست لە چنینێکە کە توانای ژیانی هەبێت – دەبێ لەبەرامبەر هەرجۆرە ڕق و ئاژاوەچێتیەکدا کاردانەوەی هەبێت. منیش کاردانەوەم هەیە ! ئازار بە فرمێسك و گریان وەلاّم دەدەمەوە ، چەپەڵی بە ڕق ، ناکەسبەچەییش بە بێزاری و قێزکردنەوە. دڵنیام ژیان جگە لەمە شتێکی تر نیە. هەرچی ئۆرگانیزمەکانی جەستە لاوازتر بێت بەهەمان ئەندازە هەستیاری و کاردانەوەکانیشی لەبەرابەر ئەوپێشهات و شتانەی ڕق دەبزوێنن لاوازتر دەبێت. ئەمە لەحاڵێکدایە کە کاردانەوەی ئۆرگانیزمی بەهێز لە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ڕوداوەکانی دەوروبەردا توندترە. تۆ چۆن ئەم شتانە نازانی؟ چۆن دەبێ مرۆڤ دکتۆر بێت و لەم شتە سواو و بێ بایەخانە بێئاگا بێت؟

بۆ نەبونی هەستی ڕق و نەفرەت لە دەرد و ئازار ، بۆ دڵنیایی بەردەوام ، بۆ نەپەشۆکان و دانەمان لە ئاست پێشهات و ڕوداوەکاندا ، مرۆڤ دەبێ ... لێرەدا لەحاڵێکدا کە ڕووی کردبوە پیاوە لادێییە کەتە و زلەکە – کە لە سەر جێگاکەیدا ڕاکشابو – ئاماژەی بۆ کرد و درێژەی دایە: دەبێ توشی چارەنوسێکی لەم شێوەیە بێت و لەگەڵ ڕەنج و ئازاردا ڕابێت و هەستیاری لەبەرامبەردا لە دەست بدات ، یان بە واتایەکی تر: بە چەشنێك خو بە ڕەنج و کوێرەوەریەوە بگرێت هەودای ژیانی بپسێ ...

دواتر بەڕق و تورەیییەوە لێی زیاد کرد: ببوره من نه دانام نه فەیلەسوفیشـم ، بەشێوەیەکی گشتیش سەر لەم دو بابەتە دەرناکەم و ئیدی لەو تەمەنەشدا نیم توانای مشتومڕ و دەمەتەقێم هەبێ.

: نا تکایە ، گفتوگۆیەکی زۆر باش دەکەیت.

: ڕەواقیەکان ، کە تۆ بە تەوس و پێکەنینـەوە نێویـان دەبـەی ، مرۆڤـەلی زۆر باش بون ، بەڵام زانست و فێرکردنیان لە دو هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە سڕ بوو و نـەك تـەنیا گەردیلەیـەك پێشڤەچـونی بـەخۆوە نـەبینی بـەڵکو لـە داهاتوشـدا چاوەڕوانی هیچ پێشڤەچونێکی لیّ ناکرێت ، چونکە زانست و فێرکردنیان دەکار نەخراوو و بەکەڵکی ژیان نەهاتوو بـو. ئـەم قسـانە لای کەمینەیـەکی بچوك کـە سەراسەری ژیانی خۆیـان دەخسـتە خزمـەت فێربـون و زانسـتی جۆراوجـۆرەوە جێگای بایەخ بوو و سەرکەوتو دەبو ، بەڵام زۆرینەی خەڵك درکیان بە گرینگی و بایەخی ئەم فەلسەفەیە نەدەکرد. فەلسەفەیەك کە بایەخ نەدان بە سـامان و خۆشگوزەرانی و بەهێند نـەگرتنی ڕەنـج و کـوێروەری بکاتـە ئامـانجی خـۆی ، بەدڵنیاییەوە بۆ زۆرینەی خەڵك شایانی تیّ نەگەیشتنە ، چونکە ئـەم زۆرینەیـە لە تەواویی ژیانی خۆیاندا نە سەروەت و سامانێکیان چنگ کەوتبو ، نـە ڕۆژێـك لە ڕۆژان بەخۆشی ژیابون!. ئەمما لەڕوانگـەی ئـەم کۆمەڵـە کەسـەوە بەهەنـد نەگرتنی ئێش و ئازارەکانی ژیان ، بە واتـای بێزاریـە لـە خـودی ژیـان. چـونکە هەسـتکردن بەبرسـێتی ، سـەرما ، گـەرما ، ڕەنـج و کـوێرەوەری و زیانـەکان و ترسی بەر لە مردن – چەشنی ئەو ترسەی کە هاملێت دوچاری ببـۆوە – هـەمو بونی مرۆڤ پێکدەهێنێ. سەرتاپای ژیانی مرۆڤ پێکهاتەیەکە لەم جۆرە هەستانە ، لەوانەیە لێیان بێزار بیـت ، بـەڵام نـاتوانی دەسـبەرداریان بیـت. جـارێکی تـر دوبارەی دەکەمەوە: فەلسەفەی ڕەواقیەکان پێشبینی هیچ ئایندەیەکی گەشـی

لیٚ ناکریٚت ، بەلاٚم لە بەرامبەردا هەروەك دەبینی ، تیٚکۆشان و هەستیاری سەبارەت بە ئازار و توانای نیشاندانی دژکردەوە لەبەرامبەر ڕق و توڕەییدا ، لە سەدەکانی سەرەتاوە تا ئەمڕۆ زیادی کردوە و بەرەو پیٚش ملی ناوە.

لیٚرەدا لەناکاو هەودای بیرکردنەوەکانی پسا و لە قسە کەوت ، بە بیٚتواناییەوە دەستیٚکی بە تەویٚلی خۆیدا هیٚنا و دریٚژەی دایە: دەمویست بابەتیٚکی گرینگت لەگەلٚدا بیٚنمە گۆڕیٚ بەلاٚم سەرەداوەکەم لیٚ ون بو! ئەریٚ لەبارەی چیەوە دەدوام؟ بەلیٚ بیرم کەوتەوە یەکیٚك لە ڕەواقیەکان بەخواستی خۆی و بۆ ڕزگار کردنی یەکیٚك لە هاوڕیٚ نزیکەکانی ، لەبری هاوڕیٚکەی ببوە کۆیلە ، ئیدی دەبینی کە یەکیٚك لە ڕەواقیەکانیش لەبەرابەر ڕق و نەفرەت و کاریگەریە دەرەکیەکان دژکردەوە نیشان دەدا ، چونکە بۆ نیشاندانی هیمەت و جوامیٚریەکی لەو شیٚوەیە واتا خۆکردنە قوربانی لە پیٚناوی یەکیٚك لە خۆشەویستاندا ، دەبیٚ مرۆڤ ڕۆحیٚکی لیٚوانلیٚو لە خۆشەویستی و میهرەبانی و هەستی هاودەردی هەبیٚت. من هەمو ئەو شتانەی کە دەمزانین بەهۆی ئەم زیندانەوە ، هەموم لەبیر چونەوە ، گەرنا بۆی هەبو شتی تریشم وەبیر هاتبایەوە. وەرە با عیسای مەسیح بەنمونە وەرگرین: ئەویش لەبەرامبەر کاریگەریە دەرەکیەکان و ڕوداوەکانی ژیاندا دژکردەوەکانی گریان و خەفەت و پیٚکەنین و توڕەبون و دلٚتەنگیی بو ، هیچ کات بە زەردەخەنەوە پیٚشوازی لە ڕەنج و کویٚرەوەری نەدەکرد ، مەرگیشی بەسوکی چاو لیٚنەدەکرد بەلٚکو لە باغی جنسیمان دا دەست بە نزا دانیشتبو و دەپاڕایەوە تا لە چارەنوسی کارەساتباری خۆی ڕزگاری بیٚت.

لیٚرەدا بزەیەکی کرد و دانیشت و دریٚژەی دایە: دامانا ئارامی و ئاسودەیی مرۆڤ لە بونی شتە دەرەکیەکاندا نیە و لە ناخی خۆیدایە ، دامانا ڕەنج و ئازار

و کوێرەوەریـەکانی بەهەنـد نـەگرت و هـیچ ڕوداو وپێشـهاتێکیش بچـوکترین کاریگەری لەسەر دانەنا ! دەوەرە فەرموو بزانم بەڕێزت ئـەم زانسـتە لەسـەر چ بنەمایەك دەکەیتە پەند و وانە و دەیدەیتـە خـەڵکانی تـر؟ مەگـەر تـۆ دانـا و فەیلەسوفی؟

: نا من فەیلەسوف نیم ، بەڵام پێویستە هەموان ئەم شتانە بکەنە سەرمەشقی ژیانی خۆیان چونکە هەست و مەنتیقی تێدایە.

: من مەبەستم ئەوە نەبو بەڵکو دەمەوێ بزانم هـۆی چیە کە خـۆت لـە بابەتـە پەیوەندیدارەکان بە مەنتیق و بەهەند نەگرتنی ڕەنج و ئـازار و شـتی لەوبابەتـە بە لێزان و خاوەن بۆچـون دەزانـی؟ تـۆ لـەواتای ئـازار و مەینـەت تێدەگـەیت؟ ئاخۆ هیچ کات لە سەردەمی منداڵیدا ڕوبەڕوی تەمبێ کردن بویتەوە؟

: نا ! نەخێر دایك و باوکم ڕقیان لە تەنبێ کردنی جەستەیی منداڵ دەبۆوە.

: بەڵام من باوکم بێبەزەییانە دارکـاری دەکـردم ، بـاوکم کارمەنـد بـو ، تـوڕە و تۆسـن بـو ، لـوتێکی درێـژ و گـەردنێکی زەردی هـەبو ، بەدەسـت نەخۆشـی مایەسیریەوە گرفتار ببو ، بـەڵام بـا واز لـەو بێـنین و بێینـەوە سـەر باسـەکەی خۆمـان تـۆ لـە ژیانتـدا کـەس پیتکەیـەکی لێنـەداویت و کـەس سـوکایەتی پێنەکردویت و کەس نەیداویتە بـەر شـەق و مسـت و چەشـنی گامێشـێکی سـاغ لەژێر پەروباڵی بابتدا گەورەبویتە و بەپارەی ئەو خوێندنت تەواو کردوە و دوای تـەواو کردنـی خوێنـدنیش خێـرا پیشـەیەکی پـڕ دەرامـەت و بـێ گرفـت و بـێ دەردەسەریت چنگ کەوتوە. بیست ساڵ زیـاترە لـە ئاپارتمـانێکی بەلاشـی بەهرەمەند لە ئاوو و ڕوناکیی و پێداویستیەکانی تری ژیاندا دەژیت و سـەرباری ئـەم شـتانەش هـەم ڕێـزت هەیـە لای خـەڵکی و هـەم موچـەش وەردەگریـت. هەرکاتێ حەزت لێبێت دەچیە نەخۆشخانە و هەرکاتێ حەزت لێنـەبێت ناچیت.

تۆ هەر بە سروشت کەسێکی زەغەڵ و تەوەزەلی هەربۆیە هەوڵتداوە ژیانت بە شێوەیەك ڕێکبخەیت کە هیچ شتێك نەتوانێ ببێتە هۆکاری تێکدانی ئارامی و ئاسودەییت و ناچارت نەکات لەجێگای خۆت بتجولێنێ. تەواوی کاروبارەکانت بە یاریدەدەر و ئەو داماو و قوڕبەسەرانەی تری نەخۆشخانە دەسپێریت و خۆشت لە ژورێکی گەرموگوڕدا لێی دانیشتویت و پارەوپول وەسەریەك دەنێی و دەخوێنیەوە و بیر لە شتی قوڕ و گەورەتر لە ئاست و توانای بیرکردنەوەی خۆت دەکەیتەوە و ... لێرەدا سەیرێکی لوتە سورەکەی دکتۆری کرد و درێژەی دایە: چێژ لە خواردنەوە وەردەگری ، وەك ئەوەی ژیانت هەر نەدیبێت و نەتناسیبێت ، ئاشناییت بە ڕاستیەکانی ژیان ئاشناییەکی ڕوکەشانەیە ، بەلأم لەبەرچی ڕەنج و ئازار بەهەند ناگری و هیچ شتێك ناتحەپەسێنێ؟ وەلأمەکەی زۆر سادەیە: کێشە و دۆخە و ڕاکەڕاك و ئاژاوە و ئاشوبەکان و بەهەند نەگرتنی ژیان و ڕەنج و ئازار و مەرگ و هەستپێکردنیان ، جا چ خۆبادان و خۆنواندن بێت بە چەمکی بەهەند نەگرتنی ژیانەوە ، یان پێچەوانەکەی – خۆشبەختی ڕاستەقینە و قسەگەلی لەو بابەتە ، فەلسەفەیەکی گونجاو و لەبارە بۆ تەوەزەلەکان. بۆ نمونە دەبینی وا جوتیارێك خەریکی دارکاری کردنی ژنەکەیەتی ، بەخۆت دەڵێی من هەقم چیە بەسەر ئەو ژنەوە! با تێروپڕ بیکوتن ، هەرچیەك بێت درەنگ یان زوو هەردوکیان دەمرن ، لەم حاڵەتەشدا کاری کابرای لێدەر سوکایەتی کردنە بە خۆ ، نەك کەسی لێدراو. تۆ پێتوایە و وا بیردەکەیتەوە کە مەیخواردنەوە و مەستبون کارێکی گەمژانە و نەشیاوە ، بەلأم مرۆڤ چ بخواتەوە و چ نەخواتەوە سەرەنجامەکەی هەر مردنە. یان بۆ نمونە ژنێك ددانی ئازاری هەیە و بۆ چارەسەر دێتە لای تۆ ... تۆش دەڵێیی: چیە؟ چی بوە؟ ئازار هیچ نیە

جگە لە بەرجەستەبونی هەست کردن بەئازار لە مێشکدا. بەگشتی لە دونیای ئێمەدا هیچ مرۆڤێك بەبێ نەخۆشکەوتن ناتوانێ بژی ، دەی برۆ دەرەوە ژنەکە برۆ بێزارم مەکە و لێم گەڕێ با ڤۆدکایەکەم بخۆمەوە. یان بۆ نمونە لاوێك داوای هاوکاری فکریت لێ بکات و بیەوێ بزانی لەم دونیایەدا چ بکات و چۆن بژی ، ئەگەر ئەم پرسیارە لە هەرکەسێکی تر بکرێت ماوەیەك بیردەکاتەوە و دادەمێنێ و پاشان ڕێنمایی لاوەکە دەکات ، بەلأم تۆ وەلأمەکەت ئامادەیە بۆی: هەولدە لەواتاکانی ژیان و نیعمەتی ڕاستەقینە تێبگەیت و خۆشبەختی ڕاستەقینە بدۆزیتەوە. بەلأم ئەگەر بێتو لێت بپرسن: خۆشبەختی ڕاستەقینە چیە؟ دۆش دادەمێنیت و وەلأمێکت نیە بۆی.

ئێمە دەخرێینە ئەودیو میلە ئاسنینەکانەوە و ئازار و ئەشکەنجەمان دەدەن و دامان دەڕزێنن و سەرباری هەمو ئەمانەش ئەم کارەی خۆتان بەلاوە ئاسایی و مەنتیقیە. چونکە تۆ وابیر دەکەیتەوە کە هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان ئەم ژورەی ئێمەی تێداین و ئەو ژورە گەرموگوڕەکەی تۆدا. تەماشا ! چ فەلسەفەیەکی ئاسودە و بێ کێشە ! بە خۆدانەپاڵ فەلسەفەیەکی لەم چەشنە بەتیرێك چەند نیشانان دەشکێنی: هەم کار ناکەیت ، هەم ویژدانت بەتەواوی ئاسودەیە ، هەم خۆشت بە پیاوێکی هۆشمەند ئەژمار دەکەیت ... ئەمە نە ناوی فەلسەفەیە ، نە بیرفراوانی! بەلکو ناوی تەوەزەلی و شێوە ژیانی دەروێشانە و نەشئەی خەوە ... بەلێ! برێك بێ دەنگ بوو و پاشان بە ڕقێکی زیاترەوە دەستی پێکردەوە: ڕەنج و ئازار بەهەند ناگریت بەلأم ئەگەر پەنجەت بکەوێتە بەر دەرگایەك تا تینت تێدایە هاوار دەکەی.

دکتۆر پێکەنینێکی لەباری کرد و وەلأمی دایەوە: لەوانەیە هاواریش نەکەم.

: ناكرێ هاوار نەكەیت ، بەڵام ئەگەر خۆت دوچاری گۆجی و ئیفلیجیی بیت ، یان كەسێكی زۆردار و دەسڕۆیشتو بەسود وەرگرتن لە پلەوپایەی باڵای خۆی ، بەبەرچاوی خەڵكەوە سوكایەتیت پێ بكات و تۆش سوور بزانیت لەسەر ئەو كردەوەیەی هیچ سزایەك نادرێت ، ئەوسا بۆت دەردەكەوێت ناردنی خەڵك بەدوای ( تێگەیشتن لە واتاكانی ژیان و دەسڕاگەیشتن بە خۆشبەختی ڕاستەقینە) چ تامێكی هەیە.

دكتۆر ئەندرێی ێڤیمیچ كە چێژی لەقسەكانی وی وەردەگرت و دەستەكانی لێكدی دەسوی ، گوتی: قسەكانت خۆش و چێژبەخشن ، ئەو هۆگریە زۆرەت بۆ ئەو بابەتانە سەرسامم دەكات. ئەو قسانەی كە لەسەر كەسایەتی من كردت بەڕاستی درەوشاوە بون. نامەوێ ڕاستیەكەت لێ بشارمەوە زۆرم كەیف بە هاونشینی و گفتوگۆ هەیە لەگەڵ تۆدا. زۆر باشە ، تا ئێرە من گوێم بۆ شلكردی و تۆ قسەت كرد ، لێرە بەدواوە نۆرەی تۆیە گەورەیی بنوێنیت و گوێم بۆ ڕاگری...

## ١١

گفتوگۆی نێوان ئەو دوانە نزیکەی کاتژمێرێکی تر درێژەی کێشا و دیاربو کە دکتۆر ئەندرێی ێفیمیچ بەقورسی کەوتبوە ژێر کاریگەری قسەکانی ئیڤان دیمتریچەوە. لەوەبەدوا هەموو بەیانیان و دوانیوەڕۆیان دەچوە ژوری ژمارە شەش و گفتوگۆکانی لەگەڵ ئەو کەسانەی لەوێدابون ، زۆر جاران تا ئێواریّ درێژەی دەکێشا. لەرۆژەکانی سەرەتادا ئیڤان دیمتریچ زۆر خۆی لە دکتۆر ئەندرێی نزیك نەدەکردەوە و گومانی لە نیاز و مەبەستی وی دەکرد و نەفرەت و دژایەتی خۆی بە ئاشکرا و بیّ پەردە ڕادەگەیاند ، بەڵام دواتر وردە وردە هۆگری بوو و سەرەنجام ڕەفتار و قسە توندەکانی پێشتر جێگای خۆیان دایە ڕەفتارێکی تێکەڵ بە تەوس و گاڵتە پێکردن.

زۆر زوو لەنێو نەخۆشخانەدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کەوا دکتۆر ئەندرێی زوو زوو سەردانی ژوری ژمارە شەش دەکات. یەك تاقە کەسیان – نە یاریدەدەر نە نیکیتا نە پەرستیارەکان – تێنەدەگەیشتن لەوەی بۆچی دکتۆر ئەندرێی سەردانی ژوری ژمارە شەش دەکات ، بۆچی ماوەی چەند کاژێرێك لەوێدا دەمێنێتەوە و لەبارەی چیەوە قسەیان لەگەڵدا دەکات ، ئەگەر بۆ چارەسەری نەخۆشەکان دەچێت بۆچی ڕەچێتەی دەرمان بۆ هیچ کام لە نەخۆشەکان نانوسیّ؟ بەکورتی ڕەفتارەکانی زۆر سەیروسەمەرە دەهاتنە بەرچاوان. میخائیل ئۆریانیجی لێپرسراوی پۆستەی شار و هاورێی خۆشەویستیی ، تا دەهاتە سەردانی لەماڵیّ نەبو – پێشتر هیچ کاتێك ئەمە ڕوینەدەدا – و

داریۆشکاش زۆر هەستی بە نیگەرانی دەکرد چونکە ئیدی دکتۆر هیچ کات بیرەکەی لەکاتی خۆیدا نەدەخواردەوە و تەنانەت زۆرجاران بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆیەش درەنگتر لەکاتی خۆی دەگەڕایەوە ماڵ.

ڕۆژێکیان – لەوانەیە کۆتاییەکانی حوزەیران بوبێت ، دکتۆر خۆبۆتۆف بەهۆی کارێکەوە دەیویست دکتۆر ئەندرێی ببینێ. لەبەرئەوەی لەماڵێ نەبو لەنێو حەوشەی نەخۆشخانەکەدا چاوی بۆ دەگێڕا. ئیدی ئەوەبو پێیان گوت پیرە دکتۆر چۆتە سەردانی نەخۆشە دەرونییەکانی ژوری ژمارە شەش.

کاتێك دکتۆر خۆبۆتۆف گەیشتە دالآنەکە ، گوێی لە ئیڤان دیمتریچ بو کە بەدەنگێکی تێکەڵ بەڕقەوە دەیگوت: من و تۆ هیچ کات بەیەکەوە ناسازێین ، مەحاڵە بتوانی بیر و باوەڕەکانی خۆتم بەسەدا بسەپێنی و بمهێنیتە سەر بیروباوەڕی خۆت ، بەشێوەیەکی گشتی تۆ ئاشناییت بە ڕاستیەکانی ژیان نیە ، لەژیانتدا ڕەنج و ئازارت نەکێشاوە وماندو نەبویت بەڵکو وەکو زالو بەسەر ئێش و ئازارەکانی خەڵکەوە خوێنت مژیوە. بەلآم من لەو ڕۆژەوەی کە چاوم کردۆتەوە تا ئەمڕۆ بەردەوام لەنێو ڕەنج و کوێرەوەریدا ژیاوم ، هەربۆیە ڕك و ڕاست پێت دەڵێم کە بەراورد بە تۆ خۆم لە ئاستێکی زۆر بەرزتردا دەبینمەوە و لەزۆر لایەنەوە خۆم لە تۆ بەئەزمونتر و زیرەکتر دەزانم. تۆ کێی تا دەرسی مندا دادەیت و بتەوێ من فێر بکەی؟

ئەندرێی یڤیمیچ ، بەهۆی ئەوەی کە واتێگەیشت ئیڤان دیمتریچ نایەوێ لەقسەکانی وی بگا ، بەئارامی و تۆنێکی تێکەڵ بە داخ و حەسرەتەوە ، گوتی: من هەرگیز نەمویستوە بیر و بۆچونەکانی خۆم بەسەر تۆدا بسەپێنم ، بەهیچ شێوەیەکیش باسەکە لەسەر ئەوە نیە کە تۆ بیرت لێ کردۆتەوە گیانەکەم. کێشە لەسەر ئەوە نیە کە تۆ ڕەنجت کێشاوە و من نەمکێشاوە ، ڕەنج و شادی

هەردوكیان بەزوویی تێدەپەڕن ، وەرە با واز لەوان بێنین و لێیان گەڕێین بۆ خودا ، بڕوانە كێشەكە ئەوەیە من و تۆ هەردوكمان توانای بیركردنەوەمان هەیە و دەتوانین لەبونی یەكتردا مرۆڤەلێك ببینین و بدۆزینەوە كە توانای بیركردنەوە و بڕیاردانیان هەیە و ئەمەش – سەرباری جیاوازی بیر و بۆچونەكانمان – بەسە تا هەستی هاودەردی و هاوپشتیمان تێدا دروست بكا. هاوڕێ ، خۆزگە دەتزانی چەندە لە ناهۆشیاری و گەمژەیی و نەزانیی ئەم خەڵكە پەستم! خۆزگە دەتزانی ئەو ساتانەی لەگەڵ تۆدا دادەنیشم و دەكەومە گفتوگۆوە چ چێژێكی زۆر وەردەگرم.

خۆبۆتۆف بەئاستەم لایەكی دەرگاكەی كردەوە و ڕوانیە ژورێ ، پیرە دكتۆر و ئیڤان دیمتریچ بەخۆی و كڵاوەكەیەوە بەتەنیشت یەكترەوە دانیشتبون. پیاوە شێتەكەی بینی كە بەشێوەی سەیر سەیر ئاڵوگۆڕی بەسەر دەموچاوی خۆی دا دەهێنا. جوڵەی سەیر سەیری دەكرد و شانەكانی هەڵدەتەكاندن و كراسی شۆڕی نەخۆشخانەی بەلەرزەلەرز لەخۆیەوە دەپێچا ، ئەمە لەكاتێكدا كە دكتۆر بێ جووڵە دانیشتبو و سەری بەردابۆوە ، ڕوخساری سور هەڵگەڕابوو و غەمبار دیاربو.

خۆبۆتۆف ، شانێكی هەڵتەكاند و زەردەیەكی كرد و سەرنجێكی دایە نیكیتا و نیكیتاش شانێكی هەڵتەكاند.

بەیانی ڕۆژی دواتر خۆبۆتۆف لەگەڵ یاریدەدەردا پێكەوە چونە پشت دەرگای ژوری ژمارە شەش و لەڕاڕەوەكەدا ڕاوەستان و گوێیان ڕاگرت. دوای ماوەیەك ، كاتێ خۆبۆتۆف قاچی لە دەرگای بینای ژوری ژمارە شەش ترازاند و چوە دەرەوە ، ڕوو بە یاریدەدەر گوتی: پێدەچێ ڕیش سپیەكەمان بەتەواوی خەڵەفابێت!

سێرگی سێرگییێڤیجی پۆشتە و پـەرداخیش ئـاهێکی هەڵکێشـا و لەکاتێکـدا کـە خـۆی لـە قـوڕ و چـڵکاوەکان دەپاراسـت و نەیدەویسـت پـێڵاوە بۆیـاغکراو و بریسکەدارەکانی قوڕاویی بن ، وەلآمی دایەوە: خوایە گیـان! لـەگوناهی هـەمو بەندەکانت خۆشبە! یۆگینی فیۆدۆرۆڤیج من لەمێژبو چـاوەڕوانی پێشـهاتێکی لەو شێوەیەم دەکرد.

١٢

لەوەبەدوا ، ئەندرێی یڤیمیچ خۆی لە کەشوهەوایەکی نهێنی ئامێزدا دۆزیەوە. هەرکاتێ لادێیی و پەرستیار و نەخۆشەکان لە نێو نەخۆشخانەدا توشی هاتبان ، سەرنجێکی پڕ لە پرسیاریان دەدایە و لەگەڵ یەکتردا دەکەوتنە چپەچپ. پێشتر دکتۆر هەرجارێ کە ماشای کچە بچکۆلەکەی بەرپرسی دارایی دەبینی بەزەردەخەنەوە بەرەو لای دەچوو و دەستێکی دڵسۆزانە و نەوازشگەرانەی بەسەریدا دەهێنا ، بەلأم ئێستا ڕوون نەبو بە چ هۆکارێکەوەیە هەرکە چاوی بە دکتۆر دەکەوت تا تینی تێدابو ڕایدەکرد. میخائیل ئۆریانیجی بەرپرسی پۆستەی هاوڕێی ئیدی تا گوێی بۆ قسەکانی ڕاگرتبا نەیدەگوت: (( زۆر ڕاستە)) بەڵکو بە پەرێشانی و شپرزەییەکی نادیار و لێڵەوە دەیکردە مینگە مینگ و دەیگوت: (( بەڵێ ، بەڵێ ، بەڵێ )). لەوحاڵەتەشیدا نیگای بەئازار و خەمخۆرانەی دەبریە دکتۆر و بەبێ بونی هیچ هۆکارێکی دیاریکراو ئامۆژگاری هاوڕێکەی دەکرد کە خۆی لە خواردنەوەی ڤۆدکا و بیرە بپارێزێ و لەبەرئەوەی مرۆڤێکی بەرێز بو لەڕوی نەدەهات ڕاستەوخۆ بۆچونەکانی خۆی دەربڕێ و ڕاشکاوانە قسان بکات بۆیە بە ئاماژە و نمونە هێنانەوە قسەی دەکرد. ئیدی جاری وابو نمونەی بە فەرماندەی کەتیبەیەك یان کەشیشی لەشکرێك دەهێنایەوە و باسی لە چاکی و بەرێزییان دەکرد و باسی ئەوەی بۆ دەکرد کە چۆن بەهۆی زیادڕەویان لە خواردنەوەدا گرفتاری نەخۆشی ببون و چۆن دوای

وازهێنان له خواردنەوه جارێکی تر گەڕابونەوه دۆخی جاران و تەندروستیان باش ببو.

لەم نێوەدا هاوکارەکەی ، واتا دکتۆر خۆبۆتۆڤیش دو سێ جاران هاته سەردانی و ئامۆژگاری کرد که خۆی له خواردنەوه کحولیەکان بپارێزێ و بەبێ هیچ بەڵگەیەکی ڕونیش دەرمانی ( برێم دو پۆتاس)[*] ی بۆ نوسی.

له مانگی ئابدا نامەیەك له سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوه گەیشته دەستی دکتۆر ئەندرێی و تیایدا داوایان لێکردبو سەردانی ئەنجومەنی شار بکات بۆ ڕاوێژکردن له سەر بابەتێکی گرینگ.

دکتۆر ئەندرێی ، لەکاتی دیاریکراودا سەردانی ئەنجومەنی شاری کرد و لەوێدا فەرماندەی بنکەی شار و بەڕێوەبەری فێرگای دەوڵەتی و یەکێك له ئەندامانی ئەنجومەنی شار و دکتۆر خۆبۆتۆف و هەروەها پیاوێکی زلەی موزەرد که به دکتۆر بانگیان دەکرد ، لەوێ بون. ئەو دکتۆره بەخۆیی و ناوه قورسه پۆڵەندیەکەیەوه له دامەزراوەی چاکردنی نەژادی ئەسپدا – کەنزیکەی سی کیلۆمەترێك لەشارەوه دوور بو – نیشتەجێ بو. دیاربو دەیویست چەند ڕۆژێك لەشاردا بمێنێتەوه. دوای سڵاو و هەواڵپرسی ، هەمویان لەدەوری مێزەکه دانیشتن.

ئەندامی ئەنجومەنی شار ڕویکرده ئەندرێی یڤیمیچ و گوتی: سەبارەت بەو دامەزراوەی که لەژێر سەرپەرشتی تۆدایه نامەیەکمان لایه و یۆگینی فیۆدۆرۆڤیچ لەسەر ئەو باوەڕەیه که شوێنی ئێستای دەرمانخانه لەنێو بینای

---

[*]( برێم دو پۆتاس*) دەرمانێکه دەدرایه ئەو کەسانەی گرفتاری نەخۆشی دەروونی دەبون و ئەقڵ و ئاوەزیان نەدەما.

سەرەکی نەخۆشخانەدا زۆر بەرتەسکە و دەڵێ دەبێ بگوازرێتەوە یەکێك لە بیناکانی تەنیشتی ، ئەڵبەتە گواستنەوەی دەرمانخانەکە کارێکی هێندە دژوار نیە ، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە ئەو بینایە پەرپوتە و دەبێ نوێ بکرێتەوە.

ئەندرێی ێفیمیچ هەندێك بیری کردەوە و پاشان گوتی: ڕاست دەکەیت ، جگە لە نوێکردنەوە هیچ چارێکی تری نیە ، ئەگەر بێتو بیناکەی تەنیشت باڵەخانەی سەرەکی نەخۆشخانە ، بکەینە دەرمانخانە ئەوا بە بۆچونی من دەبێ بەلانی کەمەوە بڕی پێنسەد ڕۆبڵی بۆ تەرخان بکرێ ، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا پارە بەفیڕۆدانە.

بڕێك بێدەنگ بوو و پاشان هێدی هێدی درێژەی بەقسەکانی دا: بەندە نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر ئەو شانازیەم پێبڕا ڕاپۆرت بەرز بکەمەوە و تێیدا بنوسم کە نەخۆشخانەکەمان سەرباری ئەو ڕەوش و هەلومەرجەی تێیدایە بەلاّم دیسان لەلایەن خەڵکی شارەوە وا سەیر دەکرێ کە خزمەتگوزاری زیاد لەتوانای خۆی پێشکەش دەکات. ئەم نەخۆشخانەیە لە ساڵی ١٨٤٠ وە دروستکراوە ، کە لەوکاتەدا هیچ هەواڵێك لەم کەلوپەلانەی ئەم سەردەمە نەبو. بەڕاستی لەم شارەدا پارەیەکی زۆر بۆ دروستکردنی بینا و باڵەخانەی ناپێویست و کاروباری زیادە ، بەهەدەر دەدرێ. من پێموایە دەتوانرێ لە هەلومەرج و ڕەوشێکی تردا بەو پارەیە دو نەخۆشخانەی نمونەیی دروست بکرێ.

ئەندامی ئەنجومەنی شار هەڵیدایە: ئێ باشە ، فەرمون با ئەو هەل و مەرج و ڕەوشەی تر بڕەخسێنین!

: بەندە بەر لەمە ئەو شانازیەم پێبڕا ڕاپۆرت بەرزکەمەوە و پێشنیاری ئەوە بکەم کە بواری تەندروستی بخرێتە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی زمستۆڤۆوە.

دکتۆره موزەردەکە پێکەنی و گوتی: بەڵێ کاکە ، بودجە بخرێتـە ژێـر دەسـتی زمستۆڤۆوە تا هەموو پارەکە – تادوا فلسی – لوش بدەن.

نوێنەری ئەنجومەنی شاریش بزەیەکی کرد و وتەکانی دکتۆری سـەلماند: بـەڵێ کاکە ، فێرن ئیدی.

ئەندرێی یڤیمیچ بەنیگەرانی و گرژیەوە سەیرێکی دکتـۆره موزەردەکـەی کـرد و وەڵامی دایەوە: مرۆڤ دەبێ ئینسافی هەبێ.

جارێکی تر بێدەنگی دایگرتنەوە.

لەم کاتەدا چایان هێنا و فەرماندەی بنکە کە دوچاری دڵەڕاوکێیەکی نادیار ببـو ، لەسەر مێزەکەوە دەستی درێژ کرد و بەنەرمی دەستی دکتۆر ئەندرێی گرت و گوتی: دەزانی دکتۆر بەتەواوی ئێمەت لەبیر کردوە ! تۆ وەك ڕاهیبان دەژیت ، نە دەست بۆ یاری دەبەی ! نە خۆت لەژنان نزیك دەخەیەوە ! پێدەچێ حەزت لە هاوڕێیەتی کەسانی وەك ئێمە نەبێت.

لەم کاتەدا هەموان کەوتنە گلەیی و گازندە لەوەی کە هەمو مرۆڤێکی بەئاکار و شایسـتە لـە ژیـانی ئـەم شـارە وەڕەز و مانـدو دەبـێ ، نـە شـانۆی هەیـە ! نـە کۆنسێرتێك ! نە موزیکێك ، لەدوایین ئاهەنگی سەماشدا کە بەم دواییانە لە یانە سازکرابو ، لە بەرامبەر بیست ژندا ، تەنیا دو پیاو لە تەلاری سەمادا بون. لـەم جۆرە ئاهەنگانەدا لاوەکان لەبری سەماکردن ، لەبـەردەم بوفـەی خواردنـەوەدا کۆدەبنەوە یان خەریکی قومار دەبن.

ئەندرێی یڤیمیچ ، ئارام و هێدی بێ ئەوەی لەکـەس بڕوانـێ ، دەسـتی بـە قسـە کرد و گوتی بەلای ئـەوەوە جێگـای داخ و نیگەرانیـە کـە خـەڵکی شـار تـەواوی وزە و توانای ژیانی خۆیان و هەستەکانی دڵیان لەڕێگای قومار و قسە و هـەواڵ و شتی پوچ و لابەلا دا بەهەدەر دەدەن و نایانەوێ و ناتوانن کاتـەکانی خۆیـان

تەرخان بکەن بۆ خوێندنەوە و شتێکی بەسود ، حەزیان لەو شتانە نیە کە ئاسۆی بیری مرۆڤ ڕونتر دەکەن ، تەنیا ئاوەز و ئەندێشەیە کە سودێکی بۆ مرۆڤ تێدا بێت ئەگینا ئەوانی تر سەرلەبەریان شتێکی بێ نرخ و بێ بایەخن.

دکتۆر خۆبۆتۆف ، کە بەوردی گوێی دابوە قسەکانی هاوکارەکەی ، لەناکاو پرسی: ئەرێ بەڕاست ئەندرێی ێڤیمیچ ئەمرۆ چەندی مانگە؟

دوای ئەوەی کە ئەندرێ ێڤیمیچ وەلأمی پرسیارەکەی ئەوی دایەوە ، خۆبۆتۆف و دکتۆرە موزەردەکە بەتۆنی دەنگێکی لەچەشنی دەنگی ئەوکەسانەی کە تاقیکردنەوە بەخەلك دەکەن و درکیان بە بێتوانایی خۆیان کردبێ ، چەند پرسیارێکی تریان لێ کرد. بۆنمونە دەیانپرسی: ئەمرۆ چەند شەممەیە؟ یان ساڵ چەند ڕۆژە؟ یان ئایا ڕاستە دەڵێن پێغەمبەرێکی شایستە لە ژووری ژمارە شەش دا دەژی؟

ئەندرێی ێڤیمیچ لەگەڵ بیستنی دواهەمین پرسیاریاندا ، ڕوخساری سور هەڵگەڕا و وەلأمی دانەوە: بەڵێ ڕاستە! گەرچی نەخۆشە ، بەلأم لاوێکی بیرڕونە.

کاتێ ئەندرێی ێڤیمیچ لەڕاڕەوەکەدا خەریکی لەبەرکردنی باڵتۆکەی بو ، فەرماندەی بنکە دەستێکی خستە سەر شانی و ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی: کاتی ئەوە هاتوە ئێمەی پیرەمێرد خانەنشین بکرێین و بچینەوە ماڵێ و پشو بدەین.

دواتریش هەرکە لە باڵەخانەی ئەنجومەنی شار وەدەرکەوت هەستیکرد ئەو کۆبونەوەیە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی هزر و ئاوەزی ئەو ساز کرابو. ئەو پرسیارانەی وەبیر خۆی هێنانەوە کە لەوێ لێیان کردبو ، ڕوخساری سور هەڵگەڕا و بۆ یەکەمین جار لە ژیانیدا بەزەیی بەحاڵی زانستی پزیشکیدا هاتەوە.

بـیری کەوتــەوە کـە بـە چ شـێوازێك ئـەویان تـاقی کردبـۆوە و هـزری ویـان هەڵســەنگاندبو ، بـەخۆی گـوت: ((ئـای خودایـە ! خـۆ ئەمانـە هێنـدە نـابێ بەناخێری گیانیان دەروونناسیان خوێندوە و لەتاقیکردنـەوە دەرچـونە؟ ئـەدی کەوایە ئەم هەمو گەمژەییەیان لەچیەوە سەرچاوە دەگرێ؟ بۆچی هیچ چەشنە زانیاریەکی ئەوتۆیان لە سـەر دەروونناسـی نیـە؟)) بـۆ یەکـەمین جـار لەژیانیـدا خۆی بەتورەیی و سوکایەتی پێکراوی بینیەوە.

سـەرلەئێوارەی هـەمان ڕۆژ میخائیـل ئۆریـانیجی بەرپرسـی پۆسـتەی شـاری هاورێی ، لەماڵەکـەی خۆیـدا هاتـە سـەردانی و بـێ سـلاّوو و هەواڵپرسـی ، لـە دکتــۆر ئەنــدرێی نزیــك بــۆوە و هــەردو دەســتەکانی ئەنــدرێی خســتنە نێــو دەسـتەکانی خـۆی و بـەدەنگێکی پـڕ لـە جـۆش و خرۆشـەوە گـوتی: هـاورێی خۆشەویست! گیانەکەم ، وەرە بۆم بسەلمێنە کە بـە هـاورێی خـۆتم دەزانـی و گومانت لە دڵسۆزیم نیە ... هـاورێی خۆشەویسـت! دواتـر بـێ ئـەوەی مۆڵـەتی قسەکردن بداتە ئەندرێی ، گوتی: من تۆم بـەهۆی خوێنـدەواری و دڵسـافیتەوە خۆشدەوێ ، گوێبگرە هـاورێ! سـەیرکە بزانـە چ دەڵـێم! زانسـتی پزیشـکی و یاساکانی ، پزیشکەکان ناچار دەکـات ڕاسـتیەکانت لـێ بشـارنەوە ، بـەلاّم من چەشنی سەربازان ڕك و ڕاست پێت دەڵێم: تۆ نەخۆشیت! لێم ببـورە هـاورێ ، بەلاّم چیبکەم ئەمە ڕاستیە! تەواوی کەسـانی دەوروبـەرت لەمێـژە درکیـان پـێ کردوی ، کاتژمێرێك لەمەوبەر یۆگینی فیۆدۆرۆڤیجم بینی پێیگوتم باشترین شـت بۆ گێڕانەوەی بارودۆخی تەندروستی جارانت گەشت و گوزار و پشودانە. ڕاسـت دەکات! بەلاّم شتێکی تر من بریارە لەم ڕۆژانەدا مۆڵەتێکی چەندڕۆژی وەرگرم و گەشـتێك بکـەم و کـەش و هەوایـەك بگـۆڕم ، تـۆش وەرە لەگـەڵ مـن دا تـا

دۆستايەتی بسەلمێ ، وەرە با پێكەوە بڕۆين و گەرد و تۆزی كۆنی چەند ساڵە ، لەخۆمان بتەكێنين.

ئەندرێی ێڤيميچ ، ساتێك بيری كردەوە و پاشان وەڵامی دايەوە: من پێموايە لەلايەنی تەندروستيەوە هيچ گرفتێكم نيە. ناتوانم بێم ، بەڵام مۆڵەتم بدەيە تا بەهێزيی و پتەوی هاوڕێيەتيی و دڵسۆزی خۆمت بە شێوازێكی تر بۆ بسەلمێنم.

بارگەی گەشت پێچانەوە و خۆئامادەكردن ، بێ هۆكارێكی دياريكراو و بەتايبەت بۆ شوێنێكی ناديار و ئەويش بێ كتێب و بێ داريۆشكا و بێ بيرە و تێكدانی ڕەوش و شێوەژيانی نزيك بە بيست ساڵەی ژيان ، بيرۆكەيەكی سەير و خەياڵيی بو بەلايەوە. بەڵام كاتێ گفتوگۆكەی ئەنجومەنی شار و ئەو خەمە قورسەی لەكاتی گەڕانەوەيدا دوچاری هات ، هێنايەوە يادی خۆی و بيرۆكەی جێهێشتنی شارێك كە دەستەيەك مرۆڤی گەمژە و نەزان تيايدا ئەو بە شێت لەقەڵەم دەدەن ، داواكاريەكەی ميخائيل ئۆريانيجی پەسند كرد و لێی پرسی: نيازی كوێت هەيە؟

: مۆسكۆ ، پترۆسبۆرگ ، وارشۆ ... ماوەی پێنج ساڵ لە شيرنترين و شادترين سەردەمی ژيانم لە وارشۆ بەسەر برد. چ شارێكی خۆش! ... دودڵ مەبە ! لەم گەشتەدا لەگەڵمابە.

## ١٣

هەفتەیەك دواتر پێشنیاریان بە دکتۆر ئەندرێی کرد تا پشو بدات ، یان بە واتایەکی تر: دەست لە کار بکێشێتەوە. ئەو پێشنیارەکەی زۆر بەساردیەوە وەرگرت و هەفتەی دواتر لەگەڵ میخائیل ئۆریانیچ دا لەنێو گالیسکەیەکی پۆستەدا دانیشتبو و بەرەو نزیکترین ڕێگای ئاسن بە ڕێگاوە بون.

کەش و هەوا فێنك و ئاسمان ساف و شین بو و لەدورەوە ئاسۆ بەڕونی دەبینرا. بە دو ڕۆژ توانیان نزیکەی دوسەد ڤرست ڕێگای نێوان شار و وێستگەی شەمەندەفەر ببڕن و دو شەوەکەش لێی نوستن.

ئەگەر هاتبا و لە وێستگەیەکی پۆستەدا چایان لەنێو پەرداخی لەکەدار و پیسدا بۆ هێنابان ، یان ئەسپەکانیان درەنگ بە گالیسکەکەوە بەستبا ، میخائیل ئۆریانیچ بەلەسە دەبوو و بەڕوخسارێکی سورهەڵگەڕاوەوە سەرتاپای جەستەی دەلەرزی و دەیشیڕاند: (بێدەنگبە گەمژە).

لەنێو گالیسکەکەشدا ساتێك چیە بێدەنگ نەدەبو ، بێ پسانەوە لەبارەی گەشتەکانی خۆیەوە بۆ قەفقاز و ولاّتی شاهانەی پۆڵەنداوە دەدوا . چ دۆست و ئاشنایەلێکی هەبو! چی بەسەر هاتبو! هەموی لەنوکەوە و بەدەنگێکی بەرز دەگێڕایەوە. لەوکاتەشدا حاڵەتێکی تێکەڵ بەسەرسامی و حەپەسان ، بەڕوخساریەوە بەدی دەکرا کە وای لە مرۆڤ دەکرد شك و گومان لەڕاستی و دروستی قسەکانی بکات. جگە لەمەش کاتێ قسەی دەکرد هالاّوی هەناسەی بەڕوخساری ئەندرێی یڤیمیچ دەکەوت و لەبن گوێی ئەودا دەیدایە تریقەی

پێکەنین. دکتۆر زۆر لەو حاڵە بێزار بو ، نەیدەتوانی فکر و هۆشی خۆی کۆکاتەوە.

لەدرێژەی گەشتەکەیاندا بە مەبەستی ئەوەی برێك دەستیان بەگیرفانیانەوە بێت ، سواری شەمەندەفەری پلە سێ بون ، جگەرەکێشان لەو فارگۆنەی ئەواندا قەدەغە بو. نزیکەی نیوەی سەرنشینانی شەمەندەفەرەکە دیمەن و سەروشکڵێکی رێکوپێکیان هەبو. میخائیل ئۆریانیج زۆر بەزوویی بناغەی دۆستایەتی لەگەڵ هەمویان دا دارِشت و لەحاڵێکدا لەم کورسیەوە دەچوە سەر کورسیەکی تر ، دەیگوت جادەوبانەکانی روسیا هی ئەوەنین مرۆڤ هاتوچۆیان پێدا بکات ، مرۆڤەکان تەڵەکەباز و ساختەچین ، گەشتکردن بە سواری ئەسپ زۆر زۆر لە سواری شەمەندەفەر خۆشترە چونکە مرۆڤ دوای برِینی سەد ڤرست رێگا ، هێشتا هەست بە شەکەتی و ماندوێتی ناکات ، هۆکاری وشکەساڵی ئەوەیە کە زۆنگاوەکانی (پینسکیە) یان وشك کردووە ، بروانیتە هەر لایەك بەرەلاییەکی ترسناکە.

بەردەوام تورِە دەبو ، بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد و بواری قسەکردنی بەوانیتر نەدەدا. زۆربڵێییە بێهودە و بێ کۆتاییەکانی کەهەمیشە هاودەم بو لەگەڵ پێکەنین بە دەنگی بەرز و راوەشاندنی سەر و دەستەکانی ، ئەندرێی یمیڤیجی بەشێوەیەك بێزار و ماندوو کرد کە لەگەڵ هەستکردن بەداخ و پەشیمانیدا ، دەکەوتە بیرکردنەوە: (( کاممان شێتین؟ من شێتم کە بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدام نەبمە هۆکاری تێکدانی ئارامی و ئاسودەیی سەرنشینانی نێو فارگۆنەکە ، یان ئەو پیاوە خۆپەرستە شێتە کە واهەست دەکات لێرەدا کەسی لەو زیرەکتر و داناتری تێدانیە و ئارامیی و ئاسودەیی لە خەڵك شێواندوە؟)).

کـاتێ گەیشـتنە مۆسـکۆ ، میخائیـل ئۆریـانیچ چـاکەتێکی سـەربازی بـەبێ نیشانەکانی سەرشـان و پـانتۆڵێکی بەشـریتی سـوری لەبـەر کـرد. بـە لیباسـی سەربازیەوە بەنێو کوچە و کۆلاّناندا دەگەڕا و کـاتێ سـەربازان ئـەویان دەبینی سلاّوی سەربازییان بۆ دەکرد.

ئێستا دکتۆر وایدەبینی کـە ئـەم پیـاوە تـەواوی خەسـڵەتە بـاش و جوانـەکانی سـەردەمی ئاغایـەتی خـۆی لـەبیر چـوبێتەوە و تـەنیا تایبەتمەنـدیی و ئاکـارە ناشیرن و نەشیاوەکانی ئەو سەردەمەی لـەبیرمابێ. میخائیـل ئۆریـانیچ حـەزی دەکرد خەڵکی لەکاتی ناپێویستیشدا بەدەوریدا بێن و خزمەتی بکەن. بۆ نمونە لەکاتێکدا قتوی کبریت لەسەر مێزەکەی و لەبەرچاوی بو کەچی بانگی گارسۆن و خزمـەتکارەکانی دەکـرد کـبریتی بـۆ بێـنن. یـان لەبەرچـاوی خزمـەتکارە ژنەکانەوە بەتوێی جلوبەرگی ژێـرەوە دەهـات و دەچـو و هەسـتی بـە شـەرم و خەجاڵـەتی نـەدەکرد. هـەمو خزمـەتکارەکانی – تەنانـەت خزمـەتکارە بەتەمەنەکانیشی – بەبێ جیاوازی بە (تۆ)[*] بانگ دەکرد و کاتێ تورەش دەبو بە گێل و گەمژە هاواری بەسەردا دەکردن. گەرچی هەمو ئەمانەی بـە ڕەفتـاری ئاغایانە دەزانی بەلاّم لەڕاستدا شتێکی پیس و قێزەون بو.

میخائیـل ئۆریـانیچ لـە مۆسـکۆ ، بـەر لـە هـەرکارێك ، دکتـۆری بـردە کلیسـای (ئیڤرسکایا) و زۆر بەگەرمی کەوتە نزاکردن و کڕنوش بردن و فرمێسکی ڕشـتن و دواتر لەناخی دڵیەوە ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی: مرۆڤ ئەگەر ئیمانیشی نەبێت

---

[*](تۆ) لەڕوسیادا وەکو نیشانەیەك بۆ ڕێز لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ تاکە کەسدا بـە ئێـوە دەدوێن و وشەی تۆ بەکار ناهێنن.

، دوای خوێندنی هەر نزایەك هەست بە ئارامی و ئاسودەییەکی زیاتر دەکات.
هاوڕێی خۆشەویست تۆش (شەمایل)[*] وەکە ماچکە.
دکتۆریش بە کەم تا زۆرێك شەرمەوە ، شەمایلەکەی ماچ کرد. بەلاَم میخائیل ئۆریانیج لێوەکانی خڕکردنەوە و لەگەڵ سەرلەقاندن و نزاکردنەوە ، دڵۆپە فرمێسکی بەچاوانەوە دیاربون.
دواتر چونە کۆشکی کرملین و سەیری شاناقوس و شاتۆپەکەیان کرد و تەنانەت دەستیشیان پێدا هێنان. دواتر چێژێکی زۆریان لە بینینی دیمەنی ڕوباری مۆسکۆ وەرگرت و سەرەنجام سەرێکیشیان لەپەرستگەی (سپاسیتڵ) و (ڕۆمیانتسیڤسکی) دا.
نانی نیوەڕۆیان لەڕستۆرانتی تیستۆڤ خوارد. میخائیل ئۆریانیج لەحاڵێکدا کە دەستی بەلاجانگیدا دێنا ماوەیەك لە مینۆی ڕستۆرانەکە وردبۆوە و ئەمجار بەتۆنی دەنگی مرۆڤێکی خۆش خۆراك و خۆش سەلیقەوە کە لە ڕیستۆرانەکانیشدا وەك ماڵی خۆی ئاسودەیە ، گوتی: فریشتەکەم حەزدەکەم بزانم ئەمڕۆ چیمان دەدەیتێ؟

---

(*)(شەمایل) ئەو پارچە تەختەیەی کە قەدیسەکان نەخش و نیگار و وێنەی لەسەر هەڵدەکەنن و دواتر بە هۆی کاغەز یان قوماشەوە وێنەکەی لێ وەردەگرنەوە.

## ١٤

دکتۆر پیاسەی دەکرد ، سەیری دەکرد ، دەیخوارد و دەیخواردەوە ، بەڵام بیر و هزری تەنیا لای یەك شت بو: زویربون لە میخائیل ئۆریانیچ. حەزی دەکرد ماوەیەك تەنیا بێت و پشویەك بدات ، لەهاوڕێکەی جودابێتەوە و خۆی لەبەرچاوی وی ون بکات. بەڵام هاوڕێکەی ئەرکی خۆی زۆر بەباشی دەزانی و نەیدەهێشت بەتەنیا بێت و هەوڵی دەدا تا ئەو جێگایەی دەکریٚ کەشێکی پڕ لە سەرگەرمی بۆ برەخسێنیٚ. ئەگەر وەدەرنەکەوتبان ئەوا هەوڵی دەدا بەهەڵەوەریە بێهودەکانی خۆی ، سەرگەرمی بکات.

ئەندرێی یێفیمیچ توانی تا دو ڕۆژان بەو شێوازە بەردەوام بێت و هەڵبکا ، بەڵام لە ڕۆژی سێیەمدا بەهاوڕێکەی گوت کە نەخۆشە و توانا و حەوسەلەی چونەدەرەوەی نیە ، هاوڕێکەشی ناچاربو ئەو ڕۆژە لە ژورەوە بمێنێتەوە و نەچێتە دەریٚ و گوتی واباشترە مرۆڤ پشویەك بدات ئەگینا لە پیٚ دەکەوێت.

دکتۆر لەسەر کاناپەکە و ڕوو لەپاڵپشتەکەی ڕاکشا و بەوپەڕی هەستکردن بە توڕەیی و نیگەرانیەوە دانەکانی بەسەر یەکدا چیڕ کردبوونەوە و قسەکانی هاوڕێکەی دەبیست کە بە سوربون و پێداگریەکی زۆرەوە دەیویست بە ئەندرێی هاوڕێی بسەلمێنی درەنگ یا زوو فەرەنسا بەسەر ئەڵمانیادا سەردەکەوێت ، ژمارەی قۆڵبڕ و ساختەچیەکان لە مۆسکۆدا بیٚ ئەژمارن ، مرۆڤ ناتوانیٚ بەدیمەن بڕیار لە سەر باشی و ڕەسانەیەتی ئەسپ بدات.

دکتۆر وردە وردە هەستی دەکرد دەنگە دەنگ و هاتوهاوار لەنێو گوێچکەکانیدا پێچ دەخۆن و دڵیشی بەخێراییەکی زیاترەوە لێدەدا بەڵام ئەوەندە مرۆڤێکی بەڕێز و شەرمن بو لەڕووی هەڵنەدەهات تکا لە هاوڕێکەی بکات بەتەنیا جێی بهێڵێ ، یان هیچ نەبێ هێندە قسان نەکا.

خۆشبەختانە میخائیل ئۆریانیچ هەر زۆر زوو لە ژورەوە وەڕەز بوو و دوای نانخواردنی نیوەڕۆ ، چوە دەرێ تا هەندێك پیاسە بکات.

کاتێ دکتۆر بەتەنیا مایەوە ، بەتەواوی بونیەوە کەوتە پشودان. چ خۆشە ڕاکشان بە بێ جوڵە لەسەر کاناپە و هەستکردن بە تەنیایی! شادی ڕاستەقینە ، بەبێ بونی ئەو ساتانەی کە مرۆڤ تێیاندا هەست بە تەنیایی دەکات ، هیچ واتایەکی نیە. بێگومان ئیبلیس ، ئەو فریشتە نەفرەتلێکراو و دەرکراوەش هەر بەهۆی حەزکردن لە تەنیایی بو – ئەو حەزەی کە فریشتەکان لێی بێ ئاگان – خیانەتی لەخودا کرد.

ئەندرێی یڤیمیچ دەیویست بیر لەو شتانە بکاتەوە کە لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردودا دیتبونی و بیستبونی ، بەڵام مۆتەکەی میخائیل ئۆریانیچ ساتێك چیە مێشکی ڕەها نەدەکرد. لەداخان بیری دەکردەوە: ئاخر ئەو تەنیا بەهۆی دڵسۆزی و هاوڕێیەتیەوەیە کە مۆڵەتی وەرگرتوە و ملی داوەتە بەر ئەم گەشتە. هیچ شتێك نیە لەدنیادا هێندەی چاودێری کردن و کۆنترۆڵ کردنی هاوڕێ خراپ بێت. گەرچی پێدەچێ بونەوەرێکی خۆشمەشرەب و دڵسۆز و جوامێر بێت ، بەڵام قسەکانی مرۆڤ بێزار دەکەن ، گیان دێننە سەر کونەلوت! ئەم جۆرە مرۆڤانە بەردەوام هەوڵ دەدەن قسەی ژیرانە و پڕواتا بکەن بەڵام هەرکە زار هەڵدێننەوە مرۆڤ یەکسەر هەست دەکات کە گێل و گەمژەن.

ڕۆژانی دواتریش دکتۆر خۆی دەکردە نەخۆش. لەژورەکەی خۆی نەدەچوە دەرێ. هەرجارێ کە میخائیل ئۆریانیچ هەولیدەدا سەرگەرمی بکات ئەو ڕویدەکردە پالپشتی کاناپەکە و ڕادەکشا و خەفەتی دەخوارد و ئازاری دەچێشت. بەلام هەرکە ئەو دەچوە دەرێ ، ئاهێکی ئاسودەی هەلدەکێشا و پشوی دەدا.

خۆی سەرکۆنە دەکرد کە چۆن خۆی داوەتە دەست ئەم گەشتە و ڕازی بوە لەگەلیدا گەشت بکات؟ دلتەنگ دەبو و خەفەتی دەخوارد ڕقی لێ هەلدەستا و نەیدەزانی لەبەرچیە کە ڕۆژ بە ڕۆژ زۆربلێتر و گوزەراندنی کات لەگەلیدا ئەستەمتر دەبێ. ئیدی بەوهۆیەوە نەیدەتوانی بیروزەینی خۆی کۆکاتەوە و بیر لە بابەتی گرینگ بکاتەوە. کە بیریشی لە گەوجی و پوچی خۆی دەکردەوە ، تورە دەبو: (خەریکە وردە وردە دەکەومە ژێر کاریگەری ڕاستیەلێکەوە کە میخائیل ئۆریانیچ قسەی لەبارەوە دەکردن ، بەلام نا ... خەریکی قسەی بێهودەم ... هێندە بەسە بگەڕێمەوە مال و حالی خۆم تا هەمو شتەکان بچنەوە دۆخی جاران ...).

لە پترۆسبۆرگیشدا ڕەوشەکە بەم شێوەیە بو: ڕۆژ تا ئێوارێ لەژورێ نەدەهاتە دەرێ ، لەسەر کاناپەکە ڕادەکشا و تەنیا بۆ خواردنەوەی بیرە لەجێگاکەی خۆی هەلدەستا. میخائیل ئۆریانیچ بەردەوام پەلەی لێ دەکرد بۆ ئەوەی هەرچی زووە بگەنە وارشۆ. دکتۆر چەشنی پاڕانەوە ، لێی دەپرسی: هاوڕێی خۆشەویست بۆچی من دەبەیتە وارشۆ؟ بڕۆ بۆ خۆت بەتەنیا بڕۆ ، واز لەمن بێنە با بگەڕێمەوە مالی خۆم ، تکات لێدەکەم!

بەلاَم هاورێکەی بەناڕەزاییەوە وەلاَمی دەدایەوە: بەهیچ شێوەیەك ناکرێ! نازانی چ شارێکی خۆشە! پێنج ساڵ لە باشترین ڕۆژەکانی ژیانم لەوێ بەسەر بردوە.

دکتۆر ، ئیرادەی ئەوەندە بەهێز نەبو بتوانێ پێداگریی لەسەر قسەکانی خۆی بکات ، بۆیە بەناچاری و نابەدڵی ، کەوتە دوای میخائیل ئۆریانیچ و بەرەو وارشۆ کەوتنەڕێ. لەوێش قاچی لەژورێ نەدەترازاند ، بەردەوام لەسەر کاناپە ڕادەکشا و لەداخی خۆی و هاورێکەی و ئەو خزمەتکار و گارسۆنانەی کە نەیاندەویست بە هیچ کلۆجێك لە زمانی ڕوسی تێبگەن ، تورە و پەست دەبو. بەلاَم میخائیل ئۆریانیچ وەك هەمیشە خۆشحاڵ و شاد و بەکەیف ، لەبەیانیەوە تا ئێوارێ ، بەدوای دۆزینەوەی ئاشنا کۆنەکانی و دیتنیان ، سەرتاپای شەقام و کۆلاَنەکانی شاری دەکوتایەوە. چەند شەوێك تا بەیانی نەهاتەوە هۆتێل . دوای بەسەربردنی شەوێك لەو شەوانە – کە ڕون نەبو بەچییەوە و لەکوێی بەڕێ کردوە – لای بەرەبەیان بە سورهەڵگەڕاویی و شێواویی و قژی ئاڵۆسکاوەوە گەڕایەوە هۆتێل و بەدەم دەربڕینی وشەیەلێکی لێڵ و ناڕۆشنەوە تا ماوەیەکی زۆر بەنێو ژورەکەدا هاتوچۆی کرد و پاشان ڕاوەستا و گوتی: شەرەف لەپێش هەمو شتێکەوەیە.

دیسان هەندێك پیاسەی کردەوە ، چنگی لە قژی خۆی گیر کرد و بەدەنگێکی خەمبارەوە گوتی: بەڵێ ، شەرەف لەپێش هەمو شتێکەوەیە ، نەفرەت لەو ساتەی کە بیرۆکەی گەشتکردن بۆ ئەم بابلە لەکەللەی دام. دواتر ڕویکردە دکتۆر و درێژەی دایە: هاوڕێی خۆشەویست بەهیچم مەزانە ، چونکە هەرچیەکم هەبو لە قوماردا دۆڕاندم! پێنسەد ڕۆبلّم بەقەرز بدەرێ.

دکتـۆر پێنسـەد ڕۆبڵـی ژمـارد و بـێ ئـەوەی ورتـەی لـەدەم بێتـە دەرێ ، دایـە دەسـتی هاوڕێکـەی. هاوڕێکەشـی کـە لەشـەرمان و لـەڕقان ڕوخسـاری سـور هەڵگەڕابو ، بە دەربڕینی وشەیەلێکی پچڕ پچڕ ، سوێندێکی خوارد کە نابەجێ و بێهـودە بـو. دواتـر کلاوەکـەی لەسـەر کـرد و وەدەرکـەوت. بـەلام دوای دو کاتژمێر دیسان گەڕایەوە هۆتێل و خۆی هاویشتە سەر مۆبلەکە و ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا و گوتی: متمانە و شەرەف خۆم کڕیەوە ! وەرە هاوڕێی خۆشەویست با لێرە بڕۆین. حەزناکەم یەك خولەك چیە لـەم شـارە نەفرەتیـەدا بمێنمـەوە. هەرهەمویان ساختەچین ، جاسوسی نەمسان.

وە لەمانگی نۆڤەمبەردا کە بەفرێکی قورس و ئەستور ، یەکپارچـە زەوی سـپی کردبو ، هەردو هاوڕێ گەڕانەوە شارەکەی خۆیان.

لەنەخۆشخانەکەدا جێگای دکتۆر ئەندرێیان دابوە دکتۆر خۆبۆتۆف.

دکتۆر خۆبۆتۆف هێشتا لە ئاپارتمانەکەی پێشوی خۆیـدا دەژیـا و چـاوەڕوانبو دکتـۆر ئەنـدرێی لـە گەشـتەکەی بگەڕێتـەوە و ماڵەکـەی لـەنێو ئاپارتمانەکـەی تایبەت بە نەخۆشخانەدا بگوازێتەوە ، تا بچێتە شوێنی وی. ئەو ژنە ناشـیرنەی کـە دکتـۆر خۆبۆتـۆف لـە هـەمو شـوێنێك بەچێشـتلێنەری خـۆی بـە خـەڵکی دەناساند ، لە یەکێك لە بیناکانی تەنیشت نەخۆشخانە نیشتەجێ ببو.

لـە شـاردا دەنگـۆی سـەیر لـەبارەی ڕەوشـی نەخۆشـخانەوە بـڵاو ببـۆوە و دەماودەمی دەکرد. دەیانگوت گوایا ژنە ناشـیرنەکە لەگـەڵ بەرپرسـی داراییـدا لێیان بۆتە مشتومڕ و بەرپرسی دارایی لەبەردەمیـدا بـە چـۆکدا هـاتوە و داوای لێبوردنی لێ کردوە.

ئەندرێی ێڤیمیچ لە ڕۆژی گەڕانەوەیـدا بـۆ شـار ناچـاربو شـوێن و جێگایـەك بـۆ خۆی بدۆزێتەوە.

میخائیل ئۆریانیجی سەرۆکی فەرمانگەی پۆستەش ، بە هەستکردن بەشەرم و خەجاڵەتیەوە ، لێی پرسی: لەو پرسیارە هەڵماڵراو و بێ چاووڕوانەیەی کە لێتی دەکەم سەرەتا داوای لێبوردن دەکەم ، بەڵام حەزدەکەم ئاگاداری باری دارایی ژیانت بم.

ئەندرێی یڤیمیچ ، بەبێ گوتنی تاقە وشەیەك ، پارەکانی لە گیرفانی هێنانە دەرێ و ژماردنی و وەڵامی دایەوە: هەشتاوشەش ڕۆبڵ.

میخائیل ئۆریانیج – کە لە مەبەستی دکتۆر تێنەگەیشتبو – بەشەرمەوە گوتی: مەبەستم ئەوە نەبو ، بەڵکو دەمویست بزانم تەواوی سەروەت و سامانەکەت چەندە؟

: ئێ خۆ پێمگوتی! هەشتاوشەش ڕۆبڵ ... جگە لەم پارەیە هیچ شتێکی ترم نیە.

میخائیل ئۆریانیج ، گەرچی دکتۆری بە کەسێکی شەریف و ڕاست دەزانی بەڵام سەرەڕای ئەوەش وای هەستدەکرد دەبێ لانیکەم بیست هەزار ڕۆبڵێکی وەسەریەك نابێ. بەڵام کە ئێستا درکی بە نەبونی و بێ پارەیی ئەندرێی یڤیمیچ کردبو ، لەناکاو – ڕون نەبو بە چ هۆکارێکەوەیە – دایە پرمەی گریان و باوەشی بە هاوڕێکەیدا کرد.

**١٥**

ئەنـدرێی یڤیمـیچ لەخانویـەكی بچـوكدا كـە سـێ پەنجـەرەی هـەبون و هـی بێوەژنێكی كاسـب بـو بـەنێوی (بیلۆڤایـا) ، جـێگیر بـو. ئـەم خـانوە – ئەگـەر چێشتخانەكەی لەگەڵدا ئەژمار نەكـەین ، تـەنیا سـێ ژوری تێـدابو. دو دانـە لـە ژورەكــان – كــە پەنجــەرەكانیان ڕویــان لــە دەرێ بــو – دكتــۆر بۆخــۆی دەسنیشانی كردن و پێنج كەسەكەی تـر واتـا داریۆشـكا و خـاوەن خانوەكـە و سێ منداڵەكەی ، لەچێشتخانەكەدا جێگیربون ، هەندێك شەوان كـابرای ئاشـقی بێوەژنی خاوەن خانوش زیادی دەكرد و شەوێ لـەلای بلۆڤایا دەمایـەوە. ئـەو كە دێهاتیەكی هەمیشە مەست بو ، نیوەشەوان هاواری دەكرد و دەیكردە قیژە قیژ و داریۆشكا و منداڵەكانی زارەترك دەكرد.

هەركاتێ سەروكەللەی وەدەركەوتبا دەچو لە چێشتخانەكە دادەنیشـت و داوای ڤۆدكای دەكرد. كاتێ ئەو پەیدا دەبو ، هەموان هەستیان بە تەسك و تروسـكی جێگاكانیان دەكرد. دكتۆر بەزەیی بە منداڵەكاندا دەهاتەوە و دەچو دەیهێنانە لای خۆی و لەژورەكەی خۆیدا جێگای بۆ ڕادەخسـتن و زۆر چـێژی لـەم كـارەی خۆی وەردەگرت.

ئەو ، چەشنی جاران ، بەیانیان كاتژمێر هەشت خەبەری دەبـۆوە و دوای نـانی بـەیانی دەكەوتـە خوێندنـەوەی كتێـب و گۆڤارەكـانی. ئیـدی پارەكـەی بەشـی ئـەوەی نـەدەكرد كتێـب و گۆڤـاری نـوێی پـێ بكـڕێ. ئیـدی بـەهۆی كـۆنی كتێبەكانەوە بێت ، یـان بـەهۆی شـوێنگۆڕكێ و گـۆڕانی هەلومـەرجی ژیانیـەوە

بێت ، هیچ بابەتێك نەیدەتوانی بەقوڵی سەرنجی ئەو بەلای خۆیدا ڕاکێشێ ، ئیدی بەپێچەوانەی ڕابردووەوە هەرزوو لە کتێب خوێندنەوە بێزار دەبو.

بەو نیازەی کاتەکانی خۆی بەفیڕۆ نەدات کەوتە ڕێکخستنەوە و ڕیزبەندیی کردنی کتێبەکانی. بەپێی بابەت دایدەنان و دواتر ناونیشانەکانیانی لەپەڕە کاغەزیکی بچوکدا دەنوسی و دەیلکاند بە کتێبەکانەوە. بەلای ئەوەوە ئەو کارە پڕ لە ماندوبون و جارسکەرە زۆر لە کتێب خوێندنەوە خۆشتر و چێژبەخشتر بو. کاری یەك ڕیتم و بێ پشو ، لەبیرکردنەوەی ئەودا ، جۆرێك لە ئارامی و ئاسودەیی بۆ دەستەبەر دەکرد ، بەشێوەیەك کە لەو ساتانەدا بیری لە هیچ شتێك نەدەکردەوە و کاتیش بە خێرایی دەڕۆیشت. تەنانەت زۆری بەلاوە خۆشبو شانبەشانی داریۆشکا لە چێشتخانەکەدا پەتاتە پاك بکات ، یان ساوەر بژار بکات. ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە دەچوە کلیسا و لە بن دیوارەکە ڕادەوەستا ، گوێی بۆ سرودەکان هەڵدەخست ، چاوەکانی لێکدەنان و بیری لە دایك و باوك و ڕۆژانی زانکۆ و ئاینەکان دەکردەوە. هەستی بە ئارامی و خەم دەکرد. دوای جێهێشتنی کلیسا بەهۆی زوو تەواوبونی مەراسیمی نزا کردنەوە – کە هەمیشە حەزی دەکرد درێژە بکێشێ – هەستی بە خەم و پەژارەیەکی زۆر دەکرد. لەم نێوەدا دو جاران سەردانی نەخۆشخانەی کرد تا چاوی بە ئیڤان دیمتریچ بکەوێ و دو قسەی لەگەڵدا بکات. بەلأم لەهەردو جارەکەیاندا ئەوی بە شێوەیەکی نائاسایی و توڕە بینی.

ئیڤان دیمتریچ بەردەوام تکای دەکرد وازی لێ بهێنن و پێداگر بو لەسەر ئەوەی کە لەمێژە لە قسەی بێسەرەوبەرە و بێهودە وەڕەز بوە. دەیگوت کە لەبەرامبەر ئەو ڕەنج و ناخۆشیەی دەیچێژێ هیچ داواکاریەکی لە مرۆڤە چەپەڵ

و نەفرەتیـــەکان نیـــە جگـــە لـــەوەی بیخەنـــە زینـــدانی تاکەکەســـیەوە و لـــە ڕەتکردنەوەی ئەو داواکاریە بچوکەشیدا ، سەری سوڕ دەما.

لە هەردو جارەکەیاندا کاتێ دکتۆر دەیویست بڕوات و خوداحـافیزی لێـدەکرد ، ئەو بەدەنگێکی تێکەڵ بەڕقەوە وەڵامی دەدایەوە: بڕۆ بەجەهەنەم.

ئێستا ئیدی ئەندرێی ێفیمیچ دودڵ بو لەوەی ئاخۆ بۆ سـێیەمین جـار سـەردانی ئیڤان دیمتریچ بکاتەوە یان نا – ئەڵبەتە لە دڵەوە ئاواتەخواز بـو جـارێکی تـر سەردانی بکاتەوە .

پێشتر ، دوای نانخواردنی نیوەڕۆیان بەنێو ژورەکانـدا دەکەوتـە پیاسـەکردن و بیرکردنەوە ، بەڵام ئێستا لە نیوەڕۆوە تا لای عەسرێ لەسـەر کاناپەکـە ڕو لـە دیـوار ڕادەکشـا و خـۆی دەدایـە دەسـت بیرکردنـەوەی پـوچ و بێسـودەوە– نەیدەویست خۆی لە دەست ئەم بیرکردنەوانە ڕزگار بکات.

زۆر پەست بـو لـەوەی کـە دوای بیسـتو ئەوەنـدە سـاڵ خزمـەت ، نـە موچـەی خانەنشینییان دەدایە و نە ئەوەشـبو ئـەو بیسـتوئەوەندە سـاڵ خزمەتـەی لـێ بکڕنەوە. گەرچی دەیزانی بەپاکی و ڕاستگۆیی خزمەتی نـەکردوە بـەڵام ئـاخر موچەی خانەنشینی چ پەیوەندیەکی بە شێوازی خزمەتەوە هەیە؟ مەگەر ئـەوە نیـە هـەموو کارمەنـدەکان بـەبێ جیـاوازی – بـەبێ لەبەرچـاو گـرتنی پـاکیی و دروسـتیی و شـەرافەت – موچـەی خانەنشـینی وەردەگـرن. دادپـەروەری ، بەتایبـەت لـە سـەردەمی ئێمـەدا ، هـەڵگری ئـەو ڕاسـتیانەیە کـە لەبەرامبـەر خزمەتـدا – جـا هـەر خزمـەتێك بێـت – پلـە و نیشـانە و مـەدالیا و موچـەی خانەنشینی ، بەکارمەندان دەبەخشن. ئەویش نەك لەسەر بنـەمای لێهـاتویی و تایبەتمەندیـە ئەخلاقیـەکانی. ئـەدی کەوایـە بۆچـی لەگـەڵ ئەمـدا بەمشـێوەیە ڕەفتـار دەکـەن و جیـای دەکەنـەوە؟ پـارەی نـەمابو ، لـەڕوی نـەدەهات بـە

بـەردەم دوکـانی سـەری کۆڵانەکـەدا تێپـەڕێ و چـاوی بـە چـاوی خاوەنەکـەی بکەوێ. سیودو ڕۆبلّی بیرە قـەرزار بـو. جگـە لـەوەی کـە هەنـدێکیش قـەرزاری خـاوەن خانوەکـەی بـو. داریۆشـکا ، وردە وردە کـەوتبوە فرۆشـتنی لیبـاس و کتێبەکانی و بە خاوەن خانوەکەی دەگوت بڕیارە لەم ماوانـەدا بـڕە پارەیـەکی باش بگاتە دەستی دکتۆر.

دکتۆر کاتێك بەفیڕۆدانی ئەو هـەزار ڕۆبلّـەی یـان بەواتایـەکی تـر لەدەسـتدانی تەواوی سەروەت و پاشەکەوتی خۆی لـەو گەشـتەیدا ، وەبـیر دەهاتـەوە ، زۆر هەستی بە نائارامی دەکرد و سەرکۆنەی خۆی دەکرد. ئەگەر هاتبا و ئەمڕۆ ئەو بڕە پارەیـەی بەدەسـتەوە مابا ، چ کێشـەیەك دەمـا چارەسـەری نـەکات و چ گرێیـەك دەمـا بـۆی نەکاتـەوە؟ دلّگـران بـو لـەوەی کـە خـەڵك نەیاندەهێشـت ئاسودە بێت.

دکتۆر خۆبۆتـۆف ، ئـەرکی خـۆی بەباشـی دەزانـی کـە جـار جـارە سـەرێك لـە هاوکارە نەخۆشەکەی بدات.

ئەندرێی یڤیمیچ ڕقی لە هەمو شتێکی ئەو دەبۆوە: لـە سەروشـکڵی تێروپـڕی ، لە تۆنی دەنگی ناسازگار و تێکەڵ بە فیزی ، لـە قۆنـدەرە پاژنـە بـەرزەکانی ، لە بەکارهێنانی وشەی (هاوکار) ی ... بەڵام لەهەموی نـەفرەتیی تـر بەئـەرکی سەرشانی خۆی دەزانی چارەسەری وی بکا و وای بیر دەکردەوە هەر بەڕاسـتی چارەسەری دەکات. هەرجارێ چوبا سـەردانی ئەنـدرێی یڤیمـیچ ، شوشـەیەکی بچوکی پڕ لە (برێم دو پۆتاس ) و هەندێك حەبی (ڕاوند) ی لەگەڵ خۆی دەبـرد و دەیدایە.

بەرپرسـی فەرمانگـەی پۆسـتەش بـە ئـەرکی سەرشـانی خـۆی دەزانـی بچـێتە سەردانی هاوڕێکەیی و سەرگەرمی بکات. بەردەوامیش بەوپەڕی خۆ بە ئاسودە

نیشـاندانەوە ، دەهاتـە دیـداری و پێکـەنینی دروسـتکراو و سـاختە و نابـەجێی دەرخـوارد دەدا و هـەوڵی دەدا پیرەدکتـۆر بێنێتـە سـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە – سوپاس بۆ خودا – بەڕوخساریەوە دیـارە کـە ڕەوشـی تەندروسـتی باشـترە و بەرەو چاکبونەوە دەچێت. بەڵام مرۆڤ لـە ئـاوازی دەنگـیڕا هەسـتی دەکـرد کـە هیچ ئومێدێکی بە چاکبونەوەی هاوڕێکەی نەماوە. هێشـتا ئـەو بـڕە پارەیـەی نـەدابۆوە کـە لـە وارشـۆ لێـی قـەرز کردبـو. زۆر هەسـتی بـە شـەرمەزاری و خەجاڵەتی دەکرد. بۆ داپۆشینی ئەو حاڵەتـەی ، هەوڵیـدەدا بـە دەنگـی بـەرز بداتە قاقای پێکەنین و ڕوداو و سەربردەی سەیرتر و پێکـەنیناویتر بگێڕێتـەوە. ئیدی ئێستا هەمو ئەو نوکتە و سەربردانەی کە دەیگێڕانەوە لەڕوانگـەی دکتـۆر و تەنانەت لە ڕوانگەی خودی خۆشیەوە بێتام و جاڕسکەر و بێ کۆتایی خۆیـان دەنوانـد. دکتـۆر لـەکاتی سـەردانی ئەویشـدا لـەجێگای خـۆی نـەدەبزوت و لەسـەرکاناپەکە و ڕو لـەدیوار ڕادەکشـا و بـەڕق و ددان چـیڕکردنەوەوە گـوێی دەدایە قسەکانی. لەو حاڵەتەدا ڕق و تورەییەکەی چەشنی چینە قـوڕی نیشـتو ، چین چین تاڵی لە سەر دڵیدا بەسـەر یەکـدا کەڵـەك دەبـون. بەشـێوەیەك کـە دوای هەر دیدارێك ، وای هەستدەکرد هاکا چینەقوڕەکان گەیشـتنە ناقرگـەی و هەناسەیان لەبەر بڕی.

بە ئومێدی ئەوەی هەستە بێ نرخەکان لە ناخی خۆیدا کپ بکـات ، هەوڵیـدەدا وا بـیر بکاتـەوە کـە هـەم خۆبۆتـۆف و هـەم میخائیـل ئۆریـانیچ و هـەم خـودی خۆشی ، درەنگ یان زوو ، بێئـەوەی شـوێنەوارێك لـە سروشـتدا بـەجێ بـێڵن ، مـەرگ دەبێتـە میوانیـان. ئەگـەر بێتـو لـە دنیـای خەیاڵدا بیهێنینـە بەرچـاوی خۆمان کە دوای تێپەڕینی ملیۆنێك سـاڵ ، ڕۆحێـك بـەنێو بۆشـایی ئاسمانـدا و بەتەنیشت گۆی زەویدا تێپەڕێ و بفڕێ ، بێگومان جگـە لـە خـۆڵ و تەپۆڵکـەی

وشك و برینگ و چۆڵ ، هیچ شتێکی تری بەرچاو ناکەوێ. هەمو شتەکان ، لە پێشکەوتنەوە بگرە تا پێوانە ئەخلاقیەکان ، هەر هەمویان لەبەین دەچن و تەنانەت بنچکە گیا و هەرزنیش لەسەر وەها وێرانەیەك ناڕوێن. ئیدی لەم حاڵەتەدا شەرمەزاریی لە ئاست کابرای بەقاڵ و کارە بێزارکەرەکانی خۆبۆتۆف و هاوڕێیەتی دژوار و کوشندەی میخائیل ئۆریانیچ ، دەتوانن چ بایەخێکیان هەبێ؟ هەمویان پوچ و بێ نرخن.

بەڵام ئیدی ئەم جۆرە بەڵگە و پاساوانە بەکەڵك نەدەهاتن. هێندە بەسبو ڕەوشی گۆی زەوی دوای تێپەڕینی چەند ملیۆن ساڵێك بێنێتە بەرچاو ، تا لە هەمان کاتدا سەروکەللەی خۆبۆتۆف بە خۆی و پێڵاوە پاژنە بەرزەکانیەوە لەپشت تەپۆڵکەیەکی وشك و قاقڕەوە وەدەرکەوێ. یان میخائیل ئۆریانیچ بەخۆی و پێکەنینە دەسکرد و ساختە و بەرزەکەیەوە و بە دەنگێکی تێکەڵ بە شەرم و خەجاڵەتیەوە و لەژێر لێوەوە بڵێ: هاوڕێی خۆشەویست! لەم ڕۆژانەدا ئەو پارەیەت دەدەمەوە کە لە وارشۆ لێم قەرز کردی ... بەڵێ حەتمەن دەتدەمەوە.

## ١٦

ڕۆژێکیـان دوای نیـوەڕۆ کـە پیرەدکتـۆر لەسـەر کاناپەکـە ڕاکشـابو ، میخائیـل ئۆریانیج هاتە دیداری. بەڕێکەوتی ڕۆژگار لەهەمان کاتدا خۆبۆتۆفیش بـەخۆی و شوشـەیەکی پـڕ لـە (بـرێم دو پۆتـاس) ەوە گەیشـتە ئـەوێ. پیرەدکتـۆر بەزەحمـەت تـوانی لـەجێگای خـۆی ڕاسـتبێتەوە و بەیارمـەتی هـەردو دەسـتی لەسەر کاناپەکە دانیشت. میخائیل ئۆریـانیج سـەری قسـەی کـردەوە و گـوتی: هـاوڕێی خۆشەویسـتم ئـەمڕۆ ڕەنگـت زۆر باشـترە لـەدوێنێ ، زۆر بـاش دێیتـە بەرچاوم ، سوێند بەخوا زۆر باش دێیتە بەرچاوم!
خۆبۆتۆفیش بەدەم باوێشکدانەوە گوتی: هاوکاری خۆشەویسـت ، ئیـدی کـاتی ئەوەیە شیفات بێت و بێییتەوە دۆخی جاران ، حەتمەن بۆخۆشت لەدەست ئەم ڕەوشەت وەگیان هاتوی.
بەرپرسـی فەرمانگـەی پۆسـتە ، بەشـادیەوە قسـەکانی خۆبۆتـۆڤ سـەلماند و گوتی: ئەڵبەتـە تەندروسـتیی باشـتر دەبێـت! ئـەم هاوڕێیـەی مـن سـەد سـاڵی تریش دەژی!
خۆبۆتۆف ، بەدەنگێکی چەشنی دڵدانەوەوە گوتی: سەد ساڵ نا بەڵام لانیکەم بیست ساڵی تری ماوە. زۆر گرینگی بـەو ڕەوشـە مـەدە کـە دوچاری هـاتوی ، بـێ ئومێـد مەبـە ... پێویسـت ناکـا شـتەکە گـەورە بکەیتـەوە و خەفـەتی لـێ بخۆیت.

میخائیل ئۆریانیج ، بەدەم قاقای پێکەنینەوە دەستێکی خستە سەر ئەژنۆی هاورێکەی و گوتی: پێتانی نیشان دەدەین کە چۆن بەخواستی خودا هاوینی داهاتو لەگەڵ دکتۆردا پێکەوە دەچینە قەفقاز ، ئیدی ڕۆژ تا ئێوارێ بەسواری ئەسپەوە ، هوپ – هوپ – هوپ ، سەرانسەری قەفقاز دەگەڕێین. هەرکە لەوێش گەڕاینەوە تەنیا دەمێنێتەوە سەر ئەوەی زەماوەند وەرێ بخەین ... ئەمەی گوت و تیلەچاوێکی دایە و درێژەی پێدا: ژن بۆ هاورێ خۆشەویستەکەمان دێنین ... دەتکەینە زاوا هاورێیی خۆشەویست ...

ئەندرێی یێفیمیچ ، لەناکاو هەستیکرد کە چینە قورە نیشتوەکان خەریکن بەری هەناسەی دەگرن. دڵی بەشێوەیەکی سەیر کەوتە لێدان. بەپەلە لەو جێگایەی کە لێی دانیشتبو هەستا و لەکاتێکدا کە بەرەو پەنجەرەکە دەچو ، گوتی: قسەی قۆڕ و بەلاش! خۆتان هەست بە پوچی و بێهودەیی قسەکانی خۆتان ناکەن؟ دەیویست بەوپەڕی ڕێز و نەرمی و ئارامیەوە درێژە بە قسەکانی بدات بەلام بێ ئیختیار مشتەکانی توند کردن و بۆ سەرێی بەرزکردنەوە و لەحاڵێکدا کە سور ببۆوە و سەرتاپای جەستەی دەلەرزی ، بە دەنگێك کە لەدەنگی ئاسایی وی نەدەچو ، هاواری کرد: لێم گەڕێن با ئاسودەبم! بۆ دەرەوە! یاڵلا هەردوکتان بۆ دەرەوە! دەی هەردوکتان!

میخائیل ئۆریانیج و خۆبۆتۆف ، هەردوکیان بەخێرایی هەستانە سەرپێ و بەنیگایەك کە سەرەتا تێکەڵ بەسەرسوڕمان و دواتر لێوانلێو بو لە ترس و تۆقین ، لێی وردبونەوە.

ئەندرێی یێفیمیچ دیسان نەڕاندی: هەردوکتان بۆ دەرێ! گەمژەینە! نە پیویستیم بە هاورێیەتی تۆ هەیە و نە بە دەرمانەکانی ئەو گەلحۆیەش ، هەی هیچ و پوچینە! چەپەڵینە!.

خۆبۆتۆف و ئۆريانيج بەشێواوی و سەرسوڕمانەوە سەيرێكی يەكتريان كرد و دواتر بەرەو دەرگاكە ملياننا و وەدەركەوتن.

دكتۆريش شوشە برێم دو پۆتاسەكەی بەدواياندا تورهەڵدا و بەچوارچێوەی دەرگاكە كەوت و شكا و دەنگيدايەوە.

ئەندرێی يقيميچ بەرەو ڕاڕەوەكە ڕۆيشت و ديسان هاواری كرد: بڕۆن گۆڕتان گوم كەن! هەی گەمژەينە! بەڵام دواتر هەركە برێك هێدی بۆوە و ميخائيل ئۆريانيجی وەبير هاتەوە و مەزەندەی كرد حەتمەن دەبێ زۆر لەم كارەی ئەو دڵگران بوبێت، هەستی بە ترس و خەجاڵەتيەكی زۆر كرد. بەر لەمە هيچ كاتێك ڕوداوی لەم شێوەيەی بۆ نەهاتبوە پێش. ئەدی ئەو ئاوەز و ڕێزەی بۆ كوێ چوبو؟ ئەدی ئەو هۆشمەندی و بێباكی و ئاراميیەی چی بەسەرهاتبو؟

سەرتاسەری ئەو شەوە خەو نەچوە چاوی.

كاتێ ڕۆژبۆوە، كاتژمێر دەی بەيانی چوە فەرمانگەی پۆستە و داوی لێبوردنی لە ميخائيل ئۆريانيج كرد.

بەرپرسی فەرمانگەی پۆستە، بەپەرۆش و شڵەژاويەوە دەستی ئەوی بەتوندی گوشی و ئاهێكی هەڵكێشا و گوتی: ليۆباڤكين كورسيەك بێنە! دواتر ڕويكردە پيرەژنێكی لادێيی – كە دەيويست لەلای ميلە ئاسنەكانەوە نامەيەكی بداتێ – و نەڕاندی: تۆزێ ئارامت هەبێ ژنەكە! مەگەر نابينی كارم هەيە؟ دواتر ڕويكردەوە دكتۆر ئەندرێی و بەدەنگێكی بەسۆزەوە درێژەيدايە: بەڵێ! با ڕابردو لەبير خۆمان بەرينەوە هاوڕێی خۆشەويست! تكايە دانيشە.

ماوەيەك بێدەنگ بو و ناولەپی دەستەكانی كێشان بە ئەژنۆكانيدا و گوتی: تەنانەت لە دونيای خەياڵيشدا لێت زووير نەبومە! نەخۆشی ناخۆشی لەگەڵدايە. دوێنی عەسرێ شەپۆلی گرژی و تورەييت بە چەشنێك من و

خۆبۆتۆڤ گرتەوە کە تا ماوەیەك دواتریش قسەمان لەبارەی تۆوە دەکرد. هاورێی خۆشەویست تۆ بۆچی ڕێگا نادەیت بەشێوەیەکی بنچینەیی و دروست چارەسەرت بکەن؟ ئاخر چۆن ئاوا دەبێ؟ ئەمجار بە چرپە درێژەی دایە: داوای لێبوردنت لێدەکەم کە ئاوا ڕەپ و ڕاست لەگەڵتدا دەدوێم ، بەڵام ناچارم کە بڵێم تۆ لەخراپترین دۆخدا دەژیت: بێ جێگایی ، پیسیی ، بێ سەرپەرشت و چاودێریکەر ، نەبونی کەلوپەل و هۆکارەکانی چارەسەرکردن ... هاورێی خۆشەویست! من و دکتۆر خۆبۆتۆف دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانە تکات لێدەکەین ڕێنماییەکانمان قبوڵ بکەیت! ڕێگا بدە با لەنەخۆشخانەدا بتهێڵنەوە! لەوێ لە خوردوخۆراکی پاك و باش و هۆکارەکانی چارەسەرکردن و چاودێریی بەهرەمەند دەبیت. یۆگینی فیۆدۆرۆڤیچ سەرباری ئەو بێ حەوسەلەییەشی دکتۆرێکی بەئەزمونە و دەکرێ مرۆڤ متمانەی پێ بکات ، بەڵێنی دامێ چارەسەرت بکات.

ئەندرێی ێڤیمیچ ، لەو خەمخۆری و بەتەنگەوەهاتنەی هاورێکەی و لەو چەند دڵۆپە فرمێسکەی کە لەناکاو بە چاوانیدا هاتبونە خوارێ ، زۆر دڵتەنگ و خەمبار بو. پاشان دەستی خستە سەر سینگی و لەژێر لێوەوە گوتی: هاورێی خۆشەویست ، متمانەت بە قسەکانی نەبێ! بەهیچ شێوەیەك باوەڕی پێمەکە ، کەسێکی دەغەڵ و فێڵبازە! من دوای بیست ساڵ ئەمجار توانیم کەسێکی ئاقڵ لەم شارەدا بدۆزمەوە کە شایانی ئەوەبێت مرۆڤ دو قسەی لەگەڵدا بکات ، ئەویش شێتە – ئەمەیە نەخۆشیەکەی من ، ئەگینا هیچ نەخۆشیەکی ترم نیە بەڵکو بە شێوەیەکی ئاسایی و سادە گرفتاری نێو بازنەیەکی جادوییم کە هەرچەندی دەکەم ڕێگای دەرچونم بۆ نادۆزرێتەوە. بەهەرحاڵ ئیدی بەلای منەوە هیچ جیاوازیەکی نیە و بۆ من وەکویەکە ، هەرچیەك بڵێی من ئامادەم.

: هاوڕێی خۆشەویست دەبێ لە نەخۆشخانەدا بخەوێنرێی.

: بۆ من هیچ جیاوازیەکی نیە ، بۆ هەر گۆڕێك بلێی دەچم.

: هاوڕێ بەلێنم بدەرێ کە گوێڕایەلی ڕێنماییەکانی پۆگینی فیۆدۆرۆڤیج بیت.

: بەلێن بێت گوێڕایەلی بم ، بەلام هاوڕێی خۆشەویست باوەڕت بەقسەکانی نەبێ ، جارێکی تریش دوبارەی دەکەمەوە من گرفتاری نێو بازنەیەکی جادوییم. ئێستا هەر کار و هەر هەنگاوێك ، تەنانەت هاودەردی و خەمخۆری دلسۆزانەی هاوڕێکانیشم بەزیان بۆم دەشکێتەوە. من لەنێو دەچم ، بەلام بایی ئەوە پیاوەتیم تێدایە کە دان بەم بابەتەدا بنێم.

: دلنیابە هاوڕێی خۆشەویست چارەسەر دەکرێیت.

پیرەدکتۆر بە توڕەییەوە پرسی: ئەم قسانە چ سودێکیان هەیە؟ ئەو ڕەوش و هەلومەرجەی کە منی تێدام کەم کەس هەیە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا دوچاری نەبێتەوە و ئەزمونی نەکات. ئەگەر بە تۆ بلێن گورچیلەت ئازاری هەیە و خەریکە لەکار دەکەوێت ، یان پێت بلێن دلت ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبێت و پێویستیت بە چارەسەرە ، یان بۆنمونە پێت بلێن شێتی ، یاخود بلێن تاوانباری ، یان کورتتر بلێیین: لەناکاو هەمو سەرنج و هۆش و بیری خەلك بکەوێتە سەر تۆ ، ئەوە سور بزانە گرفتاری نێو بازنەیەکی جادویی بویتە و ڕزگاربونیشت لێی مەحالە و هەولدانیش بۆ خۆ دەرباز کردن دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەنێو چال و پێچەکانیدا ڕێگات زیاتر لێ ون بێت ، کەوابێ باشترین ڕێگاچارە خۆ بەدەستەوەدانە. ئەگەر خۆشت بەدەستەوەدا ئەوا ئیدی هیچ هێزێکی مرۆیی توانای ڕزگار کردنی تۆی نیە. ئەوەی لەم کاتەدا بەمێشکمدا دێت هەر ئەمەیە کە گوتم.

لەم كاتەدا ژمارەیەكی زۆری خەڵك لەبەردەم میلە ئاسنەكان كۆببونەوە. لەبەر ئەوەی كە نەیدەویست ببێتە هۆكاری پەكخستنی كاروباری هاوڕێكەی ، هەستا و خودا حافیزی كرد.

میخائیل ئۆریانیجیش دوای ئەوەی جارێكی تر بەڵێنی شەرەفی لێوەرگرت كە بخرێتە ژێر چاودێریەوە لەنەخۆشخانە ، هەتا بەردەرگای دەرێ بەڕێی كرد.

دەمەدەمی عەسری ئەو ڕۆژە ، خۆبۆتۆف كە باڵتۆیەكی كورتی چەرمی لەبەردابو و پێڵاوی پاژنەبەرزی لەپێدابو، بەبێ ئەوەی ئاگاداری هیچ شتێك بێت ، هاتە سەردانی ئەندرێی یڤیمیچ و بەدەنگێكی واوە كە وەك ئەوەی شەوی پێشتر هیچ ڕوینەدابێ ، گوتی: هاوكاری خۆشەویست ، بۆ چارەسەر كردنی كێشەیەك هاتومەتە خزمەتت تا بۆ كۆبونەوەیەكی ڕاوێژی پزیشكی بانگت بكەم. لەگەڵم دێییت؟

ئەندرێی یڤیمیچ ، بە بۆچونی خۆی واتێگەیشت لەوانەیە خۆبۆتۆف بیەوێ هەوایەكی پاكی پێ هەڵمژێ و برێك سەرگەرمی بكات ، یان لەوانەشە مەبەستی بێت پیرەدكتۆر شتێكی چنگ بكەوێ.

لیباسەكانی لەبەر كرد و پێكەوە وەدەركەوتن.

ئەندرێی خۆشحاڵ بو لەوەی كە سەرەنجام هەلێك هاتبوە پێش و ببوە هۆكاری ئاشتبونەوەیان و دەرفەتێك بو تا قەرەبوی كارە ناپەسندانەكانی شەوی ڕابردوی خۆی بكاتەوە. وەلەناخی دڵیشیەوە سوپاسی خۆبۆتۆفی دەكرد كە تەنانەت ئاماژەیەكی بچوكیشی بە ڕوداوەكەی شەوی پێشتر نەكرد ، پێدەچێ بەزەیی بە پیرەدكتۆردا هاتبێتەوە. ئاخر ئەو هەمو لێبوردەیی و گەورەییە لەو پیاوە نارۆشنبیر و تێنەگەیشتوە نەدەوەشایەوە.

ئەندرێی یڤیمیچ پرسی: ئەدی كوا نەخۆشەكە لە كوێیە؟

: لەنەخۆشخانەیە ... لەمێژبو دەمویست نیشانی بەڕێزتی بدەم ... کارێکی زۆر باشە.

هەردوکیان گەیشتنە حەوشەی نەخۆشخانە ، لە باڵەخانەی سەرەکی نەخۆشخانە تێپەڕین و بەرەو لای بەشی نەخۆشە دەرونیەکان – ژوری ژمارە شەش – کەوتنەڕێ.

ڕون نەبو ئاخۆ لەبەرچی بەرێگاوە هیچ قسەیەکیان لەگەڵ یەکتردا نەکرد. هەرکە گەیشتنە ئەوێش نیکیتا – وەك خوی هەمیشەیی خۆی – بەپەلە هەستایە سەرپێ و قیت ڕاوەستا. خۆبۆتۆف لەکاتی چونەژورەوەیدا لەگەڵ پیرە دکتۆر ، بەهێواشی گوتی: یەکێك لەمانە سیەکانی نەخۆشە ، فەرمو تۆ لێرە دانیشە ، من دەچم (ستۆسکۆپ)(*) ێك دێنم و دەگەڕێمەوە.

---

(*) ( ستۆسکۆپ) ئامێرێکە بۆ تایکاری و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی دڵ و سیەکان.

## ١٧

دەمەدەمی ئێوارە بو ، ئیڤان دیمتریچ لەسەر جێگا خەوەکەی ڕاکشابو و ڕوخساری خۆی بە سەرینەکەوە چەسپاندبو. کابرای ئیفلیج ، بێ جوڵە دانیشتبو و وردە وردە دەگریا و لێوەکانی تەتەڵەی دەکرد . کابرا لادێییە زلەکە و کارمەندی پێشوی پۆستە ، هەردوکیان پرخەی خەویان دەهات. بێدەنگی ژورەکەی گرتبۆوە.

ئەندرێی ڤیمیچ لەسەر لێواری جێگا خەوەکەی ئیڤان دیمتریچ دانیشتبو و چاوەڕوانی گەڕانەوەی خۆبۆتۆڤ دەکرد. نیو کاژێر تێپەڕی ، بەڵام لەبری خۆبۆتۆڤ ، نیکیتای پاسەوان بەخۆی و بەدلەیەکی تایبەت بە نەخۆشان و دەستێك جلوبەرگی ژێرەوە و جوتێك سۆلەوە کە خستبونیە بن هەنگڵی ، وەژورکەوت و گوتی: فەرمو بەڕێزم ئەم جلوبەرگانە لەبەرکە.
پاشان بەئاماژەکردن بۆ جێگاخەوێکی چۆڵ – کە پێدەچو کاتژمێرێك زیاتر نەبێ هێنابێتیانە ژورێ – درێژەیدایە: ئەمەش جێگای نوستنت ، دڵتەنگ مەبە ! بەئومێدی خودا چاکدەبیتەوە.
ئەندرێی ڤیمیچ ، درکی بە هەمو شتێك کرد ، بەبێ ئەوەی ورتەی لەدەم بێتەدەرێ ، بەرەو لای ئەو جێگاخەوەی کە نیکیتا ئاماژەی پێکردبو ڕۆیشت و لەسەری دانیشت. بەڵام کاتێ بینی نیکیتا بەدیاریەوە ڕاوەستاوە و چاوەڕوانە ، بێ دواکەوتن هەستایە سەرپێ و خۆی ڕووتکردەوە. شەرمی لەو ڕوتوقوتیەی

خۆی دەکرد. پاشان دەستی کرد بە لەبەرکردنی ئەو لیباسانەی نیکیتا بۆی هێنابو. بیجامەکەی زۆر کورت و ژێرکراسەکەشی زۆر درێژ بو ، بەدلە تایبەتیەکەش بۆنی ماسی دودی لێدەهات. نیکیتا جارێکیتر دوبارەی کردەوە: بەئومێدی خودا چاك دەبیتەوە و پاشان لیباسەکانی پێشوی ئەندرێی هەڵگرت و نایە بن هەنگڵی و چوە دەرەوە و دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست.

پاش ڕۆیشتنی ئەو ، ئەندرێی ێڤیمیچ بەشەرمەوە بەدلە تایبەتیەکەی لەخۆیەوە پێچا و خۆی لەنێو ئەو پارچە قوماشەدا بە زیندانیەك هاتە بەرچاو ، بیری کردەوە: ( جیاوازی نیە ... چ ڕودەدا ئەگەر ئەمەت لەبەردابێت؟ چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ فراك و فەرەنجدا؟ ...).

بەلأم کاتژمێرەکەی چی بەسەر هاتبو؟ ئەدی ئەو دەفتەرە چکۆلەی کە یاداشتەکانی ڕۆژانەی خۆی تێدا دەنوسینەوە؟ ئەدی کوا قوتوی جگەرەکەی؟ نیکیتا لیباسەکانی ئەوی بردبونە کوێ؟ ئێستا ئیدی پێدەچێ تا لەژیاندا ماوە نەتوانێ جارێکی تر چاکەت و پانتۆڵ لەبەرکات و پێڵاو لەپێی خۆیدا ببینێ. ئەوەی کە ڕویدابو بە سەرەتای کارێکی زۆر سەیر دەچو و مرۆڤ نەیدەتوانی شتێکی ئەوتۆی لێ هەڵکرێنێ.

ئەندرێی ێڤیمیچ ، هێشتا لەسەر ئەو باوەڕە بو کە هیچ جیاوازیەك نیە لەنێوان خانوەکەی بلۆڤایای بێوەژن و ژوری ژمارە شەشدا ، چونکە تەواوی دونیا و هەرچی هەیە و نیەی بە شتێکی پوچ و بێ واتا دەزانی ، کەچی سەرباری ئەوەش دەستەکانی دەلەرزین و قاچەکانی سڕ ببون و کە وەبیریشی دەکەوتەوە لەوانەیە ئیڤان دیمتریچ بەم زووانە لەخەو هەستێ و ئەو لەنێو جلوبەرگێکی لەم شێوەیەدا ببینێت ، ترسی لێدەنیشت. دواتر هەستایە سەرپێ ، چەند خولەکێك هاتوچۆی کرد و جارێکیتر دانیشتەوە. نیو کاژێر و

جارێكی تر نیو كاژێری تر لەهەمان جێگا دانیشت ، وەختبو لەخەفەتا شەقبەرێ.
ئاخر چۆن دەكرێ مرۆڤ بتوانێ وەك ئەمانە ڕۆژێك یان هەفتەیەك یان تەنانەت سالێ لێرە بەرێتە سەر؟ دانیشتبو ، دواتر هەستا و هەندێك پیاسەی كرد و جارێكی تر دانیشتەوە. لەم ژورەدا مرۆڤ دەتوانێ بچێتە بەر پەنجەرەكە و بڕوانێتە دەرێ ، دوبارە لەمسەر بۆ ئەوسەری ژورەكە پیاسە بكات ، بەلاّم دواتر چی؟ دەكرێ بەردەوام وەك پەیكەر بێ جوولّە دانیشێ و بیربكاتەوە؟ نەخێر ، ئەمە ناكرێ!
دواتر لەسەر جێگاخەوەكەی ڕاكشا ، بەلاّم هەر زوو هەستایەوە سەرپێ ، ئەو ئارەقە ساردەی كە بەتەوێلّیەوە نیشتبو بە قۆلّی سڕیەوە و لەوكاتەدا وایهەستكرد كە ڕوخساری بۆن ماسی دودی گرتووە. لەجێگا خەوەكەی هاتەخوارێ و هەندێك پیاسەی كرد و لەحالّێكدا كە دەستەكانی بەنیشانەی سەرسوڕمان ڕادەوەشاندن ، گوتی: حەتمەن لێك تێنەگەیشتنێك لەئارادایە... دەبێ لەوبارەیەوە قسەبكرێ ... دەبێ بۆیان ڕون بكەمەوە ... شتی وا مەحالّە دەبێ لێك تێنەگەیشتنێك هەبێ...

لەم كاتەدا ئیڤان دیمتریج لەخەو هەستا ، لەسەر جێگاخەوەكەی دانیشت و دەستەكانی بەڕومەتیەوە نوساندن و تفێكی كرد ، دواتر سەرنجێكی ماندوانە و بێحالّی گرتە دكتۆر و دیاربو سەرەتا دركی بە بابەتەكە نەكرد. بەلاّم پاش ماوەیەكی كەم ، شەكەتیی و ماندویی لەڕوخساریدا ، جێگای خۆیاندایە ڕق و تەوس. یەكێك لە چاوەكانی داخست و بەدەنگێكی گیراو و خەوالّوەوە گوتی: بەهـ! بەهـ ! ئەوە تۆشیان هێنایە ئێرە گیانەكەم! بەڕاستی خۆشحالّم

سەردەمانێك تۆ خوێنی خەڵكت دەمژی و ئێستاش نۆرەی خەڵكانی ترە خوێنی تۆ بمژن. شتێكی نایابە.

ئەندرێی ێڤیمیچ ، لەو قسانە توشی ترس و پەشۆكان بو و گوتی: ئەمە تەنیا لێك تێنەگەیشتنێكە ... دواتر شانەكانی هەڵتەكاندن و دوبارەی كردەوە: تەنیا لێك تێنەگەیشتنێكە ....

ئیڤان دیمتریچ ، جارێكی تر تفی كردەوە و لەسەر جێگاخەوەكەی ڕاكشا و لەژێر لێوەوە گوتی: نەفرەت لەم ژیانە! جێگای داخ و پەژارەیە مرۆڤ لەبەرابەر ئەو ڕەنج و كوێرەوەریانەی كە لە ژیاندا دوچاریان دەبێتەوە ، پاداشتەكەی مردن بێت ، نەك دیتنی دیمەنێكی بەشكۆی ئۆپێرایی. لە كۆتاییەكی لەو چەشنەشدا نۆرە دەگاتە سەر لادێییەكان كە بێن و دەست و قاچی مەیتەكە بگرن و بەڕاكێش ڕاكێش ببەن و بیخەنە ژێر گڵەوە. ئۆف! بەڵام ئەمە گرفتێك نیە ... بەشی ئێمەمانان ، خۆشیەكانی ئەودنیایە ... من دەبمە تارماییەك و دەگەڕێمەوە ئێرە تا ئەو چەپەڵانە بتۆقێنم ، ناچاریان دەكەم پیر بن و موەكانی سەریان پیٚ سپی دەكەم.

لەم نێوەدا مویسیكای یەهودی وەژور كەوت و هەركە چاوی بە دكتۆر كەوت ، دەستی بەرەو لای ئەو درێژ كرد و گوتی: خێرێكم پێبكە!

## ١٨

ئەندرێی ێڤیمیچ چوە بەر پەنجەرەکە و چاوی برییە دەشتەکە. دنیا خەریکبو وردە وردە تاریك دادەهات. لەلای ڕاستیەوە نیوەمانگ سارد و سورهەڵگەڕاو ، هێدی هێدی لە ئاسۆوە سەری دەردێنا و بەرز دەبۆوە. لە مەودایەکی کە ئەوپەڕی دوسەد مەتر زیاتر نەدەبو لە حەوشەی نەخۆشخانەکەوە ، بینایەکی بەرز و سپی کە دیوارەکانی لەبەرد بون ، بەرچاو دەکەوت. ئەمە بینای زیندانی شار بو. ئەندرێی ێڤیمیچ کەوتە بیرکردنەوە: ( ئەمەش ڕاستیەکە ! ).

ترس ، سەرتاپای جەستەی گرتەوە. هەمو شتێك ترسێنەر خۆی نیشان دەدا ، هەم نیوەمانگ ، هەم بینای زیندان ، هەم بزمارەکانی پلیکانەکە ، هەم بڵێسە و تیشکی کارخانەی هێلم دروستکردنەکە ... لەناکاو لەپشتیەوە ئاهێك هەڵکێشرا. ئەندرێی ێڤیمیچ سەری بۆ دواوە وەرسوڕاند و پیاوێکی لەبەرامبەر خۆیدا بینی کە کۆڵێك مەدالیا و نیشانە بەسەر سینگیەوە دەدرەوشانەوە. کابرا زەردەیەکی بەسەر لێوەوە بو و فیڵبازانە چاوی دەتروکاند. ئەم دیمەنەش بەلای پیرەدکتۆرەوە ترسێنەر بو.

هەوڵیدا بەخۆی بسەلمێنی کە نە نیوەمانگ ترسێنەرە ، نە بینای زیندان. هەوڵیدا خۆی بێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو مرۆڤانەی شێتیش نین مەدالیا بەسینگی خۆیانەوە هەڵدەواسن. دەیویست بێتە سەر ئەو باوەڕەی کە تێپەڕینی ڕۆژگار هێدی هێدی شتەکان دادەڕزێنی و دەیانکاتەوە خۆڵ ، بەلاّم لەناکاو توشی نائومێدی بو. دواتر بەهەردو دەستی چنگی لە میلەئاسنەکانی

پەنجەرەکە گیرکرد و بەتەواوی هێز و تینی بازووەکانی ، کەوتە ڕاتەکاندیان. بەلاّم میلەئاسنەکان نەبزوان. زۆر بەهێزتر بون لەوەی بەو جۆرە بشکێن و هەلّکەندرێن. دواتر بەو مەبەستەی بڕێك لەو ترس و خۆفەی خۆی کەم بکاتەوە ، بەرەو لای جێگاخەوەکەی ئیڤان دیمتریج ڕۆیشت و لەسەری دانیشت. لەحالّێکدا کە سەرتاپای جەستەی دەلەرزی و ئارەقەی تەوێلّی خۆی دەسڕی ، لەژێر لێوەوە گوتی: من لە دەرونەوە تێکشکاوم ... بەلّی لەدەرونەوە تێکشاوم.

ئیڤان دیمتریج ، بەتۆنێکی تێکەلّ بە تەوس و گالّتەجاڕیەوە ، وەلاّمی دایەوە: ئێ باشە ! ئەدی چۆنە هەندێك قسەی فەلسەفییانەمان بۆ بکەیت.

پیرەدکتۆر ، بەتۆنی دەنگی کەسێك کە بیەوێ بگری ، یان بیەوێ سۆزی کەسی بەرامبەر بجولّێنێ ، گوتی: ئای خودای من ، ئای خودای من ... بەلّێ ، بەلّێ ... بیرمە ڕۆژێکیان گوتت هەرگیز فەلسەفە لە ڕوسیادا بونی نیە کەچی هەر لەم ڕوسیایەشدا هەمو کەسێك و تەنانەت مرۆڤە نزم و پوچەکانیش قسەی فەلسەفیانە دەکەن. بەلاّم خۆ قسەی فەلسەفیانەی ئەم تەرزە کەسانە زیانی بۆ هیچ کەس نیە. لەم حالّەدا ئەم پێکەنینە ڕقاویە لەپای چیە گیانەکەم؟ کاتێ مرۆڤێکی بێ نرخ ، خۆشبەخت و ڕازی نەبێ ، بۆچی قسەی فەلسەفیانە نەکات؟ مرۆڤێکی بەهەست و خوێندەوار و سەربەرز و ئازادیخواز ، مرۆڤێك کە لەخودا دەچێ هیچ ڕێگاچارەیەکی تری لەبەردەم دا نیە جگە لەوەی وەك حەکیمباشیەك بچێتە شارێکی بچوك و پیس و دواکەوتوو و تەمەنێك ژیان لەگەلّ کەمۆلّە و کرم و زالو و لەگەنی پیساییدا بەسەرببا ! ئەمە ئەوپەڕی حۆقەبازی و کورتبینی و ناکەسەبەچەییە ! ئاه ، ئای خودایە !

: تۆ خەریکی قسەی بێهودە و پوچیت. ئەگەر ڕقت لەپیشەی دکتۆری دەبۆوە هۆکارەکەی لەوەوە سەرچاوەی گرتبو کە چاوت لە شتی گەورەتر بو و دەتویست ببیە وەزیر.

: نا ، نەدەکرا ... من کەسێکی لاواز و بێ توانام گیانەکەم ، من مرۆڤێکی بێباك بوم ، بەشێوەیەکی مەنتیقیی هۆشیارانە مامڵەم لەگەڵ بابەتە جیاوازەکاندا دەکرد. بەڵام هەرکە ژیان ڕوی گرژی خۆی نیشاندام لە دەرونەوە تێکشکام ... ئەمە پێیدەڵێن (پرۆستراسیۆن) (*) . بەڵێ ئێمە مرۆڤەلی لاواز و بێ سودین ... تۆش هەروایت ئازیزم ... تۆ مرۆڤێکی خاوەن هەست و ڕەسەنزادەیت و ئاکارە باش و پەسندەکان لەگەڵ شیری دایکتدا چۆتە نێو ناختەوە. بەڵام هەرکە قاچت خستە مەیدانی ژیانەوە ، ماندو بویت و نەخۆش کەوتیت ... بەڵێ تۆش لاوازیت لاواز!

لەگەڵ گەیشتنی شەودا ، سەرباری ترس و هەستکردن بە خنکان ، شتێکی تریش بەردەوام لەناخەوە ئازاری دەدا. سەرەنجام بۆی دەرکەوت ئەمەیان لە ئەنجامی نەخواردنەوەی بیرە و نەکێشانی جگەرەیە – کەڕۆژانە خوی پێوە گرتبون. دواتر ڕویکردە ئیڤان دیمتریچ و گوتی: من لێرە نامێنم گیانەکەم ... داوا دەکەم چرا بێننە ئێرە ... من توانای هەرسکردنی ئەم ڕەوشەم نیە ... دواتر بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت و کردیەوە بەڵام نیکیتا لەچاوتروکانێکدا هەستایە سەرپێ و پێشی پێگرت و گوتی: بۆ کوێ؟ ناکرێ بڕۆیت! پێمگوتی کە ناکرێ!

---

(*)(پرۆستراسیۆن) لاوازی جەستەیی و دەرونی . کەدوای نەخۆشیە سەختەکان و ماندوێتی زۆر و برسێتی درێژخایەن دوچاری مرۆڤ دەبێ.

دکتۆر بەدەستەپاچەییەوە وەلآمی دایەوە: من دەمەوێ لەنێو حەوشەکەدا برێك پیاسەبکەم ، تەنیا خولەکێك!

: ناکرێ! مۆڵەتی ئەوەم نەدراوەتیێ! خۆت لەمن باشتر دەزانیت. ئەمەی گوت و بەتوندی دەرگاکەی داخست و پشتی دایەبەری.

پیرەدکتۆر شانەکانی هەڵتەکاندن و پرسی: ئایا چونەدەرەوەی من هیچ زیانێك بە کەس دەگەیەنێت؟ هیچ سەر لەم شتانە دەرناکەم. دواتر بەدەنگێکی لەرزۆکەوە لێی زیادکرد: نیکیتا گوێبگرە! من دەبێ لێرە بڕۆم ، وادەخوازێ لێرە بڕۆم!

نیکیتا ، بە سوربون پێداگریەوە گوتی: تکایە پشێوی و نائارامی دروست مەکە! کارێکی باش نیە!

لەم کاتەدا ، لەناکاو ئیڤان دیمتریچ لەجێگای خۆی قیت بۆوە و هاواری کرد: ئەمە چ گاڵتەجاڕیەکە؟ ئەو مافی ئەوەی نیە ڕێگامان لێ بگرێت! چۆن دەتوانێ لێرە بەندمان بکات و ڕێگای چونەدەرەوەمان پێنەدا؟ تا ئەو شوێنەی من ئاگادارم بەڕونی لە یاسادا ئاماژە کراوە بەوەی کە ئازادی لە کەس زەوت ناکرێ ، تەنیا بە بڕیاری دادگا نەبێت. ئەمانە ستەم لە خەڵك دەکەن.

ئەندرێی یڤیمیچ ، کە لەقسەکانی ئیڤان دیمتریجەوە گیانێکی تری بەبەردا هاتبۆوە و بوێری پەیدا کردبو ، گوتی: ڕونە کە ستەم لە خەڵك دەکەن ، من پێویستم بەوەیە ... پێویستم بەوەیە بچمەدەرێ! ئەو مافی ئەوەی نیە ، پێتدەڵێم دەرگاکە بکەرەوە!

ئیڤان دیمتریچ مستێکی کێشا بە دەرگاکەدا و نەڕاندی: بیکەوە حەیوانی گەمژە ، ئەوە گوێت لێ نیە؟ دەرگاکە بکەرەوە ئەگینا دەیشکێنم هەی خوێنرێژ.

پیرەدکتـۆریش کـە سـەرتاپای جەسـتەی دەلـەرزی ، هـاواری کـرد: دەرگاکـە بکەوە ! داوات لێدەکەم دەرگاکە بکەوە !

نیکیتا لەودیوەوە وەڵامی دایەوە: بۆ خۆت هەربڵێ ، هەر بڵێ تا ...

: هەرنەبێ برۆ بانگی یۆگینی فیۆدۆرۆڤیج بکـە بـا بێتـە ئێـرە ! بـەناوی منـەوە پێی بڵێ ... تەنیا خولەکێك !

: بەیانی بۆخۆی دێتەئێرە.

لەم نێوەدا ، ئیڤان دیمتری کە سـەرگەرمی درێـژەدان بـە قسـەکانی خـۆی بـو: هـەرگیز لێـرە دەرماننـاکـەن ! لێـرەدا دەمانهێڵنـەوە تـا دادەڕزێیـین ، خودایـە مەگـەر دەکـرێ لـەودنیا دۆزەخێـك نـەبێ و ئـەم نەفرەتیانـە سـزای خۆیـان وەرنـەگرن؟ ئـەدی کەوایـە سـۆز و بـەزەیی و دادوەریـی تـۆ لەچـیدایە ؟ دواتـر قورسایی جەستەی خستەسەر دەرگاکە و بەدەنگێکی نوساوەوە هـاواری کـرد: دەرگاکە بکەرەوە چەپەڵ ! خەریکە دەخنکێم ! نەیکەیتـەوە ئـەگینا ئەوەنـدە سەرم دەکێشم بە دەرگاکەدا تا پارچە پارچە دەبێت ! هەی پیاوکوژینە !

نیکیتـا وەك برووسـکە ڕاپـەڕی و دەرگاکـەی کـردەوە و بەهـەردو دەسـت و چۆکێکی ئەنـدرێی ێڤیمیچـی فرێدایـە لایـەك و دواتـر دەسـتی بـردە دواوە و تـا هێزی تێدابو مستێکی سرەواندە دەموچاوی.

پیرەدکتۆر سەری بەگێژەوە هات ، وای مەزەندە کرد شەپۆلێکی سوێر و بەهێز – چەشنی ئاوی سوێری دەریا – ڕایماڵیوە و هەڵیداوەتە سەر بەردەلانـەکانی کـەنار. لەڕاسـتیدا تـامێکی سـوێریش لـەنێو زاری دەهـات. دەسـتەکانی بـە چەشنێك ، وەك ئەوەی بیەوێ مەلە بکات ، لەهەوادا ڕادەوەشاندن و چنگی لـە یەکێك لە جێگاخەوەکان گیرکرد. دروست لەساتی ئـەو ئـازارەدا ، هەسـتی بـە

زەبری دو مستی تریش کرد کە بەر پشتی کەوتن. ناڵەی بەئازاری ئیڤان دیمتریج هاتە بەرگوێ. پێدەچو ئەویش کەوتبێتە بەر شەق و تێهەڵدان.

ماوەیەك دواتر بێدەنگی حوکمڕانیی ژورەکەی دەکرد. ڕوناکی ڕەنگپەڕیوی مانگەشەو ، لەنێو میلە ئاسنەکانی پەنجەرەکەوە دەڕژایە ژورێ و سێبەرێکی خەت خەت ، چەشنی تۆڕێك بەسەر زەوی ژورەکەدا پان ببۆوە. بەڕاستی ترسێنەر بو.

ئەندرێی ێفیمیچ ڕاکشا و هەناسەی لە سینگی خۆیدا قەتیس کرد ، بەترس و لەرزەوە چاوەڕوان بو جارێکی تریش بیدەنەوە بەر شەق و تێهەڵدان. دەتگوت داسێکیان چەقاندۆتە نێو جەستەیی و چەندین جار بەنێو گەدە و سیەکانیدا بایانداوە. لەتاو ئازار گازی لە سەرینەکەی دەگرت.

لەناکاو لەنێو ئەم بیرکردنەوە زاڵانەی نێو مێشکیدا ، ئەندێشەیەکی مەترسیدار و لەشکان نەهاتو ، بەڕونیەکی تەواوەوە ، بەمێشکیدا گوزەری کرد ، بەخۆی گوت: ( ئەم مرۆڤانە – کە ئێستا لەبەر ڕوناکایی مانگەشەودا بە سێبەرێکی ڕەش دەچن – بەدرێژایی ئەم چەند ساڵەی لێرە ماونەتەوە ، ئەم ئازارەیان ڕۆژ بە ڕۆژ و سات بە سات چەشتوە و تەحەمول کردوە. زۆرم بەلاوە سەیرە چۆن لەو بیست ساڵەدا نەمتوانیوە و نەمویستوە درك بەم بابەتە بکەم؟).

ئەو ، ژان و ئازاری نەدەناسی و تێی نەدەگەیشت ، لەم ڕووەوە خۆی بە کەمتەرخەم نەدەزانی ، بەڵام ویژدانی – کە چەشنی نیکیتا گرژ و سەر سەخت و خۆپەرست بو – فەرمانی پێدا و ئاگاداری کردەوە تا سەرتاپای جەستەی شەلاڵی ئارەقە بێت و هەست بە سەرەگێژکە بکات. دواتر بەپەلە هەستا. حەزی دەکرد هەمو هێز و توانای خۆی لە هاوارێکی بەرزدا کۆکاتەوە و لەژورەکە بچێتە دەرێ تا نیکیتا و دواتر خۆبۆتۆف و بەرپرسی دارایی و

یاریدەدەر و سەرەنجام خۆشی بکوژێ. بەڵام هیچ دەنگێک لە سینەیەوە نەهاتە دەرێ و قاچەکانیشی گوێڕایەڵییان نەکرد. لەحاڵێکدا کە خەریکبو هەناسەی ڕادەوەستا ، چنگی لە یەخەی بەدلە و کراسەکەی گیر کرد و دایدڕاند و لەهۆش خۆی چو و کەوتە سەر یەکێك لە جێگاخەوەکان.

**١٩**

بـەیانی ڕۆژی دواتـر سەریەشـەکی قـورس دایگرتبـو و لـەنێو گوێچکەکانیشـیدا دەنگـی هاشـەهاش دەهـات. لەسـەرتاپای جەسـتەیدا هەسـتی بـە شـەکەتی و ماندوێتی دەکرد. شەرمەزاری لاوازیی و داماویی شـەوی ڕابـردوی خـۆی نـەبو. بـەڵکو دوێـنێ شـەوێ توشـی تـرس و لاوازیـی دەرونیـی ببـو. تەنانـەت لـە مانگەشـەویش ترسـابو. ئـەو ، بیرکردنەوەیـەکی – لـەو جـۆرە ئەندێشـە ناخۆشانەی مرۆڤە نزم و بێ نرخ و فەلسەفەهۆنەکان – ی ڕاسـتگۆیانە بـەزاردا هاتبو. کە پێشتر هیچ کاتێك شتی لەوشێوەیەی لەخۆیدا بەدی نـەکردبو. بـەڵام ئیدی شتەکان بەلای ئەوەوە هیچ جیاوازیەکیان نەبو.

نە هیچی دەخوارد ، نە هیچـی دەخـواردەوە. بـێ جوڵـە ڕاکشـابو و بێـدەنگی هەڵبژاردبو. هەرکاتێ بکەوتایەتە ژێرپرسیارەوە بەخۆی دەگوت: ( هەمو شتێك بۆ من وەکیەکە. وەڵامی هیچ شتێك نادەمەوە ... هەموی بۆ من وەکیەکە).

پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ، میخائیل ئۆریانیچ هاتە سەردانی و نزیکەی سەد گـرام چای وشك و چوارسەد گرام شـیرنیی بـۆ هێنـا. داریۆشـکاش هاتـە سـەردانی و بەڕوخسارێکی ماتـەمبارەوە نزیکـەی کاژێرێـك بـەدیار چـارپاکەیەوە ڕاوەسـتا. دواتریش سەروکەللەی خۆبۆتۆف پەیدا بو و شوشەیەکی پڕ لە برێم دو پۆتاسی لەگەڵ خۆیدا هێنابو و فەرمانیدا بە نیکیتا بخورێك لە ژورەکەدا داگیرسێنێ.

دەمـەدەمی ئێـوارەی هـەمان ڕۆژ ، ئەنـدرێی یڤیمـیچ لـە ئـەنجامی سـەکتەی مێشـکدا گیـانی سـپارد. سـەرەتا هەسـتی بـە لـەرزێکی قـورس کـرد و دڵـی

هەڵدەشێوا. وای هەستدەکرد شتێکی قێزەون بەنێو تەواوی جەستەیدا و بەنێو پەنجەکانیدا ڕێدەکا و لەگەدەیەوە بەرەو سەریٚ هەڵدەکشێ و بەنێو گوێچکە و چاوەکانیدا بڵاودەبێتەوە. ڕەنگێکی مەیلەو سەوز چاوەکانی پڕ کردبو. لەوکاتەدا هەستی کرد دوایین ساتەکانی ژیانیەتی و بیری کەوتەوە کە ئیڤان دیمتریچ و میخائیل ئۆریانیچ و ملیۆنان کەسی تر باوەڕیان بە نەمریی هەیە. ناکا ئەبەدیەت ڕاستیەك بێت؟ بەڵام ئەو خۆی هیچ کاتێك بەدوای نەمریەوە نەبو بەڵکو تەنیا هاکەزایی بیری لێکردبۆوە ، مێگەلە بزنێکی زۆر جوان کە شەوی پێشتر وەسفیانی لە کتێبێکدا خوێندبۆوە ، بەتەنیشتیدا تێپەڕین. دواتر ژنێکی لادێیی نامەیەکی بەمەبەستی ڕەوانەکردن بۆ ڕاداشت ... میخائیل ئۆریانیچ شتێکی گوت و پاشان هەمو شتێك لەبەرچاوی ون بو و ئەندرێی یڤیمیچ بۆ هەتایە چاوەکانی لێکنان.

کارمەند و کارگوزارەکانی نەخۆشخانە هاتن و تەرمەکەیان هەڵگرت و بردیانە نوێژگا. بەچاوانی کراوەوە لەسەر زەویەکە کەوتبو ، ڕوناکایی مانگ دەڕژایە سەر تەرمەکەی.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر سێرگی سێرگییێڤیچ هاتە نوێژگا و لەبەرامبەر خاچەکەدا ڕاوەستا و ڕاهیبانە کەوتە نزا خوێندن و چاوەکانی بەرپرسی پێشوی خۆی داخست.

لە ڕۆژی سێیەمدا بەخاکیان سپارد. تەنیا میخائیل ئۆریانیچ و داریۆشکا لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنیدا ئامادەبون.

سەرچاوە/ مجموعه اثار چخوف/ داستانهای کوتاه / ترجمه سروژ استپانیان/ جلد چهارم / سال ١٣٨٩/ انتشارات توس